دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

دەریدەکات

# دواڕۆژ

ژمارە (٩٣) ساڵی هەشتەم

٢٠٢٠/٠٨/٠١ - ١١ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

نرخ: ٥٠٠ دینار

dwaroj@komala.com

# شەپۆلی هێرش بۆ سەر خەڵک و ئێعدامی چالاکان و بەشداربووانی ڕاپەڕینەکانی زستانی ٩٦ و پائیزی ٩٨ بەردەوامە

## سەروتار

### چەپی کوردستان لە دووتوێ گۆڕانکارییەکاندا

**فیروز مامۆیی**

لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ناوخۆ، چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و هەم لە ئاستی گشتی جیهانیشدا لەگەڵ قەیرانێکی قووڵی مەشروعیەت بەرەوڕوو بووەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە هۆی چالاکیە تێکدەرانە و مەترسیدارەکانی بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەم دیو و ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، زیاتر لە هەمیشە تەریک و تەنیا کەوتووەتەوە.

هەروەتر بە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتی ٤٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی زۆرینەی کۆمەڵگای لە گەڵ نابەرابەری، هەژاری و بێکاری و کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان لە چنگ ژمارەیێکی کەم و داسپاندنی ژیانێکی مەمرەومەژی بەر سەر بەشی گەورەی خەڵک، ڕووبەڕوو کردووە، و بە هۆی ئەوەیکە ئەو وڵاتە لە هەموو کەرتە کشتوکاڵی، پیشەیی و بەرهەمێنانەکانەوە ژێرخانی ئابووریەکەی تووشی داڕمان و هەڵوەشاندنەوە هاتووە، ئەگەری سەرهەڵدانێکی جەماوەریی بەهێز لە ئارادایە کە پێ دەچێت ڕژیم تا لێوارەکانی ڕووخان پاڵ پێوە بنێت. لە دوو ساڵی ڕابردووش بە دوو ڕاپەڕینی مەزن لە زستانی ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خستە مەترسییەکی گەورە و بێوێنە. ئێستاکەش هەر لە بەردەوامی نارەزایەتی کرێکاران لە هەفت تەپە تا بازاڕیەکانی قشم و جەماوەری بێهبەهان، خۆڕاگری زیندانییەکان و شەپۆلی گەورەی نارەزایەتی لاوان و ژنان و خۆڕاگری کوردستان، ئەم ڕەوتی ڕووخانە دەستی پێ کردووە. ئەم دۆخە ئاڵۆزە و ئەگەرەکانی لە خۆیدا هێزی چەپ و سوسیالیست و پێشکەوتنخواز بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر و زیاتر لە هەموو کات ئەرکدار دەکات و ڕەساڵەتێکی گەلێک مەزنتر لە هەمیشە دەخاتە ئەستۆی. و بۆ ئەوەی ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان بە عاقارێکدا ڕێنوێنی بکات کە چینی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی هەژار وەک هێزێ زۆرینەی کۆمەڵگا ڕێک بخات تا لە دوارۆژدا هەمووان و بەتایبەت کرێکاران و زحمەتکێشان لە سێبەری ژیان و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و شایانی مرۆڤی سەردەم بحەسێنەوە.

لە واقعی خۆیدا و دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە هۆی کاریگەریی هێزە چەپەکان و لە سەرەوەی هەموویانەوە کۆمەڵە، بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چۆنایەتی و ناوەڕۆکدا، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی پێشکەوتنخواز بووە و چەمک و مەکاتبێکی مودێڕن و سەردەمیانەی وەکوو فێمێنیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیالیزم، ئۆمانیزم و هتد... کە خزمەتێکی بەرچاویان بە بلووغی فکری و سیاسی هەموو مرۆڤایەتی لە ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانە گەیاندووە، لە کوردستانیشدا چڕۆ و باڵایان کردووە و ڕاگرتنی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لەم قاوخ و قەوارە مۆدێڕن و پێشکەوتووە، ئەرکێکی قورس بەڵام گرینگە، کە هێزە چەپ و عداڵەتخوازەکان دەبێ بە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان بی پارێزن.

لەم قۆناخە کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێز و توانایی خۆیەوە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی مەشروعیەت و ڕزگاربوون لە مەترسیەکانی ڕووخان پەلەقاژێ دەکات، زیاتر لە هەموو تەمەنی پەنگ خواردوو لە جینایەتی خۆی، دەستی کردووە بە ڕەشبگیری و ڕەشەکوژی و خولقاندنی لاپەڕەگەلێکی خوێناویی دیکە و لە هیچ کردار و هەوڵێکی دژە مرۆیی دەرحەق بە ئازادیخوازان لە هەموو ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی دەست ناپارێزێت. لە دووتوێ ئەم جینایەتانە کە بە شێوەی ڕۆژانە و بەردەوام کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دەدات، خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەوا و بەرحەقەکەی لە چەقی بەرکەوتنی پڕیشکەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی جێگایان گرتووە و کەمتر ڕۆژێک هەیە هەواڵ و

...بۆ ل ٢




کۆماری ئیسلامی دژوارترین ساڵەکان و ساتەکانی خۆی بەسەر دەبات. قەیرانی هەمە لاینەی ناوخۆیی، قەیرانی مەشروعییەتی نیزام بە گشتی، کێشە ناوخۆییەکانی ناو دەسەڵات کە هەر لە پەرەسەندندایە، ئابووری داڕووخاو، دزی و گەندەڵی باڵەکان و مۆرەکانی سەرەوەی دەسەڵات کە لە هەوڵی حەشاردانی تاڵانەکانیان لە یەکێک لە وڵاتانی دەرەوەن، داسپاندنی بێکاری و هەژاری بێ وێنە بە سەر زیاتر لە ٥٠ میلیۆن خەڵک، چونە سەرەوەی ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام، ژنانی بێ ماڵ و بێ سەرپەنا، لەشفرۆشی و بە گشتی چونەسەری هەموو دیاردە ژانهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان، کۆمەڵگای ئێرانی بەرو هەڵدێر و لێکترازان بردووەو هەموو ئامارەکان دەرخەری ئەم ڕاستیەن کە کۆماری ئیسلامی هیچ هیوایەکی بە مانەوەی خۆی نەماوە.

لەم هەلومەرجەدا کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆدا هار بووە و لە دژی کرێکاران، نەتەوەکان، چالاکانی نێو خۆپیشاندنەکان و زیندانیەکان، لەوپەڕی دڵڕەقی دەستی داوەتە جەنایەت و شەپۆلی ئێعدام و هەرشە لە بنەماڵەکانیان. قەیرانی ناوچەیی و جیهانی، کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەتەواوی لاواز کردووە و ئێعتباری بە کەمترین ڕادەی خۆی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا گەیاندووە. هەموو وڵاتانی جیهان، بە تایبەت چین و ڕووسیە بە جۆرێک و ئورووپا بە جۆرێکی دیکە، خەریکی بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەن کە کۆماری ئیسلامی لە بەر داماوی خۆی شانی بۆ شل کردوون. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنکەی ٤٠ ساڵەی ڕژیم کە سەدان میلیارد دۆلاری بۆ مانەوەی خۆی تێدا خەرج کردووە و هێزێکی گەورەی خۆی بۆ تەرخان کردووە، یەکشەوە بوو بە دوکەڵ. ڕووسیە، لە وڵاتی سووریەدا هەموو خەرجێکی خستە سەر شانی بەڵام ئێستا داماو ماوەتەوە. لە لوبنان بە ئاشکرا بەرەو پاشەکشەی یەکجاری دەڕوات و لە عێراق کە خۆیان پێ حاکمی سەرەکی بوو، سەرۆک وەزیرێکی بێ ناوونیشان و بێ حزب و بێ هێزی چەکدار، تەنگی پێ هەڵچنیون. هەر بۆیە لە کەنداو و «تەنگەی هۆرموز» دەستی داوەتە وەها جەموجوڵێکی نیزامی و موشەکی کە هەواڵنێرییەکانی جیهان بە گاڵتە باسی دەکەن. هەموو ئەمانە دەرخری ئەو ڕاستیەن کە کۆماری ئیسلامی، لە دەرەوەی سنوورەکانی شکستی هێناوەو هەوڵ دەدات بەگشتی کێشەکانی پەلکێشی ناوەوە بکات. هەر بۆیە لەسێدارەدانی خەڵکی بێ تاوان و ڕەشەکوژی، بووەتە پیشەی ئەم دەسەڵاتە نگریس و سەرەڕۆیە.



**هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە:**

**ئاوات و ئارەزووم سازدانەوەی کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردستانی بوو و هەیە، هێزێکی جەماوەریی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستیەتی**

وتووێژێکی ڕاشکاو لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە ( ل ٨ و ٩ )

### گیانلەدەستدانی کۆڵبەرێک لە بەرزاییەکانی نەوسوودی پارێزگای کرماشان

به پێی هەواڵی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، سەر لەبەیانی ڕۆژی پینجشەممە ٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ (٣٠ ژوئیەی ٢٠٢٠)، هێزەکانی سپای پاسداران لە کوێستانەکانی "ملە قەندی" شاری نەوسوود تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و کۆڵبەرێک کوژراوە.

هەواڵنێری هەنگاو لە شاری نەوسود ناسنامەی ئەو کۆڵبەرەی "وەزیر محەمەدی" تەمەن ٢٩ ساڵ و خەڵکی گوندی "حەشمیر" سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی ڕاگەیاندووە. وەزیر خێزاندار و باوکی منداڵێک بووە.



بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار و هەروەها ئەو وێنانەی کە دەست هەنگاو گەیشتووە، وەزیر هێزەکانی سپای پاسداران لە نزیکەوە تەقەیان لێ وەزیر کردووە و سەری ناوبراویان کردووەتە ئامانج.

بە پشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە سەرەتای ئەمساڵی زاینییەوە (٧ مانگ) لانیکەم ٢١ کۆڵبەر لە سنوورەکانی نەوسوود کوژراو و یان بریندار کراون.

**ئەوەی با بچێنێت باهۆز درەو دەکات**
شەهرام وەحدانی (ل٢)

**کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی دیاردەخولقێن**
بێهنام فەتحی (ل٣)

**یادێک لە کۆچی مێژوویی مەریوان**
گەشین سوهرابزادە (ل٣)

**کۆماری سێدارە و خەباتی گەلان**
کاوان موکری (٤)

**ئایا تەنها قەیرانی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی شۆڕش؟**
محەممەد حەکیمی (ل٥)

**نرخی گرانی مانەوەی ڕژیمی ئێران لە دەسەڵات**
گەلاوێژ عەبدیکانی (ل٦)

**ئامانجی سەرەکی داخوازییەکانی کرێکاران: دژایەتی نئۆلیبرالیزمی کۆماری ئیسلامی**
سەدیقزادە سنە ( ل٧)

**وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە**
(ل٨ و ٩)

**ڕوانینی جنسییەتی لە بیۆلۆژیدا**
و: ئەسعەد دروودی (ل١٠)

**مرۆڤ بوون، ژن بوون و کورد بوون لە ئێرانی ئیسلامی تاوانە**
پڕشنگ محەممەدی (ل١١)

**ترامپ، کۆڕۆنا و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکا**
و: ئاروین سەعیدپوور (ل١٢)

**تاران، پایتەختی سێدارە**
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤ و ١٥)

## درێژەی سەروتار

### درێژەی لاپەڕی ١

ڕاپۆرتی دەستگیر کردن، زەخت و گوشار و دەرکردنی حوکمی ناڕەوا و دژە ئینسانی بۆ چالاکانی مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵاتی و ژینگەپارێز و جێ بەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی شۆڕشگێڕەکانی نێو بەندیخانەکان و هەروەها ڕاودوونان و تەقە کردن و کوشتن و بریندار بوون و زەوت کردنی کەلوپەلی کۆڵبەر و کاسبکارانی هەژار و زەحمەتکێش لە سەر سنوورەکان بە گوێ نەگات کە، لە سەر ناچاریی و تەنیا بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان روویان لە پیشەی پڕ مەترسی و خراپی کۆڵبەری و کاسبکاریی لە سەر سنوورەکان کردووە.
کوردستان وەک ٤٠ ساڵی ڕابردوو سەنگەری خۆڕاگریە لە دژی داگیرکەری و سەرکوت و دەتوانین بڵێین کە لە سەرپێ مانەوەی کوردستان، بە هێزی خۆڕاگری و مەقاوەمەتی لە ناوە نەتەوەکانی ئێران و هەر بزووتنەوەیێکی جەماوەری هیوای بەخشییوە. هەر بۆیە کوردستان بۆ ڕژیم مەترسییەکی گەورەیە، ئەم بەرکەوتە و قوربانیدانە بەرینەی خەڵکی کوردستان بێ گومان و بێ هیچ دۆڕدونگیەک، بەشێکی دەرخەری وشیاری سیاسی و بە حزبی بوون و ڕێکخراو بوونی کۆمەڵگای کوردستانە و بەشێکیشی هۆکاری ئەو غەدر و چەوساندنەوە مێژوویی و بەردوامە و هەژار و بێبەش ڕاگرتنی کوردستان بووە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی لە ئێران. بەڵام ڕەهەندی وشیاریدەرانە و وریایی سیاسی لە کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خێرایی و لە هەمان کاتدا پانتاییەکی زۆرتر بە خۆوە دەگرێت. جوغرافیای سیاسی و ڕزگاریخۆازی کوردستان زۆر پان و بەرینترە لەو کاتەی خومەینی فتوای جیهادی بۆ سەر کوردستان دەرکرد و خەڵکی کوردستان بە کەمترین ئیمکانات و ئامادەگی بەرنگارییکی مێژوویان نواند. پارێزگاکانی «کرماشان و ئیلام»، ئەمڕۆکە بوونەتە بەشێکی گرینگ لە گۆڕانکارییەکان و زۆربەی چەخماخەی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان لەو ناوچەیەوە سەر هەڵدەدەن و ڕێژەیەکی زۆری بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی کورد سەر بەم ٢ پارێزگایەن و خەڵکانێکی وشیار، تێگەیشتوو و چالاک، لەم ناوچەگەلە و تەنانەت لە «لوڕستان»یشەوە، بە شێوەی بەردەوام و ڕۆژانە بە بزووتنەوەکەوە پەیوەست دەبن.
بەرین بوونەوەی ئاستی بزووتنەوەکە و تێکەڵبوونی ڕێژەیەکی زۆرتری جەماوەر بە ریزەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانە، وای کردووە کە هەموو ڕەوت و لایەنێک هەوڵ بدات کە مۆرکی خۆی لە سەر بزووتنەوەکە بدات و تاکتیک و ئستراتیژیەکانی خۆی بە دەمارەکانی جووڵانەوەکە تەزریق بکات و ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.
لەم نێوەدا لایەنە دەمارگرژ و توندئاژۆە ئایینیەکان و تەنانەت لایەنە ڕاستەکانی ناو بزووتنەوەکە، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە جووڵانەوەکە بە ئاراستەیەکی دواکەوتووانە و دوگم و داخراودا پاڵ پێوە بنێن و بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و سیستماتیک هەوڵ دەدەن ئەو بۆچوونانە دەستی باڵای هەبێت کە، گوایە خەڵکی کوردستان خەڵکێکی بە بیروبڕوای قووڵی ئایینی و مەزهەبین و یا ئەوەیکە ئەگەر خەڵکی کوردستان کێشەی نەتەوایەتیان چارەسەر بکرێت، ئیتر هیچ کێشەیەکی دیکەیان نیە خۆبەخۆ بەختەوەرترین گەلی سەر گۆی زەوین و بۆ ئەم مەبەستەش بە بەردەوامی و بە شێوەی نەپساوە هێرش دەکەنە سەر ڕێبازی چەپ و پێشکەوتنخواز و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی دین و مەزهەب لە ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسی_کۆمەڵایەتی، بە هەوڵدان بۆ لەنێو بردنی پیرۆزیەکانی خەڵک و جێگیر کردنی سیستمی دادپەروەرانە و مرۆڤ میحوەریش بە هەوڵی لاوەکی بۆ بە لاڕێدا بردنی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی پێناسە دەکەن.
ئەم هەوڵە نابەجێ کە لە بێ هیوایی و پەریشانییەوە سەرچاوە دەگرێ، دەیان ساڵە بۆ لێڵ کردنی روخساری هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستان درێژەی هەیە. ٤٠ ساڵ لەموپێش لە لایەن بزووتنەوەی جەماوەری کوردستان و لە پێشیانەوە ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی کوردستان وەڵامی شیاوی خۆیی وەرگرتەوە بەڵام لەم چەن ساڵە  بە گشتگیر بوونەوەی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت زیاتر سەری هەڵداوەتەوە و کەمتر ڕۆژێک هەیە بە بیانوویەکەوە هێرش نەکرێتە سەر هزر و ئەندێشەی مرۆڤ تەوەری هێزە چەپەکان و پڕوپاگەندە بۆ بیری تەسک و قەتیسماوی خۆیان و هەوڵ بۆ دواکەوتوو ڕاگرتنی کۆمەڵگای کوردستان نەدرێت و هەوڵی چاندنی تۆی ڕەق و نەفرەت بەرانبەر بە گەلان و وڵاتانی دیکە لە ناو هەوڵاتیانی کورد نەدەن، هەر ئەو سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤ دەیە بەرانبەر بە زۆر وڵات و نەتەوەی دیکەی جیهان گرتوویەتیە پێش و بەرهەمەکەیشی جیا لە شکست و بەلارێدابردنی بزووتنەوەی ڕەوای جەماوەری و چەقبەستوویی، هیچی دیکە نەبووە.
دڵەڕاوکێ لە پێگەی ڕەوتە چەپ و عداڵەتخواز و دژایەتی لەگەڵ پێشەوە چوون و پێشکەوتنحوازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان و هەروەها خێرایی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکە، ئەو زەروورەت و پێویستیە هەنووکەیی و جدیە دەخاتە بەردەم هێز و ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی، تا تەیارتر و پەیگیرتر لە جاران پێداگریی لە سەر ئامانجەکانی خۆیان بکەن و بە بەرنامە و پڕۆژەی تۆکمە و بە زاڵ کردنی گوتار و کرداری بە کەڵکی خۆیان، هەموو هەوڵ و تەقالا دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان کە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە و تەنیا لە خزمەت بە داگیرکەران و چەوسێنەرانە و بۆ بە کۆیلە کردن و دواکەوتوو ڕاگرتنی ئەم خەڵکە و لە هەمان کاتدا بۆ پاشکۆ کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان خراوەتە گەڕ، بخەنە لاوە و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە داهاتوودا بە ئاراستەیەکی دادپەروەرانە و پێشکەوتنخوازانەدا ببەن.

# ئەوەی با بچێنێت باهۆز درەو دەکات

**شەهرام وەحدانی**

«شۆڕش منداڵەکانیی خۆی دەخوات»* وتەیەکی زۆر ئاشنایە کە ڕەنگە هەڵگری بارێکی نێگاتیف و نەرێنی بێت و مرۆڤ بە بیستنیی ئەو ڕەستە بە پارێزەوە بڕوانێتە شۆڕش. بەڵام ئایا بەڕاستی شۆڕش منداڵەکانیی خۆی دەخوات؟ ئەو ڕوانگە تا چەند دروستە و لە کوێ سەرچاوەی گرتووە؟
دیارە لە ١٧٨٩ و دوای ڕووخاندنی زیندانی باستیل و دواتر لە تەخت هێنانەخوارەوەی لویی شانزدەهەم، شتێک بە ناوی شۆڕش بەواتای ڕەسەنی وشەکە یانی بارەوبارکردنی چینەکانی کۆمەڵگە، ڕووخاندنی شێوەیەک لە دەسەڵات (پاشایەتی) و هێنانەئارای شێوازێکی بە تەواوی جیاواز لە سیستمەکەی پێشوو (کۆماری)،هەڵپەساردن و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی پێشووتر و خستنەڕووی گرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتی، سکۆلاریسم و بەرابەری هاتە ناو قامووسی ڕامیارییەوە کە لەگەڵ خۆی چەمکێکی نوێی لە ماف هێنا. شەوی ١٤ی ژوییەی ١٧٨٩ کاتێک لویی، هەواڵی ڕاپەڕینی خەڵکی پاریس و تێکشکانیی باستیل و پاشەکشەی هێزەکانی لەشکەری سەڵتەنەتی لە بەرامبەر خرۆشی جەماوەردا بیست، بە خرۆشەوە وتی ئەمە یاخی بوونە. بەڵام لیانکۆر** بە ئارامی وتی:»نە گەورەم یاخیگەری نییە، ئەمە شۆڕشە».
وشەی شۆڕش لە زۆربەی زمانەکاندا مانایەکی هاوتای هەیە، لە بنەڕەتدا باس لە دیاردەیەکی گەردوونیی دەکات کە لە زانستی گەردووونناسییەوە خزاوەتە ناو قامووسی ڕامیاریی. بەو واتا کە مرۆڤ توانای بەرگری کردن و ڕاگرتنی ئەو ڕووداوەی نییە. لە ڕاستیشدا شۆڕش ڕووداوێکە کە لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی مرۆڤدا نییەو هیچ هێزو دەسەڵاتێک ئەو توانای نییە کە بەر بە هاتنی بگرێت و شۆڕشی جەماوەر ڕاوەستێنێت.
دیارە کە پێش لە شۆڕشی فەرانسەش، زۆر ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی جەماوەری لە مێژوودا تۆمار کراوە بەڵام لەهیچکام لەو سەرهەڵدان و سەرپێچی کردن و یاخیبوونانە باس لە گۆڕانی سیستم نەکراوە. شۆڕش واتە ڕەدکردنی ڕەوایی پێکهاتەی دەسەڵات، دوورکەوتن لە هەلومەرجی ئێستاو هێنانەئارای بارۆدۆخێکی نوێ کە بەتەواوی ناتەبایە لەگەڵ دۆخی کۆن و تایبەتە بە سەردەمی شۆڕشی فەرانسەو دواتری. خەڵک پێشتر تەنیا دژ بە دەسەڵاتێکی چەوسێنەر یان داگیرکار هەڵدەستان و تەنیا باس لەوە دەکرا کە ڕەنگە خەڵک مافی ئەوەیان هەبێت کە بڕیار بدەن کێ شیاوی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی نییە، بەڵام هیچکات لەوە پێشتر باسێک لەوە نەبوو کە خەلک مافی ئەوەشیان هەیە بۆ خۆیان دەسەڵاتداران دەست نیشان بکەن یان لەوە زیاتر، ئەوەی کە لە ناو خۆیاندا کەسانێک بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێرن و خۆیان لە دەسەڵاتدا بەشداربن. وە هەر بۆیە ئەو شۆڕشە یەکێک لە کاریگەرترین ڕووداوەکان بووە لە گۆراندنی سیما و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.
هەر وەها کە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کۆمەڵگای جەهانی کۆمەڵگایەکی تاک و یەکدەست نییەو هیچکاتیش نەبووە، بەڵام هەموو ئەو کۆمەڵگە جیاوازانە کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە و هەر چەشنە گۆڕان و وەرچەرخانێک لە شوێنێکدا، ئەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە بەستێنێکی مەزنتردا کە بە کۆمەڵگەی جەهانی پێناسەی دەکەین. ئێرانیش کە خۆی وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرەکەلتوورە لەو داب و نەریتە بەدەر نییە و ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ئاستی جەهانیدا و هاتنەئارای شێوەو پێکهاتەیەکی نوێ لە پۆلێنکردنی کۆمەڵگەو دەسەڵات، بوون بە سەرچاوەی کاریگەری و کارتێکەری لەوێدا. هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ئێران لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا و سازکردنی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئەو فاکتۆرانە کە پێناسەی دەسەڵات و وڵاتێکی سەردەمیانەن بوون بە چەخماخەی هەڵگیرسانیی دوو شۆڕش کە هەردووکیان بە ئامانج نەگەیشتن یان دەکرێت بوترێت لە دەستەبەرکردنی دروشم و داخوازەکانی خۆیاندا ناکام بوون.

یەکەمیان شۆڕشی مەشرووتە کە بۆ بەرتەسک کردنەوەی دەسترۆیشتوویی شای قاجار، پێکهێنانی دەسگای سەربەخۆی دادو بە یاساکردنی دەسەڵات کە هەر لەو کاتەدا  بە هۆی بەرپەرچدانەوەی توندی پیاوە ئایینییەکان و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئەوکات گەوهەرو ناوەرۆکی شۆڕشەکە لە فۆرمدا گۆڕانیی بەسەرداهات کە  لە ئەنجامدا بە هاتنی ڕەزاشا و دیکتاتۆری پەهلەوی هەرەسی هێنا. دووهەمیان ڕاپەڕینی ١٩٧٩ کە هەرچەند لە ڕووکەشدا دەسەڵاتی پاشایەتی ڕووخا بەڵام دیسان دێمۆکراسی، ئازادی و بەشداری خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانداو بەشداری لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا کە درۆشم و داخوازی سەرەکی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بوو نەهاتە دی و دەکرێت وەها بەرئاوەردی بکەین کە ئەو سەرهەڵدانە لە قۆناخی ڕاپەڕین تێپەر نەبوو تا ببێتە شۆڕش و دژە شۆڕشی ئایینی زاڵ بوو بە سەریدا.
ئەوەی کە هێزە ئایینییەکان بە ڕێبەرایەتی خۆمەینی چۆن توانییان جڵەوی ئەو خرۆشە جەماوەرەییە بگرنە دەست و دەسەڵات مسۆگەر بکەن شتێکە کە ئێستاکە و دوای تێپەڕبوونی چل و دوو ساڵ لە دەساڵاتداریی ئەم ڕەوتە ڕەنگە ئاسان بێت، بەڵام لەو کاتەدا ئەوەی کە لەبیرکرابوو بابەتێک بوو کە بایەخەکی ئەوتۆی پێنەدرا یان بە ئاسایی وەرگیرا. ئەوەی کە لە ئێران تەمەن و مێژووی هاتنەمەیدان، پانتاییی بەستێنی کۆمەڵایەتی، بڕشت و ڕادەی کاریگەریی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی لەگەڵ  دامەزراوەی سیاسی- ئایینی شیعەدا هاوسەنگ نەبوو. ئەوان خاوەن داب و نەریت و ڕێکخستنی بەهێز و بە بڕشت بوون کە لانی کەم چوارسەدساڵ مێژووی کاری ڕێکخراوو ڕێکخستنی لە پشت بوو کە هەموو شوێنی لە گوندو شارە جیاوازەکان تەنیبوو. هەر ئەو بابەتە بەڵگەنەویستە وای کردبوو کە تواناو هێزی ڕاستەقینەی ڕەوتی ئایینیی شێعە و مەرجەعیەت (واتە هەمان هێزی دژە شۆڕش) چاوپۆشیی لێکراو بەهەند وەرنەگیراو بەئاسانی بووە خاوەن دەسەڵات.
لێرەدا پشت بەستوو بەو پێشەکییە کورتە کە ئاماژەی پێکرا  دەخوازین دانەوینەوە سەر ڕەستەی سەروتار کە فانۆن وتوویەتی: «شۆڕش منداڵەکانی خۆی دەخوات». لە ڕاستیدا شۆڕش نییە کە منداڵان یان ئاکتێرەکانی خۆی لە ناو ئەبات، ئەوە ڕێک لە سەروبەندی هاتنی دژەشۆڕش و هەوڵ بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ڕاپەڕین و یان هەوڵ بۆ هێشتنەوەی دۆخی کۆن لە لایان هێزی کۆنەپەرەست و دژ بە گۆڕانە کە سەرکوت و کوشتن و بڕین دەست پێدەکات.
ڕەنگە بە دەگمەن دەسەڵاتێک لە مێژوودا بەدی بکرێت کە بە بێ گۆشاری جەماوەری ئامادە بوبێت جێگە بۆ هاتنی دەسەڵاتێکی نوێ چۆڵ بکات. دەسەڵاتە نەخوازراوەکان هەمووکات بە زەبروزۆری جەماوەر یان هێزێکی دەرەکی دەسەڵاتیان بە جێ هێشتووە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستە تەنیا جێگۆڕکێی دەسەڵات نییە بەڵکۆ شۆڕش بەو واتایە کە باسی لێکرا. ڕەنگە لای من کورتترین و جوانترین دەستەواژە لە ناو هەموو ئەو شتانەی کە بۆ مانا کردنی شۆڕش نووسراون ئەم وتە بێت لە لایەن مارکس-ەوە* کە شۆڕشی بە لۆکۆمۆتیو، هێزی بزوێنەر و ماما وێنا دەکرد کە لە دەرون و هەناوی کۆمەڵگای کۆنەوە، کۆمەڵگایەکی نوێ و دنیایەکی تازە دەخولقێنێت. و بێ گومان هیچ زان و زایینێک بێ ژان و پڕک نییە. بەڵام هەرچەند کۆمەڵگا ئاستی تێگەیشتن و ئامادەگی زیاتری بۆ شۆڕش هەبێت ئەو ژانەش کەمتر و کەمتر دەبێت.
لە ئێراندا لەبەر ئەوەی هەموو گۆڕانکارییەکان و هەوڵ بۆ نوێکردنەوە یان ئەو شتەی کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە  مۆدێرنیزاسیۆن ناوی لێدەبرا لە سەرەوە بوو و شتەکە بناغەدارێژراو بنچینەیی نەبوو، شۆڕشیش هەر لە ڕۆکەشدا قەتیس مایەوەو تەنیا جێگۆڕکەی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو بۆ دەسەڵاتی وەلی فەقیە. هەر لەو سەردەمەدا بە هۆی زاڵ نەبوونی ئایین بەسەر کەش و فەزای کوردستاندا هێزی شۆڕشگێڕو چەپ لە کوردستاندا زۆر  بە خێرایی توانی ببێتە ئاکتێرێکی سەرەکی و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا کە هەر وەکوو هەموو هێزێکی چەپی ئێرانی لە لایەن دەسەڵاتی تازەوە هێرش کرایە سەری. بەڵام بەو جیاوازییە کە زۆرێک لە  هێزو لایەنە چەپەکانی ئێران لەو کاتەدا بە هۆی دژایەتی ئایینییەکان و خۆمەینی لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا لەو کاتەدا و تەنانەت هەندێکیان ئێستاش چوونە بەرەی پشتیوانی لە دژەشۆڕشی  تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە ئەوە جیاوازییەکی تایبەتی بە کوردستان و هێزی چەپی کوردستان بە تایبەتی کۆمەڵە بەخشیوە. دەتوانین بە بەراوەرد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێراندا بڵێین لە کوردستان شۆڕش کراو سەنگەری شۆڕش ماوە. بێگۆمان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی واتە ئازادی، یەکسانی، سکۆلاریسم و دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆ نووسین ئەو جووڵانەوە شۆڕشگێڕانە بەردەوامە. بۆ لە دایکبوونی ئەو پێکهاتە تازە لە هەناوی پێکهاتەی کۆنەوە ناچارین ژان و ئێش و ئازار بچێژین بەڵام ئەوە هەڵبژاردەی هێزی شۆڕشگێڕ نییە بەڵکو ئازار و شەڕێکی نەخوازراوو داسەپێندراوە.
 بە پێی هەموو دیاردەکان وەکوو هەبوون و بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نابەرابەری و کەلێنی قوڵی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی بە فەرمیکراو و داسەپێندراو لە لایەن دەسەڵاتەوە بە سەر نەتەوە بندەستەکانی دانیشتووی ئێران، قەیرانی قوڵی ئابووریی بێ چارەسەر، گەندەڵی پێکهاتەیی سیستم و هەروەها تەریک کەوتنی دەسەڵات لە ئاستی جەهانیدا و لە کۆتاییدا ناسەقامگیری و قەیرانی ڕەوایی دەسەڵات، وای کردووە کە بە دڵنیاییەوە دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئێران ئاوسی ڕاپەڕین و شۆڕشە جا  ئەوەی کەی ڕووبدات بەستراوە بە گەلێک فاکتۆرو هۆکارەوە کە یەکێک لەوانە پەرەپێدان بە ئاگاهی سیاسی و هاوئاهەنگ کردنی هەموو ئەوهێزە شۆڕشگێڕانەیە کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێ. بێ شک هەڵسوکەوت و بەرخوردی هەر  هێز و لایەنێکی سیاسی لەگەڵ ڕەخنەگران و نەیارانیدا، سەنگی مەهەکە بۆ لێکدانەوەی ڕادەی تەبایی دروشم لەگەڵ کردارو هەر وەها بە پەروشبوون بۆ وەدی هێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد کە هیچ دەنگێک تێیدا بە زۆر و زەبر بێدەنگ نەکرێت. ئەو هێزەی کە خۆی بە پاڵپشتی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوسێندراو دەزانێ و خوازیاری کۆتایی هێنان بە هەموو جۆرە ستەمێک، لەوانە هەڵاواردنی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ژنان لە ژێر کاریگەری زیانباریی دین و ئایینە، تەنیا پشت ئەستور بە بڕوای جەماوەرو ژنانە کە دەتوانێت ببێتە هێز، هێزێک کە کۆنەپەرەستی بنەبڕبکات. هێزێکی شۆڕشگێڕ لە هەمانکاتدا کە پێویستە مەیلی کۆمەڵگەی خۆی بناسیت و گوێڕایەڵی خواستی خەڵک بێت، دوو ئەوەندەش پێویستە کە ڕێگەپیشاندەرو ڕینوین بێت. ئازادی ڕادەربڕین و بیروبۆچوون کۆڵەکەی سەرەکی و پێکهێنەری هەر شۆڕشێکی سەرکەوتووە. با ئەو وتەی ڤۆلتێر** 

...بۆ ل ٨

# کۆماری ئیسلامی؛ دەسەڵاتێکی دیاردەخولقێنە

بێهنام فەتحی

ڕۆژانە لە مێدیاو هەواڵگرییەکان دا باسی جۆرەها دیاردەی نالەباری کۆمەڵایەتی دەکرێت کە ژیانی ئێمەیان خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. خوێندنەوەیەکی قوڵ پێویستە تاکوو ئەم دیاردەگەلە بەرپەرچ بدرێنەوەو هەوڵ بۆ دوورخستنەوەیان بدرێت.

هەندێک دیاردە هەیە کە وردەوردە ئاسایی بوونەتەوەو نە لە لایەن کۆمەڵگاوە؛ نە لە لایەن چالاکانی کۆمەڵایەتی، هەنگاوی کردەیی و بنچینەیی بۆ بنبڕکردنیان هەڵناگیرێت. ڕاستە کە دەسەڵاتێکی تۆتالیتێرو سەرەڕۆ، ڕێگرە لە بەردەم ئەم هەنگاوانەدا. بەڵام پەروەردەی کۆمەڵایەتی گەورەترین کاریگەریی بۆ چارەسەری هەندێک کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتی دەبێ و جیاواز لەوەیکە ڕەهایە لە دەسەڵاتی سیاسی و دەزگاکانی پەروەردەی حکومەتی، دەتوانێت ڕاهێنەری کۆمەڵگا بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکان.

زۆر ڕوونە کە پێدەشت و چیاکان، شوێنی گەڕان و چێژوەرگرتنی مرۆڤن لە تەبیعەت دا. شوێنی ڕاکێشانی گەشتیار و خستنەگەڕی پیشەی گەشتیارین. بەشێک لە سەرمایەو کانگای داهاتەکانی وڵاتێک پێکدەهێنن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە لە کوردستان پێدەشت و چیاکان بوونەتە شوێنی بەکۆڵبەرکردنی خەڵک و ڕاووڕووت و کوشتنی ئینسانەکان. «بەناچار کۆچکردن» و «کۆڵبەریکردن» دوو دیاردەی زەقی جێ ئاماژەن کە تایبەت بە کوردستان و ناوچەگەلی بێبەشکراوی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین.

لەگۆڕدا خەوتن، یەکێکیتر لەو دیاردە سامناکانەیە کە ماوەیەکە بووەتە سەردێڕی هەواڵەکان و بابەتێک بۆ توێژینەوەی قووڵایی نەهامەتی و ڕەنجی ئەو گەلانەی کە ساڵەهایە گرفتاری دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانن. دەمێکە گۆڕستانەکانی کوردستان، بوونەتە سەرپەنا بۆ هەژاران یان دوامەنزڵگە بۆ ئەو گەنجانەی گیرۆدەی ئەفیوون و ماددەهۆشبەرەکان دەبن و پاش ماوەیەک جەستەی بێ گیانیان لە سوچێکی سارد و تەریک، دەدۆزرێتەوە.

گۆڕستان لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، شوێنی حەسانەوەو یادکردنەوەی ئازیزانە. لەو وڵاتانەدا حەوڵ دەدرێ جوانترین دیمەنەکانی سرووشت لە گۆڕستانەکاندا بخرێنە بەرچاو. هیچ گۆڕستانێک دوور ناخرێتەوەو تێکەڵ بە سیمای شارەکان، لە ناوەندو لە نێو گەڕەکەکاندا ماونەتەوە. دەرفەتی کارکردنیان تێدا ڕەخساوەو هەزاران کەس ڕۆژانە کاریان تێدا دەکەن و لە لایەک بژێوی ژیانیان بەو شێوەیە دابین دەکەن و لەلایەکیش ڕواڵەتێکی ئاسایی و سرووشتی دەبەخشنە ژینگە.

گۆڕستانەکانی لای ئێمە، بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو، شوێنە نەفرەت لێکراوەکانن. سیمایەکی تۆقێنەریان هەیەو کراونەتە دۆزەخی مردووەکان. دەیان چیرۆک و نوکتەی کۆن سازدراوە کە هەر لە منداڵیەوە کاریکردووەتە سەر دەروونی ئێمە بۆ دوورکەوتنەوەمان لە وەها شوێنگەلێک. لە ئاکامی ئەم تێڕوانینەدایە کە خەڵکی لێقەوماو یان ئەوانەی تووشبووی ماددەهۆشبەرەکانن، پەنا دەبەن بۆ کونوکەلێنی ناو گۆڕستانەکان و بەمشێوەیە خۆیان لە کۆمەڵگا دەشارنەوەو دوور دەکەونەوە.

ئەگەرچی خوێندنەوەی ئەم چەن دێڕە ناخۆش و ناخ هەژێنە بەڵام ئاماژەیەکە بۆ ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر و بابەتیانە.



ئەگەر گەرەکمان بێت بەوردی شرۆڤەی دیاردەگەلی نالەباری کۆمەڵایەتی لە سێبەری دەسەڵاتێکی سەپێنراودا بکەین، فاکتەرگەلی وەک: «ئابووری» و «پەروەردە» و «باوەڕمەندیەکان»، ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن.

ئەم فاکتەرانە مادام کە بەتەواوەتی چووبێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتێکی سیاسی-ئایینی، یان تێکەڵاوی ئەو دەسەڵاتە کرابێ، سیستێمێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئێرانی لێ ئەوەشێتەوە.

کەواتە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕوودانی دیاردەیەک لە کۆمەڵگادا، پێویستە بڕوانینە ئەو پێکهاتە گشتیە کە خولقاندوویەتی. لە وڵاتی ئێمەدا ئەم پێکهاتە گشتیەو مێکانیزمەکانی کارپێکردنی، لە چنگی ڕژیمێکی فاشیستی-ئایینی دایە.

بێگومان، ئابووریەکی ڕانتی و داڕماو و «پێوەلکاو»، هۆکارێکی گرینگە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەگەلی نالەباری کۆمەڵایەتی. ئەمە ڕاستە کە کەلێنی چینایەتی و چوونە بن هێڵی هەژاری لە ژێر سێبەری ڕەشی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، تەنگی بەو کۆمەڵگایە هەڵچنیوە. بەڵام ئەم هۆکارە بەتەنیا ناتوانێت ببێتە هۆی دەربەدەری و لە گۆڕدا خەوتن و پەنابردنی مرۆڤ بۆ ماددەهۆشبەرەکان و لە ئاکامدا کۆتایی هێنان بە ژیان بەوشێوەیە لە گۆڕستانەکاندا. بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی پرۆسەیەکە کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەدیهێنانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دەهێنێ.

لەم پرۆسەیەدا دوو فاکتەری: پەروەردەو باوەڕمەندیەکان (هاوکات لە گەڵ هۆکاری ئابووری) دەورو نەخشیان هەیە. ئەگەرچی بواری پەروەردەو خوێندن کاریگەریی هەیە لەسەر باوەڕمەندییەکانی مرۆڤ، بەڵام داب و نەریتی کۆمەڵگاو کارتێکردنی هەست و سۆزی بنەماڵە، دەوری تایبەت دەگێڕێ. لە ئاکامدا «باوەڕمەندییەکانی» مرۆڤ بە پێ ئاقارو چوارچێوەی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی، پێک دێت و گەشە دەکات.

لە کاتێکدا کە:

-پێکهاتەی پەروەدە لە خوێندنگاکان، ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی حکومەتدا بێت

-لە هەمان کاتدا بۆمبارانی ڕاگەیاندنەکان لەهەوڵی چەقبەستوو هێشتنەوەو دواکەوتوو ڕاگرتنی بیروبۆچوونی کۆمەڵگادا بێت

-هێزی سەرکوت ئامادەی داپڵۆساندن بێت

-کەلێنی چینایەتی زیاتر و هێڵی هەژاری بەرزتر ببێتەوە

ئەوکاتەیە کە پرۆسەی بەدیهاتنی دیاردەکان پەرەئەستێنێ. کۆمەڵگا دەچێتە نێوخۆیەوەو ناجووڵێ. سەرقاڵی دیاردە جۆربەجۆرەکان و مەترسی و بەرپەرچدانەوەیان دەبێت. مەیلی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی دەگۆڕێت بۆ مەیلی بەرگریکردن لەو هەلومەرجە کە تێدایەو لە ئاکامدا لە جێ خۆی دا ئەوەستێ.

باشترە بڵێین: دەسەڵات بۆ کپکردنی دەنگی کۆمەڵگاو قازانج و مانەوەی پێکهاتەکەی خۆی، «دیاردە» بەرهەم ئەهێنێت.

زۆرن دیاردەگەلێک کە لە ئاکامی وەها سیاسەتێکدا لە کوردستان،سەریانهەڵداوە. بێکاری و بێکارکردن، مادەهۆشبەرەکان،منالانی کار، لەشفرۆشی، ژیان لە گۆڕستان، کۆچی زۆرەملی، کۆڵبەریکردن و جۆرەها دیاردەی دیکە...

«کۆماری ئیسلامی» خۆی دیاردەیەکی قیزەونە لەم جیهانەدا کە بۆ مانەوەی پێکهاتەی نگریسی خۆی، بەردەوام «دیاردە» بەرهەم ئەهێنێت. زنجیرەی نالەباری دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە سێبەری ئەم دەسەڵاتە کاولکارەدا بەبێ کۆتایی درێژەی هەیە.

# یادێک لە کۆچی مێژوویی مەریوان

گەشین سۆهرابزادە

کۆچی مێژوویی مەریوان بە داهێنان و ڕێبەرایەتی کاک فواد مۆستەفاسوڵتانی لە ساڵی ٥٨دا لاپەڕەیەکی زێڕین و پڕ لە سەرووەری خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستانە.

ئەو ڕێپێوانە جەماوەریەی کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵکی مەریوان لە بەرانبەر کردەوە سەرکوتگەرانەکانی حکوومەت و هەروەها جەنایەتەکانی بەکرێگیراوانی ئەو ڕژیمە بەڕێوەچوو، لە ڕاستیدا نموونەیەک بوو لە خەباتی مەدەنی و شۆڕشی سەردەمیانە کە کۆمەڵە لە هەموو کوردستان لە بەرانبەر ڕژیمی کۆنەپەرەستی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ڕێکی خستبوو.

گەلی کورد، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیەوە، «نا»یان بەم ڕژیمە وتو باوڕیان بەوە بوو کە ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ناتوانێت جێگای متمانە بێت.

بۆیە بە هەموو جۆرێک نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بەو ڕژیمە دەربڕی.

بەکرێگیراوانی ڕژیمیش بە هەموو شێوازێک هەوڵیان دا بەرانبەر بە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بوەستن و لە هیچ جۆرە جەنایەتێک دژ بە داخوازی و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک دەستیان نەپاراست و هەموو هەوڵێکیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی ناڕازی خستە گەڕ.

بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر چاونەترسانە لە بەرانبەر کرداری بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامیدا وەستان و قارەمانەتیان نواند.

کۆچی مێژوویی مەریوان قۆناغێک لە خەباتی مەدەنی خەڵکی مەریوان و بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد بە گشتیەو لاپەڕەیەکی زێڕینە لە ڕێبەرایەتی «کۆمەڵە» کە هیچکات تەوەهۆمێکیان بە نیسبەت ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە نەبووە.

خەڵکی بەئەمەگ و خەباتگێڕی مەریوان لە ڕێکەوتی ٣٠ و٣١ی مانگی پۆشپەری ساڵی١٣٥٨ تاکوو ١٣ی گەلاوێژی هەمان ساڵ، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە کردەوە سەرکوتگەرانەکان و جەنایەتی بەکرێگیراوانی ڕژیم و دەسرێژی پادگانی مەریوان بو سەر ئەم شارەو سەپاندنی شەڕی نەخوازراو بە سەر خەڵکدا، شار بەجێ دەهێڵن و لە نزیک شاری مەریوان لە ئۆردووگای «کانی میران» جێگیر دەبن.

ئەم جووڵانەوە جەماوەریە بە ڕێبەری کاک فواد و هاوڕێیانی، هەنگاوێکی زۆر بەرچاو و گرینگ بوو لە جێخستنی خەباتی مەدەنی و دەربڕینی هاودەنگی خەڵکی مەریوان.

خەڵکی مەریوان ماوەی دوو حەفتە بە کەمترین کەرەسەو پێداویستی ڕۆژانە لە ئۆردوگای کانی میران مانەوەو سەلماندیان کە نەوەی نوێ، چەندە ئامادەی خەباتی مەدەنی و حەقوازانەیە.

لەو ماوەیەدا خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بە هەموو شێوەیەک بە هاوکاری یەکترو پێکهێنانی تیمگەلێک کاریان بۆ دابین کردنی پێداویستیە



سەرتاییەکان ئەکرد و لەسەرجادە بەهەزاران کەس پێشیان بە لەشکرو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەگرت کە نەتوانن لە ڕێگای ئەو شارانەوە بەرەو مەریوان دەرباز بن و هێرش بکەنە سەر خەڵکی ناڕازی.

سەرەڕای ئەمانەش بە هیچ شێوەیەک دۆخی ئاستەمو نالەباری ژیان لە درێژەی کۆچەکەدا نەیتوانی ورەی خەڵک دابەزێنێت. تا ئەو جێگایە کە ئەگەر بەکرێگیراوانی ڕژیم بە ناوی گفتوگۆوە سەردانی ئۆردووگای «کانی میران»یان دەکرد -بە بینینی یەکڕیزی وهاودەنگی خەڵک- سەرسام ئەبوون.

زۆر زوو ناوبانگی کۆچی مێژووی مەریوان هەموو ئێرانی گرتەبەرو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو بووەوە.

بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئێرانی کە دواتریش سەنگەری کوردستانیان بۆ درێژەی خەباتەکەیان هەڵبژارد، بە گشتی پشتیوانی خۆیانیان لەم هەنگاوە بەنرخەو ئەم شێوازە نوێیە لە خەبات دەربڕی.

ئێستا کە ٤١ ساڵ بەسەر خەبات و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە هێرشی دڕندانەو سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەپەڕێ، ئەو مێژووە پڕ لە شانازییەی خەباتی گەلی کورد بەڵگەو هێمایەکە بۆ ئاشتیخوازانەبوون و ڕەوابوونی ئەم خەباتە.

ئەو مێژووە بەڕوونی دەریدەخات؛ ئەوە داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی خەڵکی چەوساوەو زەحمەتکێشی کورد بوون کە هەر لە سەرەتاوە بە هێرش و داگیرکاری و خوێنڕشتن بەرەوڕووی مافخوازی و خەباتی ڕەوای ئێمە بوونەوە.

## کۆماری سێداره و خەباتی گەلان

کاوان موکری

حۆکمی سێ داره و زیندانی ئەو رۆژانەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئێران ئێمە دەباتەوە ساڵەکانی ٦٧ هەتاوی ، رۆژانی لە سێ دارەدانی چالاکانی سیاسی چەپ، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی. هەر ئەو جۆرەی مێژووی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا ئەو کاتانەی ڕژیم لە ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات دەکەوێتە ژێر گۆشارەوە بۆ کەم کردنەوەی ئەو گۆشارانە لەسەر خۆی، روو دەکاتە دەست بە سەر کردن و سزا دانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و نەتەوەیی بە بیانووە جیاوازەکانەوە. لەو کارەساتەدا، چالاکە نەتەوەییەکان بە تایبەت چالاکانی کورد بە بۆنەی دژایەتی مێژوویی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلی کورد، هەموو کات گۆشارێکی زۆرتریان بەسەردا دەسەپێندرێت. ئەگەر چاوێک لە بەرپرسانی ئیعدامی چالاکانی سیاسی لە سالی ٦٧ هەتاویی بکەین نێوی ئیبراهیم رەییسی، سەرۆکی ئێستای دەستگای دادپەروەری ڕژیم لە «کومیتەی مەرگ» دا دەبینین. هەڵبژاردنی ڕەییسی لە تەمەنی ٢٠ سالیدا بۆ دادستانی کەرەج وو هەمەدان و هەروەها پۆستە گرینگەکان لە دەستگای دادپەروەری، بڕوای ٤٠ ساڵەی رێبەرانی ڕژیم بە ڕەییسی بۆ کۆشتن وو سەرکۆت کردنی ڕخنەگران و چالاکانی سیاسی نیشان دەدات.

ئەو بابەتە هۆی سپاردنی سەرۆکایەتی دەستگای دادپەروەری بەو کەسە بە تایبەت لەو سالە گرینگانەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، زۆرتر روون دەکاتەوە. لە نوێترینی ئەو سزا و گۆشارانەدا بە داخەوە دوو چالاکی سیاسی و بەندکراوی کورد بە نێوی دیاکۆ رەسوول زادە و سابیر شێخ عەبدوڵا لە ڕۆژی ٢٤ پوشپەڕ لە بەندی خانەی ورمێ لە سێ داره دران.

هەروەها زارا محەمەدی مامۆستای زمانی کوردی لە شاری سنە و دامەزرێنەری ئەنجومەنی نۆژین (کە یەکێک لە رێکخراوە مەدەنیەکان بۆ پاراستن و فێر کاری زمانی کوردی و هەروەها یارمەتی گەیاندن بە گەلانی لێ قەوماو وەکوو خەڵکی کرماشان لە کاتی بوومە لەرزە و خەڵکی لۆڕستان لە کاتی لافاودا بوو)، بە بیانووی ساز کردنی دەستە و گرووپ بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات بە ١٠ ساڵ زیندان سزا درا. سزایێک کە نیشاندەری ترسی حاکمان وو دەسەڵاتدارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە نەتەوەکانی ئێران بە تایبەت گەلی کوردە. لە یەکێکی دیکە لە کەیسە سیاسیەکاندا کە دەنگێکی زۆری لە میدیاکانی جیهاندا هەبوو، حۆکمی سێ داره بە سەر ٣ لاوی ئێرانی (ئەمیر حۆسێن مۆرادی،سەعید تەمجیدی،محەمەد ڕەجەبی) بە بیانووی بەشدار بوون لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری سالی ٩٨ ی هەتاویدا سەپێندرا. ئەوانە تەنیا بەشێک لە حۆکمە بێڕۆحمانەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر چالاکانی مەدەنی لە ماوەی ڕابردوودایە. بەڵام هۆی پەلە پەلی دەستگای دادپەروەری (سێ داره) بۆ بە جێ هێنانی ئەو سزا ناڕەوایانە چییە ؟ هەروەک پێشتر باسمان کرد مێژووی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا کە هەر کات ئەو ڕژیمە دەکەوێتە ژێر گۆشاری جیهانی و ناوەخۆیی، بۆ ترساندن و پاشە کشە کردن بە گەلانی ئێران دەست دەکا بە گرتن وو سزا دانی چالاکانی مەدەنی. هەر وەها نەخۆشی کرۆنا بۆتە هۆی دڵنیا بوونی حکوومەت لە دووری خەڵک لە خۆ پیشاندان وو نارەزایەتی دەربڕین لەسەر شەقامەکان، کە ئەو بابەتە پەلە پەلی ڕژیمی ئیسلامی لە بە جێ هێنانی سزاکان لێ کەوتۆتەوە. بۆ رێگری کردن لە جێ بە جێ کردنی ئەو سزایانە لە کارەساتی کرۆنادا ئەرکی سەر شانی گەلانی ئێران بە تایبەت چالاکانی مەدەنی دەبێ چ بێت ؟؟



١- گەیاندنی دەنگی بەندکراوەکان بە هەموو جیهان
٢- دەربڕینی ناڕەزایەتی گشتی لە برانبەر ئەو حۆکمانەدا بە شێوازە جیاوازەکان

یەکێک لە گرینگترین سەبەبەکانی دەنگ دانەوەی ئەو سزایانە لە هەموو جیهاندا، چالاکی گەلانی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت توییتر بوو. خەڵکی ئێران لە تۆڕی کۆمەڵایەتی توویتردا بە ترەند کردنی هەشتگ گەلێک وەکوو «اعدام نکنید، حۆکمی زارا دەبێ هەڵبوەشێتەوە، نە بە اعدام، «ExonerateZara بوونە هۆی نارەزایەتی دەربرین وو گەیاندنی دەنگی خۆیان بە هەموو جیهان کە یەکێک لە سەبەبەکانی وەدوا خستنی حۆکمی سێ دارەی ئەو ٣ لاوە بوو. پرسیارێکی گرینگ کە لەو کارەساتەدا پێش دێت ئەوەیە کە ئایا نارەزایەتی دەربڕین لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە تەنیایی دەتوانێ پێش بە کۆماری ئیسلامی بگرێت یان نا ؟؟ بە بڕوای نووسەر و بە پێی مێژوو بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین «نەخێر». ئەگەر چاو لە مێژووی خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین کە ڕژیم هەموو کات بۆ بەرەو پێش بردنی بیروو ڕاکانی زۆر بە بێڕەحمانە کاری کردووە و کەمتر شتێک توانیویەتی رێگە لە بە جێ هێنانی حۆکمەکانی بگرێت . بە داخەوە ئەو هەڵمەتە هەشتەگیانە تەنیا دەبێتە هۆی سارد بوونەوەی گەلان لە خۆپیشاندان و تەنیا ئاکامی دەبێتە وەدوا خستنی حۆکمەکان وو ئەو سزایانە بە گشتی هەڵناوەشێنێتەوە. بەڵام ئەو بابەتە نابێ ببێتە هۆی وەلانانی گشتی ئەو هەڵمەتانە لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان. شێوەی خەبات بە دڵنیاییەوە لە سەدەی ٢١ دا گۆڕان کاری بە سەردا هاتووە و دەبێ بە پێی ڕۆژ چالاکەکان هەموو ئامێرێک بۆ خەبات لەگەڵ دیکتاتورەکان بە کار بهێنێن. ئەو هەڵمەتانە بۆ ئاگادار کردنی جیهان لە زۆلمی ڕژیمی دیکتاتۆر دەبێ بەکار بهێندرێت بەلام بە تەنیایی نابێتە هۆی رووخانی هیچ حکوومەتێک.

بۆ بەدی هاتنی ئاواتی گەلانی ئێران بۆ رزگاری و ئازادی، چارەی کۆتایی جگە لە گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی بۆ هەموو جیهان، تەنیا دەتوانی یەک رێگا بێت: «خۆپیشاندان وو خەبات لەسەر شەقامەکان».

## کرێکاران بە هیوای پاروو نانێک

سامان سنە

بە تێپەڕ بوون بە چوار رێیانی سیروس و هەندێکی دیکە لە مەیدان و شەقامەکانی شاری سنە، کۆمەڵە خەڵکێک دەبینی کە جلوبەرگەکانیان پیشە و کاریان نیشان دەدات. ئەم کۆمەڵە کرێکارە وەرزی و بیناسازییە کە رێژەکەیان لە سەدان کەس تێدەپەڕێت لە چەند هەنگاو دوورتر لە ئیدارەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی پارێزگای سنە راوەستاون و بە روخسار و سیمایەکی هەژارانە و غەمبار و دەست و پێی قەڵەشیو بە دووی هەموو ئۆتۆمبیلێکدا هەڵدێن تا بەڵکوو کارێکی رۆژانە بەدەست بهێنن و لەم رێگایەوە بژیوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. بەم کرێکارانە دەوترێت «کرێکاری مەیدانی» کە لە کێبەرکێ بۆ دۆزینەوەی پیشەیەکی هەمیشەیی بەخت یارمەتیانی نەداوە و مەجبوورن هەموو بەرەبەیانێکی زوو بە هیوای دۆزینەوەی کارێکی رۆژانە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی سنە لەوانە: نایسەر، نەنەڵە، حەسەن ئاوا، فەرەجە، عەباساوا، حاجیاوا، ئاساوڵە و هتد... بەرەو سەنتەری شار بەرێ بکەون تا شایەت مێعمارێک ئەوان بۆ کارێکی بیناسازیی ببات و یا خاوەن کارێک بۆ ئەنجامی کارەکانی بە ماوەی یەک یان چەند رۆژ ئەوان بباتە سەر کار. رێژەی ئەو کرێکارانەی کە بەختی دۆزینەوەی کاریان هەیە، زۆر کەمە و زۆربەی کرێکارەکان بێکارن و بە بێ ئەوەی داهاتێکیان هەبێت، بە دەستی خاڵی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ و یان تا نیوەڕۆ رادەوەستن بەڵکوو کارێک بدۆزنەوە و لە ئاکامدا بە بێ هیوایی و نائۆمێدی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ و یان لەبەر ئەوەیکە شەرمەندەی بنەماڵەکانیان نەبن، دەست دەکەن بە دەسفرۆشی لە سەر شەقامەکان و ئەم ژیانە کارەساتبار و هەژێنەرە هەموو رۆژێک دووپات دەبێتەوە. سنە لانیکەم ١٣ هەزار کرێکاری بیناسازیی هەیە. ئەم کرێکارانە کە رۆژانە لە مەیدانەکانی شار دەبینرێن، بەشێک لەم ١٢ هەزار کرێکارە بیناسازیی و وەرزیەی شاری سنە دێنە ئەژمار. کرێکارانی بیناسازیی یا کرێکارانی وەرزی لەو توێژە کەم داهات و هەژارەی کۆمەڵگان کە بە سەرنج بە کەم بوونەوەی ئاستی بیناسازیی لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژین و لە لایەک چاویان لە کرانەوەی بازاڕی خانوو بەرەیە و لە لایەکی دیکە بیر و هۆشیان لای گەڕانەوە بە دەستی خاڵی بۆ ماڵەوەیە تا لای ژن و منداڵەکەیان شەرمەزار نەبن. ژیانیان بە دژواری تێپەڕ دەبێت و هەموو هیوایان لە سەر کاری روژانە و بیناسازیی هەڵچنیوە و هەر رۆژێک کە کاریان هەپێت، تۆزێ هیوا و ئۆمێد دەگەڕێتەوا بۆ ناو ژیانیان. هەموو رۆژێک لە بەردەم بینا نیوە کارەکان و ئەو کارە نووستووانە تێپەڕ دەبن و ئاواتەخوازن دووبارە پرۆژەکانیان وەگەڕ بکەوێت تا دووبارە سەرقاڵ ببن و تۆزێ ژیانیان ببووژێتەوە. کرێکارانی بیناسازیی لە رێزی ئەو چینە کرێکارەن کە بە کرێکارانی وەرزی دەناسرێن و زۆرێک لەم کرێکارانەی کەرتی بیناسازیی بە پێچەوانەی زۆربەی کرێکاران لە کەرتە جۆراوجۆرەکان، لە هەبوونی حزمەتگوزاریی بیمەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بێ بەرین و بەداخەوە وێڕای چاوەڕوانیەکی چەندین ساڵە بۆ وەرگرتنی حزمەتگوزاریی بیمەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی، بەڵام هێشتا هیچ کارێک لەم بارەوە بۆیان ئەنجام نەدراوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە کرێکارانی بیناسازیی کارێکی بەردەوامیان نیە و هیچ پشتیوانیەکی دابینکاریی کۆمەڵایەتیان نیە. بە پێی ئامارەکان ٤٠٪ لە رووداوەکانی شوێنی کار تایبەت بە کرێکارانی بیناسازییە و بیناسازیی بە هۆی نەبوونی ئەمنیەت لە شوێنی کار لە مەترسیدارترین پیشەکانە و زۆرپرین رووداوەکانی شوێنی کار بەرۆکی کرێکارانی ئەم کەرتە دەگرێت و زۆرتر لە هەموو پیشەیەکی دیکە گیان و ژیانیان لە مەترسی دایە زۆربەی کرێکارانی بیناسازیی شوێنێک یان چەند شوێنی لەشیان بە هۆی رووداوەکانی شوێنێ کارەوە خەساریان بینیوە و هەر بۆیەش هەبوونی بیمەی دابینکاریی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی بیناسازیی زۆر پێویست و زەرووریە. کرێکارانی بیناسازیی لەم وڵاتەدا وەکوو بێگانەیەک وان و رۆژانە لە سەر جادەکان رادەوەستن و بەملا و بەولا هەڵدێن تا نەکا کارێکیان لە دەست دەرچێت و دابمێنن بۆ برە پارەیەکی کەم بۆ بژیوی ژیانیان. کرێکارانی بیناسازیی و وەرزی داهاتی رۆژانەیان بەستراوەتەوە بە کەش و هەوا و زۆری بازووی خۆیان و بۆچوونی خاوەنکار لە سەر چۆنیەتی کار کردنیان و هەموو رۆژێک بەو نیگەرانیەوە لە خەو هەڵداستن تا نەکا ئەو رۆژە کارێکیان دەست نەکەوێت و هەموو ژیانیان بووەتە ئیسترێس و دڵەڕاوکە. زۆربەی کرێکارانی بیناسازیی تەنیا ٦ بۆ ٧ مانگ لە ساڵدا بۆ کار کردن مەجالیان هەیە. ئەم کرێکارانە کۆڵەکەی سەرەکی بیناسازیی لە کوردستان و ئێرانن، بەڵام هێشتاکە لە هەبوونی گارانتی بۆ کار و ژیانیان بێ بەری و نیگەرانن. ئەم کرێکارانە لە لایەن هیچ یاسایەکەوە پاڵپشتی ناکرێن و خاوەنکارەکان بە کەیفی دڵی خۆیان بۆ ماوەی چەند مانگ حەقدەستەکانیان خوا دەخەن و ناتوانن بۆ هیچ شوێنێک پەنا ببەن و ئەگەر ناڕەزایەتی دەرببڕن لە سەر کار دەردەکرێن و ئەمەش گەورەترین گرفتی ژیانی ئەوان دێتە ئەژمار. لاواز بوونی کەشی بەرهەمهێنان لە کوردستان بەگشتی و شاری سنە بەتایبەتی، مەجالی وەرگرتنی کرێکارانی کاتی و وەرزی لە پاییز و زستان زۆر دژوارە و بەم هۆیەوە ئەم کرێکارانە لەم دوو وەرزەدا بە دەریای بەرینی کرێکاران پەیوەست دەبن.

# ئایا تەنها قەیرانی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی شۆڕش؟

**محەمەد حەکیمی**

شۆڕش بە مانای ژێروڕووبوونی هەموو پێکهاتەی دەسەڵاتە، بە مانای سووڕانی ئاسمان و گەرانەوەی ئەستێرەکانە. پێش سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرانسە وشەی لاتینی فەرانسەوی «ڕولوسیون» کە لە زمانی کوردی بە واتەی شۆڕش پێناسە دەکرێت، بە پێچەوانەی ماناکەی ئەمڕۆی بوو، واتە هەر کات کۆمەڵگا توشی دارمان و کێشە و گرفت دەبوو نیزامی کۆن هەڵدەوەشایەوە، بە هەوڵدان بۆ گەراندنەوە بۆ دۆخی پێشوویان دەوت «شۆڕش». تەنانەت «ماکیاولی» هەر بەو شێوە کەلکی لە وشەی شۆڕش وەرگرتوە و شۆڕشی بەو شێویە پێناسە کردوە. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرانسە، کە جەماوەر بە گشتی بەشداریان تێدا کرد و توانیان نیزامی کۆن لە بنچینەوە هەلبوەشێننەوە و ئەم کردەوەیان ناو نا شۆڕش، لەو ساتە بەدواوە هەر ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە دەسەڵاتدا جا چ شۆڕشی سیاسی بووبێ یان کۆمەڵایەتی بە شۆڕش ناو براوە. لەو ساتە بەولاوە شۆڕش ڕوانینی بۆ دواوە نییە، بەڵکوو شۆڕش بۆ پێشەوە دەڕوانێت. ناڕەزایی خەڵک لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران و شێوەی حکوومەتیان بە درێژایی مێژوو بووە بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ناڕەزایەتی و ئاخێزانە ناوی شۆڕشی لێبنرێ پێویستە هەڵگری پێناسەیەکی تایبەت بێت واتە گۆڕانی بنچینەیی لەگەڵ خۆی بێنێ و بنەما ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێ. یەکەم کەس کە سەبارەت بە شۆڕش و شێوەکانی بیری کردەوتەوە «کارل مارکس» بووە. مارکس لەسەر ئەوباوەڕە بوو کە:

١. لە هەر کۆمەڵگایەک و لە هەر سەردەمێکدا هەمیشە کەمینەیەک خاوەنی کەرەسەی بەرهەمهێنان بوون و دەستیان بەسەردا گرتووە بەڵام زۆرینە لەوە بێبەشە.

٢. ئەوانەی کەرەسەی بەرهەمهێنانیان بەدەستەوەیە دەبنە حاکم و دەست دەگرن بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی زۆرینە.

٣. ئەم دۆخە سیستمێکی چینایەتییە و نابەرابەری لە کۆمەڵگادا دروست دەکات.

٤. ئەم نایەکسانییە تا ئەو جێگە دەچێتە پێشەوە کە لە کۆمەڵگادا دارایی لەلایەک کۆ دەبێتەوە و هەژاریش لەلایێکی دیکە.

٥. بە هۆی زۆربوونی هەژاری و هەڵاوردن لە کۆمەڵگادا چینی هەژار باشتر ئاگاداری دۆخی نایەکسانی ژیانی خۆی و چینی دارا دەبێ و لەو هەڵاوردنەی لە کۆمەڵگادا هەیە تێدەگا.

٦. ئەم خۆ دۆزینەوە و وەئاگاهاتنە لە دۆخی خۆیان دەبێتە هۆی شۆڕش.

٧. ئەم شۆڕشە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی ژێرخانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ دابمەزرێت کە لەو کۆمەڵگایەدا کەرەسەی بەرهەمهێنان دەکەوێتە دەستی جەماوەر و هەموو کەس دەتوانن وەک یەک و بە شێوەی بەرابەر کەلک لەو کەرەسانە وەربگرن. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە شۆڕش واتە هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە ببێتە هۆی گۆرانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە شۆڕشی مەزنی فەرانسە و شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی١٩١٧ ی زایینی ڕووسییە و هتد. لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی لە وڵاتی فەرانسە شۆڕشێک بە دروشمی «بەرابەری، ئازادی، برایەتی» ڕوویدا کە بە «شۆڕشی گەورەی فەرانسە» دەناسرێت. شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی زایینی سەرەتایی گۆڕانی شێوەی دەسەڵات بوو لە سەلتەنەتەوە بۆ کۆماریی و کەسانێک وەک «مارا، دانتون، ربسپیر» لە ژێر کاریگەری کەسانێک وەک «ولتر و ڕۆسو» پێشڕەوی خەڵکێک بوون کە لە دژی سەلتەنەتی لویی شازدە لە فەرانسە خەباتیان کرد و لە ئاکامدا توانیان نمادی دیکتاتوریەتی ئەو سەردەمە کە زیندانی «باستیل» بوو تێکو پێک بدەن و بیروخێنن.

ساڵی ١٩١٧ی زایینی لە وڵاتی سوڤیەت سۆسیالیستەکان بزووتنەوەیەکی بەرینی چەپیان ڕێکخست کە توانی شۆڕشێکی مەزن بە دژی دەسەڵاتی ئیمپراتوری ئەو وڵاتە ڕێکبخات و بووە هۆیی ڕوخانی دەسەڵاتی تزارەکان و بەشداریی سوڤیەت لە شەڕی یەکەمی جیهانی کە کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەربازی ڕووسی و ناڕەزایەتیی گشتیی دژی تزار نیکۆلایی دووهەم بەدواوە بوو یەکێک لەو فاکتۆرانە بوو کە ڕاپەڕین و شۆڕشی خەڵکی خێراتر کردەوە. دوایی ڕووخانی دەوڵەتی تزار و سەرکەوتنی شۆڕشی سوسیالیستی گەورەی ئوکتوبر کە بە چەند ناو پێناسە دەکرێت وەک ئوکتوبری سوور، ڕاپەرینی ئوکتوبر، شۆڕشی بۆلشۆڤیکی. دوای هاتنە سەر کاری چەپەکان، سوسیالیستەکان نیزامی شوراییان دامەزراند.

مارکس و ئێنگێلس لەسەر ئەو باوەڕە بوون مێژووی هەموو مرۆڤایەتی خەباتی چینایەتییە و شۆڕش گەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بە ڕەنگدانەوەیەک لەم خەباتە دەزانی و بەو ئاکامە گەیشتن کە لە دوای هەر شۆڕشێکی سیاسی دەبێ دەسەڵات لە چینی حاکم بگوازرێتەوە بۆ ئەو چینەی کە شۆڕشیان کردوە. بەو هۆیە مارکس شۆڕشەکانی ناو نا «مێژووی لۆکۆمۆتیڤ». هەروەها مارکس لە کتێبی «١٨ی برومێر» نووسیویەتی: مرۆڤەکان خۆیان دروستکەری مێژووی خۆیانن، بەڵام نە بە ویستی خۆیان لەو سەردەم و حاڵەدا کە خۆیان هەلیانبژاردبێت، بەڵکوو لەو دۆخەدا کە لە ڕابردوو بە میرات بۆیان ماوەتەوە و مرۆڤ ڕاستەوخۆ لەگەڵی ڕووبەڕوویە.

ئەمڕۆکە شۆڕش و پێناسە و هۆکارەکانی لە وڵاتانی جیهاندا لە چاو سەردەمی کۆن ئاڵوگۆڕی زۆری بە سەردا هاتووە. پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بیرۆکەی نوێ و ناڕەزایەتی بە تەنهایی نابنە هۆی ئالوگۆری بنەڕەتی و شۆڕش. بیرۆکەکان دەبێ لە چوارچێوەی ڕخنەگەڵی یەکدەست و هاوتەریب بێت لە نیزامی کون و ئەو ئاڵترناتیڤەی کە وەکوو جێگرەوەی نیزامی کۆن دیاری دەکرێ بە گشتی خاوەنی بەرنامەیەکی نوێ و سەقامگیر بێ. بە تایبەتی لە وڵاتێک وەکوو ئێران کە دەسەڵاتێکی ڕەهای وەک ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر وڵاتدا گرتووە، لایەنگرانی گۆڕان و شۆڕش دەبێت بیر لە یەکریزی و هاودەنگی بکەنەوە و خۆیان لە شەڕ و کێشەی ناوخۆیی دوور بگرن و بەرگرن لە هەر جۆرە دور کەوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە یەکتر، کە بە داخەوە ئەمڕۆ ئ ئۆپۆزیسیۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران


© picture-alliance/dpa/AP/H. Mizban

قەت هێندە لێک دوور نەبوە کە ئێستا هەیە. تەنها بەو شێوەیە دەتوانن دەسەڵات و هێزی باشیان هەبێت بۆ بەرنامەکانیان بۆ شۆڕش و گۆڕان لە وڵاتدا و ئەمەش تەنها بە یەکدەستی و بیرۆکەی باش بە دژی ئەو دەسەڵاتە دەکرێ کە دەستی گرتووە بە سەر هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵک لە ئێراندا. هاتنی پەتای کۆرۆنا کاریگەریی خراپی لە سەر ئابووریی هەموو جیهان بوو و حکوومەتی ئێران یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە بە هۆی ئەم پاندێمییەوە و هەروەها بە هۆی گەمارۆی توندی ئابووریی ئەمریکا زیاتر تووشی دارمانی ئابووری بوو، نرخی دراوی ئێران لە ئاستی دۆلار زۆر دابەزیوە و گەیشتوەتە ئاستێکی مەترسیدار بۆ ژیانی خەڵکی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران. دابەزینی نرخی تمەن لە چەند مانگی ڕابردوو بێ وێنە بووە و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی نەیانتوانیەوە ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو دۆخە بدۆزنەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵک و باری ئابوورییان زۆرخراپتر لە جاران بووە. شۆڕش لە وەها دۆخێکدا پێویستی بە کاری گەورە و یەکدەنگی و هاوڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن هەیەو لەو دۆخەدا کە خەڵک بە دەست ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە دەناڵێنێن و بژیوی ڕۆژانەیان بۆ پەیدا نابێت. بەڵام ئەمە کارێکی سەخت و ئەستەمە کە تەنها بلێین دۆخی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک بێنە مەیدان و شۆڕش بکەن. سەرهەڵدانی شۆڕش پێویستیی بە چەندین فاکتی دیکە هەیە کە ئەرکی سەر شانی ئۆپۆزیسیۆنە کە بیانخاتە گەڕ بۆ ئاڵوگۆر و شۆڕش لە ئێراندا. جیهان لە سەردەمی ئاڵوگۆردایە و ئێرانیش بێبەری نییە لەو ئاڵوگۆرە. ناڕەزایەتییەکان بەرانبەر بە ڕژیم زۆر زیاتر بوون و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی مانگرتن و دەنگی ناڕزایەتیی خەڵکی خۆمانین. سەردەمی کۆماری ئیسلامی بە سەر چووە و ئەو قەیرانەی کە ئەم دەورەیە بەرۆکی حکوومەتی ئێرانی گرتووە قەیرانێکی گەورە و قووڵە و حکوومەتی تووشی کێشەی گەورەی ئابووری و سیاسی کردووە و ڕژیم بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ کونترۆڵی بکات.

هەر وەکوو «لئون تروتێسکی» دەڵێت: تەنها هەژاری و بێکاری ناتوانێ شۆڕشێک ڕێکبخات؛ ئەگەر وەها بێت، جەماوەر هەمیشە خەریکی شۆڕشن. تروتێسکی دەڵێت: پێویستە وەرشکستەبوونی دەسەڵاتی کۆن بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرا بێت و چیدیکە کەس نەتوانێ و نەیەوێ لە وەها دۆخێکدا بژیت. لە درێژەدا دەڵێت: تەنها لەو دۆخەدا دەکرێت بارودۆخی نوێ، بیرۆکەی نوێ و ئاسۆی شۆڕشێک نیشان بدرێت.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران دەگوزەرێت، ڕاهاتنی خەڵکە بەو دۆخەی کە تێدایە و ئەوەی کە تروتێسکی باسی دەکات ئەمڕۆ لە ئێران بە جوانی دەبیندرێت و تەنها ئەو دۆخە ناتوانێت ببێتە هۆکاری شۆڕش و گۆڕانی بنەڕەتیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران، دەبێت لە پاڵ وەها دۆخێکدا کار بکرێت بۆ شتگەڵی دیکە کە لەسەرەوە ئاماژەم بە کۆمەڵێک لەوانە کردووە و خەڵک دەبێت بزانن ئامانج چییە و دوای ئەم حکوومەتە چ دەسەڵاتێک دێتە سەر کار و بە گشتی دەتوانم بڵێم خەڵک ترسێکیان هەیە کە دوای کۆماری ئیسلامی کێ حوکم دەکات و ئێرانی فرە نەتەوە چی لێدێت و بەرەو کوێ دەچێ؟ ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییانە لە ئێران و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک دەریدەخەن فاکتۆرە پێویستەکان بۆ گۆڕینی حکوومەتی ئێران خێراتر لە جاران دەچنە پێشەوە شۆڕشێک لە بەرێوەیە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێک کە گرفتاری قەیرانێکی قووڵە. بە شێوەی ڕوونتر ئەم ڕووداوانە قەیرانی مەرگی ڕژیمن. ڕژیمی ئیسلامی ئێران ڕژیمێکی ئیدئولوژیکە کە لە بواری سیاسەتی دەرەکی و ناوەکی خۆیی ناکارامەیە، دەسەڵاتی گشتخواز و تۆتالیتر لە ئێران بووەتە هۆی سەرکوتی بێبەزەیانەی جەماوەری وەزالە هاتوو. دەوری نوێی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و گۆڕانی جیددی لە هاوکێشەی هێز لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا پێش لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی هاتوەتە ئاراوە، ڕژیم تا ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی توانیبووی قەیرانەکان کونتورۆڵ بکات، بەڵام دوای ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی سەرکوت کاریگەری ئەوتۆی نەما و دوای هەڵبژاردن ڕژیم نەیتوانی بە سەرکوتیش خەڵک بباتەوە نێو ماڵەکانیان و ئێمە هەر ڕۆژە شاهیدی جۆرێک لە ڕاپەرینو دەنگی ناڕزایەتی خەڵکی ئێرانین و ئەم فاکتانە ڕێگە خۆشکەری شۆڕشێکی گشتییە بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و یەکدەست بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردنی ئەو شۆڕشە بێتە مەیدان.

سەرچاوەکان:
انقلاب کبیر فرانسه : روزنامه شرق
گفتگوی رادیو فردا با حسین بشیریر
جستارهای از تاریخ:کشیش ژاک رو
انقلاب مشروطه ایران و فرانسه: مهرداد نورائی
انقلاب و بسیج سیاسی: حسین بشیریه
جامعه شناسی نخبه کشی: علی رزاقلی
جامعه شناسی خودمانی حسن نراقی

# نرخی گرانی مانەوەی ڕژێمی ئێران لە دەسەڵات

گەلاوێژ عەبدیکانی

دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە دروشمی نە شەرقی نە غەربی هاتنە سەرکار و ئیدەعای ئەوەیان دەکرد دەیانەوێ لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دوو جەمسەریی ئەو کاتی دنیا بن و خۆیان نە بە ڕۆژاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکاوە دەبەستنەوە و نە بە ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی سۆڤیەت. دواتر هەر زۆر زوو و لە پاش دەسپێکی شەڕی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و عێراق کۆماری ئیسلامی کە پاش داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا بە کردەوە بووبوو بە دوژمنی ئەمریکا و بلۆکی غەرب کەوت بەرەی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەو بلۆکە و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ کورەی باکوور و کوبا و وڵاتی دیکەی ئەو بلۆکە لە ئەمریکای لاتین دروست کرد. بەرژەوەندەکانی ئەو کاتی ئەو وڵاتانە لەبەر ئەوەی حکوومەتی ئێران دورروشمی دژایەتیی ئیمپریالیسمی دەدا و هەڵوێستەکانی دژی بایەخەکانی ڕۆژاوا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکی دەگرتەوە و لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە، پەیوەندییەکی نزیکیان لە نێواندا دروست بوو.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا باسی گرێبەستی ٢٥ ساڵەی حکوومەتەکانی ئێران و چین لە باسە سەرەکییەکانی چالاکانی سیاسی و ناوەندە سیاسییەکان بووە. بە چاوپێداخشناندنێکی خێرا بە سەر نزیکبوونەوەی حکوومەتی ئێران بە ڕووسییە و چین هۆکارەکانی باجدانی کۆماری ئیسلامی بەو دوو حکوومەتە بە درێژایی دەسەڵاتی زیاتر دەردەکەوێ.

لە چەن ساڵی ڕابردوودا گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی زیادی کردووە و بووەتە هۆی تەریککەوتنەوەی ئەو حکوومەتە و لە باری ئابوورییەوە لاوازی کردووە و کۆماری ئیسلامیی سەرەڕای هەوڵی زۆر ئامادەبوون بە دانی ئیمتیاز نەیتوانیوە ئورووپا ڕازی بە پشتیوانیکردنی خۆی بکا و بۆیە کۆماری یسلامی زیاتر پاڵی بە چین و ڕووسیەوە داوە. ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ئێران سەرەڕای ئەزموونی ڕابردوویان کە زۆر سەرکەوتوو نەبووە هەوڵیان بۆ نزیکبوونەوە لە ڕۆژهەڵات داوە نیشانەی بێهیوا بوونیان بە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژاوایە و هاوکات لە چوارچێوەی دژایەتیی مێژووی ڕابەرایەتیی حکوومەت لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوادایە.

ئەم ڕۆژانە وادیارە حکوومەتی ئێران دەیەوێ بە دانی باج و ئیمتیازی زۆر بە چین و ڕووسیە وا بکا کە لە شوورای ئەمنییەتدا بەرانبەر بە ئەمریکا و ئەندامانی هەمیشەیی دیکەی ئەو شوورایە پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکەن. لەوە دەچێ بەستنی گرێبەستی ٢٥ ساڵە لەگەڵ چین هەوڵێک بێت بۆ ئەوە چین ڕازی بێت ڕەشنووسی بڕیارنامەی شوورای ئەمنییەت بۆ درێژکردنەوەی گەمارۆی چەکوچۆڵ لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڤێتۆ بکا.

لە لایەکی دیکەوە مۆسکۆ نایەوێ پەیوەندییەکانی تاران و ڕۆژاوا ئاسایی بێتەوە و ئەو بە قازانجی خۆی نازانێ. بەرژەوەندیی ڕووسیە لەوەدایە کە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ڕۆژاوا گرژ و ئاڵۆز بێت و لەو ڕێگایەوە ڕووسییە بتوانی وەکوو هەمیشە هەم ئیمتیاز لە ڕۆژاوا وەرگرێ و هەم باج لە حکوومەتی تاران بستێنێ. دەوڵەتی ڕووسییە هەرچەند جارجارە پشتیوانییەکی نیوە و ناتەواوی لە کۆماری ئیسلامی کردووە بەڵام هەرکات باسەکان جیددی و مەسئەلەکە بنەڕەتی بووە ڕووسییە بە قازانجی خۆی نەزانیوە لەبەر حکوومەتی ئێران بەرانبەر بە ڕۆژاوا ڕاوەستی. بڕیارنامەکانی دژی چالاکیی ناوکیی ئێران لە شوورای ئەمنییەت و شوورای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم نموونەی بەرچاوی ئەو پشت چۆڵکردنەی حکوومەتی ئێران لە لایەن مۆسکۆوەیەن کە تەنانەت ئامادە نەبووە دەنگی بێلایەن بدا هەمیشە ئەو بڕیارنامانەی پەسەند کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەو ڕابردوویە ئێستا کە پەیوەندییەکانی حکوومەتی ئێران و ڕۆژاوا لە خراپترین ئاست دایە کۆماری ئیسلامی زیاتر پاڵی بە ڕووسییەوە داوە و باج و ئیمتیازی زیاتر لە جارانی پێ دەدا.

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و چین دەری دەخا ئەم پەیوەندییە بەتایبەتی لە بەشی ئەمنییەتیدا زۆر ئاڵۆز و نادیارە. چین تا ئێستا ئامادە نەبوو دژایەتیی گەمارۆکانی ئەمریکا لە سەر حکوومەتی ئێران بکا و هێشتا حکوومەتی ئێران بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ڕۆژاوا تەنها دڵی بە ڕووسییە خۆشە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئەم هاوکارییە بۆ حکوومەتی ئێران چەندی تێدەچێ و ڕووسییە چەندە ئامادەیە پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکا؟

دەوڵەتی ڕووسییە وەکوو هەمیشە نیشانیداوە تەنها لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئامادەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران درێژ پێبدا و ناکرێ وەکوو هاوپەیمانێکی ستراتێژیکی حکوومەتی ئێران چاوی لێبکەی. وەکوو وترا ڕووسییە بەشداری پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی شوورای ئەمنییەت بۆ گەمارۆی قورسی سەر کۆماری ئیسلامی بووە و لە شەڕی سوورییەش سەرەڕای هاوکاری و هاودەنگییان لە سەر زۆر بابەت ڕووسییە بەرژەوەندیی سەربەخۆی خۆی هەیە و نایکاتە قوربانیی هاوپەیمانی لەگەڵ تاران. تەنانەت بۆ فرۆشتنی چەکوچۆڵیش ڕووسییە وەڵامی داخوازەکانی کۆماری ئیسلامی نەداوەتەوە و زیاتر لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ویستی ڕۆژاوا جووڵاوەتەوە. بۆ نموونە لە باسی فرۆشتنی فڕۆکەی جۆری سۆخۆی ٣٠ لە حاڵێکدا کە ڕووسییە خۆی بۆ ئەو مامەڵەیە ئامادە دەکرد بەڵام لە بەر بڕیارنامەکانی شوورای ئەمنییەت پاشگەز بوویەوە.

مەسئەلەیەکی دیکە کە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی حکوومەتەکانی تاران و مۆسکۆ هەیە دۆستایەتی و پەیوەندیی باشی ڕووسییە و ئیسراییلە. دەوڵەتی ڕووسییە توانیویەتی تەنها بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکە هەم پشتیوانیی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان و دەوڵەتی بەشار ئەسەد بێ و هەم هاوکار و دۆستی ئیسراییل بێ و ڕێگە بە فڕۆکە ئیسرایلییەکان بدات لە سوورییە بنکەکانی سپای پاسداران بوردومان کەن و لە ڕاستیدا دەوری خۆی وەکوو دەسەڵاتێکی گرینگ لە ناوچەکە پاراستووە و هاوکات تێکەڵی شەر و کێشەکانی لایەنەکانی ئەو شەڕە نەبووە.

دەسەڵاتدارانی پێکەنیش وەکوو مۆسکۆ نیشنانیانداوە کە هاوپەیمانێکی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی نین. سەرەڕای ئەو هەموو باج و ئیمتیزاەی حکوومەتی ئێران بە چین و ڕووسییەی داوە لە مەودای نێوان ساڵانی ١٣٨٥ تا ١٣٨٩ی هەتاوی چین و ڕووسییە کە هەردووکیان ئەندامی هەمیشەیی شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن و مافی ڤێتۆیان هەیە بەڵام دەنگی ئەرێیان بە هەموو بڕیارنامەکانی ئەو شوورایە دژی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی داوە.

لە پەیوەندییە ئابوورییەکانیشدا چین زیاتری سوودی لە گەمارۆکانی سەر حکوومەتی ئێران وەرگرتووە و بازاڕی ئێران پڕبووە لە شتومەکی چینی و شیرکەتە چینییەکان زۆرێک لەو پرۆژانەی شیرکەتانی وڵاتانی ڕۆژاوا بە هۆی گەمارۆکانەوە ناتوانن تێیاندا کاربکەن بە نیرخی داشکاو وەرگرتووە و قازانجێکی زۆریان لەو گەمارۆیانە کردووە بەڵام ئەوانیش کاتێک دەگاتە گرێبەستە گرینگەکان نایانەوێ دژایەتیی ڕۆژاوا بکەن و بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو شیرکەتێکی چینی کە گرێبەستی پرۆژی گازی پارسی باشووری هەبیی سەرەڕای بەڵێنی دەسەڵاتدارانی چین، لە ژێر گوشاری ئەمریکادا پرۆژەکەی بەجێهێشت.

ئاشکرایە و سەلمێندراوە کە دەوڵەتانی چین و ڕووسییە لە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئێران بەرژەوەندیی یەکلایەنەی خۆیانیان لەبەرچاوە و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشاری ڕۆژاوا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران و درێژەی دەسەڵات و تاڵانکردنی وڵات ئامادەن بە هەموو مەرجێک پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە ڕاگرن و سەرمایە و کانگا و سروشت بەتاڵان بدەن.



# زیندانی سپیداری ئەهواز، یا شوێنی ئەشکەنجە کردن و کوشتنی نەهێنی ژنان

یەسنا ئەحمەدی

گیرۆدەبوونی زیاتر لە ٥٠ کەس لە ژنانی زیندانی لە زیندانی سپیدار بە نەخۆشی کۆرۆنا، نیگەرانیەکی زۆری لە نێو ئازادیخوازان سەبارەت بە گیانی ژنە زیندانیەکان پێکهێناوە.

ژنانی زیندانی لەم بەندیخانەیەدا بە ئاستێکی بەربڵاو گیرۆدەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و رژیمی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی ئەم مەسەلەیە دەشارێتەوە. هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پتر لە ٥٠ کەس لە زیندانیانی ژن کە گیرۆدەی نەخۆشی کۆرۆنا بوونە، یاو و لەرزیان کردووە و بۆ قەرەنتینە گواستراونەتەوە و باقی زیندانیەکانی دیکەش نیشانەگەلێکی وەکوو پەتا و ئانفۆلانزایان پێوە دیارە.

هەروەها دەوترێ، خودی دکتۆری زیندانیش نەخۆش کەوتووە و هیچ کەسێک نیە کە زیندانیە نەخۆشەکان ویزیت و چارەسەر بکات. زیندانیەکان دەوا و دەرمانیان نیە و زۆرێک لە بنەماڵەکان کە نیگەرانی ڕۆڵەکانیانن، خۆیان دەرمانیان دابین کردووە و وێڕای ئەوەش، زیندانبانەکان دەرمانەکان وەرناگرن و هیچ کەسێک وەڵامدەری بنەماڵەکان نیە و زانیاریەک سەبارەت بە دۆخی تەندروستی زیندانیان وەرناگرن.

ئەو بەندەی کە وەکوو قەرەنتینەی زیندان کەڵکی لێ وەردەگیردرێت، تەنیا بە چەند میلە (شیش) لە زیندانیەکانی دیکە جیا کراوەتەوە و شوێنی پشوو وەرگرتن و هەواخۆریی زیندانیانی گیرۆدە و تەندروست لە یەک جیا نەکراوەتەوە و تەنیا کاتی پشوودان و هەواخۆریی زیندانیە نەخۆشەکان و تەندروستەکانیان لە یەک جیا کردووەتەوە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەو ڤایرۆسە بۆ چەندین کاتژمێر لە شوێنە جیا جیاکان دەمێنێتەوە و دەتوانێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بگواسترێتەوە.

دۆخی زیندانی سپیدار قەیراناوییە و رژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی شاردنەوەی ئەم کارەساتە دەدات و وەها بارودۆخێک حاشا لێ دەکات و ئیزنی ئازاد کردنی زیندانیان نادات و هیچ هەوڵێکی جدی بۆ پاراستنی گیانی زیندانیان لە مەترسی گیرۆدەبوون بە کۆرۆنا نادات کە هەموو دنیای زیندانیانی داگرتووە و ئەمەش دەرخەری ئەو راستیە بەردەوامەیە، کە گیانی مرۆڤ بۆ رژیمی جینایەتکاری ئیسلامی ئێران هیچ بایەخێکی نیە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، کە زیندانیانی ئەم بەندیخانەیە مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ بەم هۆیەوە دەستیان دایە شۆڕش و ڕاپەڕین کە، ئەم شۆڕشە لە لایەن دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە بە توندی سەرکوت کرا و ژمارەیەک زیندانیش بریندار بوون.



## ئامانجی سەرەکیی داخوازییەکانی کرێکاران دژایەتیی نئۆلیبرالیزمی کۆماری ئیسلامییە

سدیق زادە _سنە

پتر لە ٤٥ رۆژ بە سەر خۆلی تازەی مانگرتن و ڕێپێوانی کرێکاران و بنەماڵەکانیان لە شاری شووش و پارێزگای خووزستان تێپەڕ بوو.داخوازییەکانیان چییە کە بەرپرسانی دەوڵەتی و خاوەن کۆمپانییەکان نایانهەوێ وڵامیان بدەنەوە.

کرێکارانی ناڕازی نەیشەکەری حەفت تەپە مانگرتنی خۆیان تا ئێستەش درێژە بە خەباتی خۆیان ئەدەن؛ لە بارودۆخێک کە کرۆنا تەنگی بە جیهان هەڵچنیوە، ئەوان ناچار بە درێژەدانی چالاکییەکانیانن و لە گیانی خۆیان مایە دائەنن..

لەم کۆبوونەوانە جەخت لە سەر زەروورەتی هاوپشتی و بەردەوامبوون لە سەر مانگرتن تا گەیشتن بە مافەکانیان کراوە و داخواز کراوە کە خواستەکانیان هەر چی زووە مسۆگەر بکرێن :

- پێدانی هەموو مووچە و تەمدیدکردنی بیمە کانیان
- گەڕانەوەی کرێکارانی دەرکراو بۆ کارەکانیان
- گرتن و مۆحاکمەی ئەسەدبەیگی و رۆستەمی و دەرکردنیان لەو شەریکە
- گەڕانەوەی سەروەت و سامانی شێرکەت بە قازانجی کرێکاران

بە پێیّ ئەو بەراوەردە لە ڕاستی دا خواستەکانی چینی کرێکار بە گشتی و کرێکارانی حەفت تەپە بە تایبەت؛لەم چوار بەشە نەجیاواز و تێکلاوە ،دەسنیشان دەکرێن:

١_حەق دەس و پێداویستی ژیان
٢_ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و پیشە
٣_ڕێکخراوەی ئازاد و سەربەخۆ
٤_سنووردار کردن و نەمانی خسووسی سازی

خاڵی بەرامبەری ئەم داخوازیانە ئەو سیاسەتەیە کە بە پیێ ڕێنماییەکانی ڕێکخراوە ئابووری و دراویەکانی ئەمپریالیستی و بەرژەوەندی خوازی بازاڕی ئازاد و سیاسەتە نئۆلیبرالیستەکان بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سەندۆقی نێو نەتەوەیی دراو کە لە ئێران گەشەیان کرودووە و پەرەپێدەری ئەو بۆچوونەن و دەسەڵاتیان هەیە.

دوای شەڕی ئێراق و ئێران، هاشمی ڕەفسەنجانی بە مێعماری ئەو سیاسەتە دادەنرێ و بە هۆی نزیکبوونەوەی دەوڵەتی ئەو بە ئەو ڕێکخراوانە بۆ وەرگرتنی قەرز و ئەندامبوونی لە سازمانی بازرگانی نێو دەوڵەتی؛ پێشنیار و ڕێنوێنیەکانیان لە ئابووری و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونە دەستوور و تا ئێستاش و بە هۆی هاتنە سەر کاری رۆحانی درێژەیان هەیە. قەواعد و دەستوور و یاسایەک وەک :

_نەهێشتنی سیاسەتی گۆمرکی
_لابردنی دەستور و مۆقەڕەڕات لە پێوەندییەکانی کار
_نەهێشتنی سووبسید و ئازادکردنی نرخەکان
_لابردنی سنووری بەندی لە سەر سەرمایەگۆزاری لە لایەن دەوڵەتەکان
_نەهێشتنی نفووزی سەندیکاکانی سەربەخۆی کرێکاران




ئاکامی ڕەواجی ئەو سیاسەتە نئۆلیبراڵیسیانە لە ئێران بوونە هۆی کۆمەڵێ هەنگاو لە بواری ئێجرایی وپشتیوانی قەزایی و بۆ تەفسیری هەندێ یاسای بنەڕەتی ئێران وەک مادەی ٤٤ بۆ یارمەتی کەرتی تایبەت لە گرتنە دەستی ئەموواڵ و سامانی گشتی، دروستبوونی ناوچە ئازادە بازرگانییەکان، سیاسەتکانی هەرزانکردنی هێزی کار و لە خوار هێشتنی نرخی هەقدەس، نەهێشتنی پشتیوانی یاسایی لە کرێکاران وکەم کردنەوەی هەزینەکانی پووڵی کارفەرماکان .

پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لەم وڵاتە کاریگەری زۆری لە سەر ژیانی کرێکاران و هەژاران داناوە. ئەوەی کە لە دەسەڵات گرتنی کەرتی تایبەت لە زانکۆ و قۆتابخانەکانی کەرتی تایبەت ئەیبینین لە بەرژەوەندی زەحمەتکێشان نەبووە و بوەتە هۆکارێ لە بۆ چەوسانەوەی هەرچی زۆرتریان. نەمانی زانکۆ و مەدارسی دەوڵەتی بووەتە هۆی جیاوازییەکی چینایەتی نێو کۆمەڵگا چوونکە منالّی کرێکار و هەژاران ئیدی ناتوانن بە خۆڕایی تەحسێڵ بکەن و بخوێنن، ئەوە هۆکارێکە بۆ گەشەنەکردنی هێزی کار و نایەکسانی تەوزیعی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. بۆیە ئاساییە کە ئەمانە هەمووی ببنە هۆکار بۆ ئێعترازاتی کرێکاران و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری ئەو چینە و زەق بوونەوەی خواستەکانیان .

خەباتی ڕەوای کرێکاران لەم ماوە لە واقێع دا ئامارژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییە کە نئۆلیبراڵیسم لە بەشەی جیهانیش کەوتووە بەر توان و دژایەتی. هێزی سەرکۆتکەری حاکمیەتی سەرمایە لە وانیە بتوانێ تا ماوەیەک نەهێڵێ هاواری زەحمەتکێشان و کرێکاران گوێ کۆمەڵگا بهەژێنێ، بەڵام ناتوانی تاوەسەر بێت و هەر ئەو پەلەقاژەی ئەو چینە، سەرهەڵدانەوەی لە گەڵە و بە گەشەی ئاگاهی چینایەتی ئەبنە دڕکی نێو چاوانی دەسەڵاتیان.

## دابەزینی نرخی دراو لە ئێران و زەختی گرانی لە سەر زەحمەتکێشان

ئاژوان _کرماشان

هەڵکشانی نرخی شت و مەک و دابەزینی نرخی دراوی ئێران ژیانی بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و چینی هەژار و مام ناوەند رۆژ لەدوای رۆژ دژوارتر کردووە.

نرخی دۆلار تا کاتی نووسینی ئەم چەن دێرە گەیشتووەتە بیست و پێج هەزار تمەن.

کرێ ماڵ و بایەخی زێڕ و ئاسن، بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر رۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕوو لە هەڵکشانە. بەرپرسانی دەوڵەت گشت هەڵاوسان و دۆخی نالەباری ئابووری، بە فڕو و فیشاڵ لە قەڵەم ئەدەن.

نرخی بەرزی هەڵاوسانی ئابووری لەم ساڵانەی دوایی و لە ئاکام دا بەرز بوونەوەی هێڵی هەژاری لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بە تایبەت ناوچە کەمداهاتەکان و لەوانە؛ ناوچە کوردنشینەکان، بووەتە هۆی هەژاری هەرچی زۆرتری کۆمەڵگای ئێران و کوردستان .

لە بەر سیاسەتە هەڵە و ناڕەواکانی کۆماری ئیسلامی، ڕێژەی هەژاری لە ناو کۆملّگا پەرە ئەسێنێت.

لە کۆمەڵگایەک کە بەر لە کۆرۆنا بە پێی لێکدانەوەی ئاماری، لە سەدا ٢٧ی لە ژێر هێڵی هەژاری دا بوون، ئێستا کە ئەم پەتایەشی پێ زیاد بووە، تەنانەت بەشێک لە بەرپرسان و ڕێکخراوە حکوومەتیەکان ڕائەگەیەنن کە ئەو ڕێژەیە بەرەو لە سەدا ٦٠سەر بچێت. واتە زیاتر لە ٦/٢ملیۆن بێکاری ئەم ماوەیەو ٢/٣ملیۆن خانەنشینی بکەوێتەسەر.

لاوازبوونی ژێرخانی ئابووری بۆ گەشەسەندن، ڕانەکێشاندنی سەرمایەی نوێ، کەڵک وەرنەگرتن لە هێزی مرۆیی پسپۆڕ و خوێندەوار لە دامەزراوە دەوڵەتیەکان و بەشەکانی پیشەسازی، دابەزینی قازانجی کاری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری و یارمەتی نەدانی ئەو بەشە، بووەتە هۆکارێک بۆ پەرەسەندنی ڕەنج و هەژاری لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی.

لە بازاڕ نرخەکان بە خولەک ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت،حەق دەست و مووچە لە جێ خۆی ڕاوستاوە و لە سەدا ٨٠ی خەڵک بە تەواوەتی ناتوانن پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دەستەبەر بکەن.

بێکاری لە شارە گەورەکان کێشەیەکی جیدییە و زۆرتر بوونی بێکاری و تێک چوونی زنجیرەی کەسبوکار لە شارەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، زۆرتر خۆی ئەنوێنێ. هەرچەند هێشتا ئاسەوارەکانی کۆرۆنا بە باش دەرنەکەوتووە بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە داهاتویەکی نزیک دا بە هۆی تێکچوونی کەسابەت و پیشە جۆراوجۆرەکان، لەوانەیە «کۆچی پێچەوانە» بەرەو گوندەکان ڕوو بدات.

کۆچی زۆرەملی لە شارەکان بەرەو گوندەکان لە بەر گرانی کرێ ماڵ و هەڵاوسانی نرخەکان لەم هاوینەدا بە ڕێژەیەکی بەر چاو زۆرتر بووە.

کۆچێک کە دڵخوازی بنەماڵە کەم داهات و زەحمەتکێشەکان نییەو خۆڕزگارکردنە لە قورسایی ئەو زەختانەی کە لە ژیانی شاردا پێیەوە گیرۆدەن و ژیانی چینی هەژاری خستووەتە مەترسییەوە.

هۆکاری سەرەکی قەیرانەکان و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەنجی لەڕادەبەدەری خەڵک، کردەوە و سیاسەتە نیئۆلیبرالیستیەکانی ڕژیم بەگشتی و لە ئێستادا دەوڵەتی «ڕۆحانی»یە کە بۆ بەرژەوەندی چینێکی تایبەت هەوڵ ئەدات و برەو بە سیاسەتی قووڵکردنەوەی کەلێنی چینایەتی نێوان هەژاران و سەرمایەدارەکان و بەتایبەت بەرپرسانی باڵادەست دەدات.

## منداڵانی سیستان و بەلووچستان دەستەویەخەی هەژارین

یەسنا ئەحمەدی

ڕژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاویی بە شێوەی فەرمی بە پەیماننانەی مافی منداڵانەوە پەیوەست بووە، بەڵام کاتێک دەچێتە ناخی بابەتەکەوە، زۆرێک لە یاساکان لە ئێران لەگەڵ ئەم پەیماننامەیە دژایەتیان هەیە.

بە پێی ئەم کۆنوانسیۆنە مەبەست لە منداڵ هەموو ئەو کەسانەیە کە خوارەوەی تەمەنی ١٨ ساڵن، کە دەبێ ئەم یاساگەلە سەبارەت بە ئەوان جێ بەجێ بکرێت و ئەمە هەموو وڵاتانی ئەندام لە خۆ دەگرێت و دەبێ پشتیوانی پێویست لە منداڵان بە سەرنج بە ئەرکەکانی باوک و دایکیان و هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێوەی یاسایی سەرپەرستیان لە ئەستۆیان دایە دەگرێتەوە و لەم پەیوەندەدا ڕێ و شوێنی پێویستی یاسایی دەگیردرێتە پێش و هەروەها پێوەرگەلێکی تایبەت لە بواری پاراستنی گیانی، بێهداشت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەو دامەزراوەیەدا کار دەکەن و چاوەدێریی و پشکنینی تایبەت لە بەرچاو دەگیردرێت و پێڕەو دەکرێت. وڵاتانی ئەندام لە پەیماننامە، دەبێ تا ئاستێکی زۆر پێداویستی بۆ مانەوە و گەشەی منداڵان دابین بکەن.

مافی خوێندنی بێ بەرامبەر و زۆرەملێ کردنی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەمووان و ئامادە کردنی پێداویستی خوێندن بە شێوەی بێ بەرامبەر بۆ هەموو منداڵان و پێدانی یارمەتی لە ئەگەری پێویست بووندا و لەبار کردنی کەشی خوێندن لە ئاستی باڵا دا بۆ هەمووان بە پێی تواناییەکان و لە ڕێگای لەبار کە، هەر ئەم خاڵەی پەیماننامەکە خۆی چەند بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت و یەکێک لەوانەش مافی خوێندن بە زمانی دایکیە کە بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی لەو وڵاتەدا دەژین دەبێ بە فەرمی بناسرێت.

قەدەغە کردنی کاری منداڵان لە سەرەکیترین خاڵەکانی ئەم پەیماننامەیە و دەبێ سەرنجێکی تایبەتی پێ بدرێت.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامی، سەرەتایترین مافی منداڵان کە خوێندنی بێ بەرامبەر و هەبوونی پێداویستی خوێندنە، لە بیر کراوە و لە زۆر شوێنی ژێر ستەم و هەژاری منداڵان مەجبوورن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان کار بکەن و لە دونیای منداڵی خۆیان دوور بکەونەوە. نموونەیەکی بچووکی ئەم وەزعە نالەبارە لە سیستان و بەلووچستان دایە. لە سیستان و بەلووچستان لە زۆر شوێن تەنانەت ئاوی لوولە کێشی بوونی نیە و منداڵانی کەم تەمەن هەندێ جار دەبێ چەند کاتژمێر بە پێ لە شوێنی ژیانی خۆیان دوور بکەونەوە تا ئاوی خواردن دابین دەکەن و بە دەبە و گۆزەی قورس کە لە توانای ئەوان زۆر زیاترە، ئاو بۆ بنەماڵەکانیان بهێنن و لە ڕاستیدا منداڵەکانیش شان بە شانی باوک و دایکەکانیان کار دەکەن، تا بتوانن لە ژێر دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا سکی خۆیان تێر بکەن و بە بنەماڵەکانیان یارمەتی بگەیەنن. لەم ناوچەیە هیچ باسێک لە خوێندن و خوێندەواری بەدی ناکرێت و تەنیا بیر و زەینیان لای دابینکردنی ژیانە. منداڵانی ئەم ناوچەیە و زۆرێکی دیکە لە پارێزگا بێ بەشەکانی ئێران، نە شتێک بە ناوی کۆنوانسیۆن دەناسن و نە لێی تێدەگەن و نە لانیکەمی پێداویستیەکانی مانەوە و گەشە کردن لە بەردەستیان دایە.

# هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە:
# ئاوات و ئارەزووم سازدانەوەی کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردستانی بوو و هەیە، هێزێکی جەماوەری کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستیەتی



**وتووێژێک لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئێلخانیزادە**

**ئامادەکردنی وتووێژ: هێمن بایەزیدپوور**

بۆ قسەوباسێکی ڕاشکاو لەسەر پرسە گرینگەکانی ڕۆژ بۆ ئەو ژمارەیەی دواڕۆژ میوانداری هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانمان کردووە، ئاکامەکەی بۆتە ئەو پرسیارو وڵامانە کە پێشکەشی خوێنەرانی هێژای دواڕۆژ کراوە:

**پ: ئەگەر فەرز بکەن خۆتان لە دەرەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕوانن چالاکی و جووڵانەوە و هەڵوێستەکانی حیزب، ئایا پێتان وایە ئەمە هەمان کۆمەڵەیە کە دەبێ ببوایە؟ هەمان کۆمەڵەیە کە بەڵێنیتان بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە؟ مەبەستەم ئەوەیە ئایا کۆمەڵە توانیویەتی لە هەموو ئەو توانا و پۆتانسیلەی کە لەبەردەستیدان چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە دەرەوە بۆ چالاککردنەوەی خۆی کەڵک وەربگرێ؟**

و: پێموایە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان خۆی زادەی هەلومەرجێکی نەخوازراوی نێو ڕەوتی کۆمەڵەیە. چ من و چ دیکەی چالاکوانانی ئەو ڕەوتەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیان پێکهێنا مەبەستیان ئەوە بوو کە چاکسازی لە حیزبێکی گەورەدا بکرێ، ڕوومان لە بزوتنەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵی بوو. بە داخەوە ئەو بانگەوازە دژایەتی توندی کرا و جیایی ڕویدا. لێرەدا بە هیچ جۆر مەبەستم نییە کەموکوڕی خۆمان لەو جیاییەدا پاساو بکەم، بەڵکوو دەمهەوێ بڵێم ئاواتی ئێمە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نەبوو و ئێستاش نییە. ئاوات و ئارەزوم سازدانەوەی کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردستانی بوو و هەیە، هیزێکی جەماوەریی کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستیەتی. ڕەوتی کۆمەڵە پێشتر ئەو پوتانسیەلەی لە خۆ نیشانداوە کە تێکەڵاوی حەز و ئارەزوەکانی جەماوەر بێ و خۆی لەگەڵی بگونجێنێ. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەتوانێ و دەبێ ببێتە ئامرازێکی کارا بۆ وەها ئارەزو و ئاواتێک.

ئەگەر ئاوا بڕوانینە ئەو حیزبە، پێموایە بە زۆری لەو هێڵە دا ماوەتەوە. بەڵام ئەو کۆمەڵەی ئاواتمە، ئێستای کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نییە، بەڵکوو پێموایە ئەو حیزبە زەرفیەتی بوون بە وەها ڕەوتێکی تێدا بەدی دەکرێ و دەبێ حەولی خۆی چڕتر بکات تا سەرکەوتوو بێ.

لە بواری هەڵوێست و سیاسەتەکانی، لاموایە سەرجەم دروست و جێی بڕوان، هەرچەند کەم ڕۆچونەتە ناخی بزوتنەوەکە تا تێیدا گەشە بکەن و هێز وەربگرن و کۆنکرێت تر بن. ئەرکی ئێمەیە کە بەو ڕوانگەیە حیزبەکەمان تێکەڵی بزوتنەوە جەماوەرییەکان بکەین. پێموایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستێنی ئەوەی هەیە، دەگەڕێتەوە سەر ئێمە تا بۆی وەگەڕ کەوین و ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین.

**پ- زۆر کەس پێیان وایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە لەگەڵ توێژی نوخبە یان باشترە بڵێین توێژی ئاکادمیک ئەو جۆرەی کە پێویستە پەیوەندی بگرن یان لە تواناکانیان کەڵک وەربگرن. حیزبەکان سەرنجڕاکێشییەکان بۆ نوخبەی ڕۆژهەڵات نەماوە. تەنانەت هەندێ جار دەبینرێ هەر دوولایەن یەکتری ڕەت دەکەنەوە. کۆمەڵە لە ڕابردوودا وا ناسرابوو کە ئەو توێژە زیاتر ڕووی لێ دەکەن، بەڵام ئێستا کۆمەڵەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ لایەنەکانی تر نییە. ئێوە هۆکاری ئەوە بە چی دەزانن و چیتان کردووە لەو بوارەدا؟**

و- پێموایە حیزبەکان خۆیان لەسەر دەستی نوخبە پێکهاتوون و باڵایان کردووە. ئەوە دروست نییە کە گوایا نوخبەی سیاسی لەگەڵ حیزبەکان نەبوون. دەورەی ئێستا گرفتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ڕێبەریەکەیان لە مێژە لە تاراوگەن و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگا بەڕۆژ نەبونەتەوە. هەلومەرجی دیکتاتۆریش هۆکارێکە کە نەیهێشتووە دیالۆگ و پێوەندی نێوان نوخبە و روناکبیری ئاکادمیست لەگەڵ حیزبەکان سەر بگرێ. جیا لەوانە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ گەشە و پێشوەچوونی، بەڵام لە دروشم و ستراتێژدا لەو دەورەی کە تێیداین جۆرێک نایەکگرتوویی پێوە دیارە. هەموو کەس و لایەن بیر لە گۆڕان دەکەنەوە کە بگونجێ لەگەڵ هەلومەرج. وەک هەموو قۆناغێکی پێشکەوتن لە هەر بوارێکدا پرسیار و ڕێکاری نوێی تێدا دێتە بەر باس، لە نێو بزوتنەوەی کوردستانیش پرسیار و باسی نوێ خەریکە دێتە ئاراوە. پێویستە هەم نوخبە و چالاکوانانی دەرەوەی حیزب و هی ناو حیزبەکانیش بە بێ چەقبەستویی پێشوازی لەو باس، تەردید یان ڕێکارە نوێیانە بکەن و دیالۆگی نێوانیان چڕ بکەنەوە تا جارێکی دیکە ڕێباز، دروشم و ستراتێژی بزوتنەوەکە ڕۆشنتر و ئەورۆیی ببێتەوە. بەڵێ لەو بارەوە کەموکوڕی دەبیندرێ و روناکبیران و ئاکادمیستەکان یان خۆیان لە پەراوێزی حیزبەکاندا دەبینن یان بەشێکیان لێمان زوێرن. دەبێ بە باسی نەزەری و دیالۆگی ئەورۆیی ئەو کەلێنە پڕ بکەینەوە. کۆمەڵەی ئێمەش لە چاو ڕابردوو، کەمتر بایەخی بە پڕ کردنەوەی ئەو کەلەبەرە داوە. پێویستە کادر و ئەندام و ڕێبەری حیزبەکان کەش و هەوای نەزەی و ڕوناکبیرانەی زۆرتر بخولقێنن تا ئەو پێوەندییە باشتر بێ. هەڵبەت مێدیا و کەڵکی پڕاوپڕ وەرگرتن لێی دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ. ئێمە پێویستە خۆمان لەگەڵ بزوتنەوەی ناوخۆ و چالاکوانانی، زۆرتر خۆمان بگونجێنین، زۆرتر گوێیان لێبگرین و لێیان فێر بین.

> **ئەو ڕەخنەیە[ کە دەوترێت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر چاوەڕێ ڕووداوەکان دەکەن و داهێنانێکی ئەوتۆیان لە ڕەوتی خەباتدا نەکردووە] زۆر دروستە، هۆکارە سەرەکیەکەش بە جۆرێک چەقبەستویی و ئەسیر بوون لە ڕوانگەی حیزبیدا دەبینم. مەنزورم ئەوەیە کە ڕوانگە، بەرژەوەندی حیزبی تێدا زاڵە تا بەرژەوەندی بزوتنەوەکە. جیایی ناوخۆی حیزبەکان، ململانێی پێشوتری نێوان حیزبەکان پێکەوە، دور بوون لە خەباتی ناوەوە، هەموو ئەوانەش کاریگەریی خۆی هەبووە.**
> **لاموایە تێپەرین لەو قۆناغەی[ئەوڕۆ] بە تەنیا بە هیچ تاکە حیزبێک ناکرێ، بە کاری ناوخۆیی حیزبی ناکرێ، تەنیا و تەنیا یەکگرتویی نێوان حیزبەکان و سازدانی یەکەیەکی سیاسی گشتگیر و نەتەوەییە کە دەتوانێ گۆڕان لەو وەزعەی ئێستادا پێکبێنێ.**
> **بەڵێ دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە شێواز و پێکهاتە و کاری دووپات بوەوەی دوو سێ دەیە لە نێو ئێمەدا وڵامدەر نەبوە و بە هاوکاری و یەکگرتوییەکی پێکەوەیی دەتوانین گۆڕان پێکبێنین...**

**پ- زۆر وتراوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانێکی زۆرە هەر چاوەڕوانی ڕووەوەکان دەکەن، مەبەستیش ئەوەیە کە داهێنانێکی ئەوتۆ لە ڕەوتی خەبات لە لایەن حیزبەکانەوە نابیندرێ؟ ئایا ئەو بۆچوونە بە درووست دەزانن؟ ئەگەر درووستە هۆکارەکانی چین؟ ئەگەر نا داهێنانەکانی ئێوە لانیکەم لە یەک دەیەی دابردوودا چی بووە؟**

...بۆ ل ٨

درێژەی لاپەڕی ٨

**و:** پێموایە ئەو ڕەخنەیە زۆر دروستە، هۆکارە سەرەکیەکەش بە جۆرێک چەقبەستویی و ئەسیر بوون لە ڕوانگەی حیزبیدا دەبینم. مەنزورم ئەوەیە کە ڕوانگە، بەرژەوەندی حیزبی تێدا زاڵە تا بەرژەوەندی بزووتنەوەکە. جیایی ناوخۆی حیزبەکان، ململانێی پێشوتری نێوان حیزبەکان پێکەوە، دور بوون لە خەباتی ناوەوە، هەموو ئەوانەش کاریگەریی خۆی هەبووە.

لاموایە تێپەرین لەو قۆناغە بە تەنیا بە هیچ تاکە حیزبێک ناکرێ، بە کاری ناوخۆیی حیزبی ناکرێ، تەنیا و تەنیا یەکگرتویی نێوان حیزبەکان و سازدانی یەکەیەکی سیاسی گشتگیر و نەتەوەییە کە دەتوانێ گۆڕان لەو وەزعەی ئێستادا پێکبێنێ. بەڵێ دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە شێواز و پێکهاتە و کاری دوویات بوەوەی دوو سێ دەیە لە نێو ئێمەدا وڵامدەر نەبوە و بە هاوکاری و یەکگرتوییەکی پێکەوییە دەتوانین گۆڕان پێکبێنین. ئایا لە کاری ئێمەدا هاوسەنگی و پێوەندی خەباتی مەدەنی و پێشمەرگانە لە جێی خۆیەتی؟ ئایا جۆری دیپلۆماسی و پێوەندی ئێمە کۆن نییە؟ ئایا تەبلیغات و کەڵک وەرگرتن لە مێدیای ناوخۆ و دەرەکی شیاوی ئەرکی ئێمە و خەباتەکەیە؟ پێموایە هەموومان وڵامی نەرێنی بەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنە دەدەینەوە. دەی هەقوایە بڵێین دەبێ چی بکرێ و چۆن هەوڵی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ بخرێتە گەر. ناوەندی هاوکاریی ئەرکی ئەوەیە و پێویستە بویرانە هەم ئەو پرسانە و، هەم پرسی ئیدارەی وڵات و تەنانەت دروست کردنی دەسەڵاتی سێبەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بخاتە ڕۆژەڤی کاریەوە. تەنیا ئەو جۆر کار و هەنگاوانە لەو قاوغەی ئێستا ڕزگارمان دەکات و پڕاوپڕی قورسایی خەبات لە ڕۆژهەڵات دەمانجولێنێ. ئەوە بە گرینگترین و هەنوکەیی ترین ئەرکی خۆمان دەزانم

**پ -لەم ساڵانەدا زۆر ڕەخنە لە حیزب دەگیردرێ کە گرنگییەکی ئەوتۆ بە هێما نەتەوەییەکان نادات، ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو ڕەخنانە چییە؟ بەگشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان چۆن لە پرسی نەتەوەیی دەڕوانێ؟**

**و:** پێموایە پێویستە هێما نەتەوەییەکان بایەخیان پێبدرێ و زیندوو ڕاگیرێن.

لە وڵامی بەشی ئاخری پرسیارەکەت دەبێ بڵێم: ئێمە خۆمان بە بەشێک لە بزوتنەوەی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری دەزانین. چەپ بوونی کۆمەڵە زەڕەیەک لە نەتەوەیی بوون و ئەرکی ڕزگاری نەتەوەیی کەم ناکاتەوە، بەشکەم پێمانوایە عەداڵەتخوازی و چەپ بوون ناوەرۆکێکی پێشکەوتووانە دەبەخشێتە بزوتنەوەی نەتەوەیی و دەبێتە هۆی بەشداریی بەرینتری جەماوەر. بۆیە دەڵێین: چەپین، کوردستانیین. کوردین و چەپین. جیا لەوە کۆمەڵە بە مافی خەڵکی کوردی دەزانێ کە دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ، هەرچەند ئەوە دروشمی هەنووکەیی ئێمە نییە. ئەوە ئێمە بووین کە کوتمان ناچینە هیچ هاوپەیمانییەک کە کورد وەک نەتەوە نەناسێ و بە خۆشییەوە ئەوە بۆتە ڕوانگەی زاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

*ئێمە خۆمان بە بەشێک لە بزوتنەوەی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری دەزانین. چەپ بوونی کۆمەڵە زەڕەیەک لە نەتەوەیی بوون و ئەرکی ڕزگاری نەتەوەیی کەم ناکاتەوە، بەشکەم پێمانوایە عەداڵەتخوازی و چەپ بوون ناوەرۆکێکی پێشکەوتووانە دەبەخشێتە بزوتنەوەی نەتەوەیی و دەبێتە هۆی بەشداریی بەرینتری جەماوەر. بۆیە دەڵێین: چەپین، کوردستانیین. کوردین و چەپین. جیا لەوە کۆمەڵە بە مافی خەڵکی کوردی دەزانێ کە دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ، هەرچەند ئەوە دروشمی هەنووکەیی ئێمە نییە. ئەوە ئێمە بووین کە کوتمان ناچینە هیچ هاوپەیمانییەک کە کورد وەک نەتەوە نەناسێ و بە خۆشییەوە ئەوە بۆتە ڕوانگەی زاڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.*

**پ - پەیوەندییەکانتان لەگەڵ لایەن و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟ بە بڕوای ئێوە وەک کەسایەتیەکی بەئەزموون لە شانۆی خەباتی کوردستان و سکرێتری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەو لایەنەنای کە زیاتر دەبنە کوسپ و لەمپەر لە بەردەم هاوکاری لایەنەکان کامانەن؟**

**و:** پێوەندیمان لەگەڵ حیزبە سیاسیەکان باشە و لەگەڵ بەشێکیان لەو ناوەندەدا خەریکی هەنگاو نانین بۆ کاری گەورەی هاوبەش.

بۆ بەشی کۆتایی پرسیارەکەت دەبێ بڵێم: پێموانییە لایەن یان لایەنگەلێک لەمپەر بن لەبەر دەم هاوکاریی لایەنی دیکە. گرفتەکە وەک پێشتریش باسم کرد ئەوەیە چاوەڕوانی بۆ کاری هاوبەشی گەورە کەمە، یان هاوکاری و یەکگرتوویی لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەموان وەک یەک گرینگی نییە، هەر لایەنە و هاوکاری زۆرتر لە بوارێکدا بە باش دەزانێ، لە حاڵێکدا تا هاوپەیمانییەکی گشتی لە هەموو بوارەکان نەبێ، یەکەی سیاسی یەکگرتوی کوردستانی پێکنایەت. پێویستە گەڵاڵەی هاوکاری لەسەر مەسەلە جیددی و سەرەکیەکان هەبن و پێشنیار بکرێ و دیالۆگی تەواوی لەسەر کرابێ جا ئەوجار ببینین کام لایەن و ڕەوت بەربەست دروست دەکات تا باسی لێبکەین.

هێشتا هەست بەوە ناکرێ کە بێ یەکتر ناتوانین لەو قۆناغە دەرباز بین، هێشتا چاوەڕوانی روداوەکانین تا بزانین چی لە قورسایی هەر کاممان لەو ناوەندە دەکات. بە خۆشییەوە ئێستا خەریکین لە باسکردن لە ئەرکە سەرەکی و جیددییەکان نزیک دەبینەوە. شەرت ئەوەیە هەموان بە نەفەسی سەرخستنی پرۆژە یەکگرتووەکان هەڵسوکەوت بکەین. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان پاڵنەری وەها پرۆسەیەک دەبین و پێی گەشبینم. چونکوو گۆڕانکاری و قۆناغی سیاسی ئێستا مەودای کەمتەرخەمی زیاترمان پێنادات و زەمان لە دەست دەدەین.

**پ - بەلەبەرچاو گرتی دۆخی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی ئێستای کوردستان، پێتان وایە ستراتیژی و سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی بۆ ئەم قۆناغە چییە و ئێوە داهاتووی ئێران بەگشتی چۆن پێش بینی دەکەن؟**

**و-** پێموایە سیاسەت و ستراتێژی دەوڵەتی ئێران لە ناو بردن و سەرکوت و کزکردنی بزوتنەوەی کوردستانە. هیچ چاوەڕوانییەکی دیکە لە حکومەتی ناوەندیی ناکرێ. ئیران بەگشتی لە دەورەیەکی ناسەقامگیری و دارماندا بەسەر دەبات، لاموایە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ لەو دۆخەی تێیکەوتووە ڕزگاری بێت، ئیعتیرازی جەماوەر پەرە دەستێنێ، کوردستان لە وەها حاڵەتێکدا دەرفەتی کرانەوەیەکی بۆ دەڕەخسێ و ئەگەر یەکگرتوییەکی پتەوی تێدا پێک بێت شانسی باشی هەیە کە دەوری گرینگ بگێڕێ. ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی پێویستە لەو حاڵەتی پرژ و بڵاوی ئێستای تێپەڕێ.

لەهەر حاڵدا، دوای نەمان یان کزبوونی کۆماری ئیسلامیش، بەو زوانە چاوەڕوانی سەقامگیری و دامەزراندنی ئاڵترناتیوێکی دێمۆکراتیک لە ئیراندا ناکەم. بۆیە دەڵێم گەر هێزە کوردییەکان نەتوانن لە ئێستاوە یەکگرتووییەکی ناوخۆیی پێکبێنن، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانیش ناتوانین دەوری جیددی بگێڕین و قورسایی بزوتنەوەی کوردستان نوێنەرایەتی بکەین. کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ناتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ. پێچەوانەکەشی دەتوانێ دۆخی بزوتنەوەی کوردستان بباتە سەرێ و داهاتوێکی باشترمان بۆ دابین بکات.

*لەهەر حاڵدا، دوای نەمان یان کزبوونی کۆماری ئیسلامیش، بەو زوانە چاوەڕوانی سەقامگیری و دامەزراندنی ئاڵترناتیوێکی دێمۆکراتیک لە ئیراندا ناکەم. بۆیە دەڵێم گەر هێزە کوردییەکان نەتوانن لە ئێستاوە یەکگرتووییەکی ناوخۆیی پێکبێنن، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانیش ناتوانین دەوری جیددی بگێڕین و قورسایی بزوتنەوەی کوردستان نوێنەرایەتی بکەین. کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش ناتوانێ لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ. پێچەوانەکەشی دەتوانێ دۆخی بزوتنەوەی کوردستان بباتە سەرێ و داهاتوێکی باشترمان بۆ دابین بکات.*

**پ- سبارەت بە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە داهاتووی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**و:** پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵە و هەموو حیزبەکان بەشی زۆری بەوە بەندە کە تا چ ڕادەیەک بتوانین یەکەیەکی سیاسی نەتەوەییپێکبێنین. لەوەدا هەموو قازانج دەبەن و لە کەشوهەوایەکی وەهادا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش گەشە دەکات. جیا لەوە کە بۆ هەموان وەک یەک وایە و بە قازانجمانە، پێموایە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەبێ بە خۆگونجاندن لەگەڵ بزوتنەوەکە و کار بۆ یەکگرتویی کۆمەڵە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بزوتنەوەی کوردستان و ڕەوتی کۆمەڵە و چەپی کوردستان دابنێ. بەگشتی لەو باوەڕە دام کە دەبێ زۆر شێوازی کارمان روو بە بزوتنەوەکە بگۆڕدرێ و پێشموایە دەتوانین و پوتانسیەلی ئەو پێشوەچوونە دەبینم.

# ڕوانینی جنسییەتی لە بیۆلۆژیدا

نووسینی: پرۆفێسۆر مالین ئا کینگ
وەرگێڕان لە سوئدییەوە: ئەسعەد دورروودی

جنسییەت بە هەموو ئەو ڕوانین، نۆرم و پەیوەندیی دەسەڵاتانە دەگوترێ کە کۆمەڵگا خولقاندوونی و بە پیاو بوون و ژن بوونەوە گرێدراون. ئەم ڕوانین و نۆرم و پەیوەندیی دەسەڵاتانە کە چاوەڕوانی و ئیدەئالی تایبەت بە خۆیان دەخولقێنن، بە پێی زەمەن و سەردەم و لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە دەگۆڕدرێن.

بە تیشک خستنەسەر ئەو ڕاستییەی کە چۆن ڕوانینی کولتووری دەتوانی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی لێکۆڵینەوە زانستییەکان هەبێ، دەکرێ بە شێوەی ڕەخنەگرانە بڕوانینە ئەو شتانەی کە وەکوو شتی پیاوانە و ژنانە دەناسێندرێن و دەرخستنی ئەو ڕاستییە وا دەکا لێکۆڵەران بابەتە بیۆلۆژیکەکان دوور لە پێشداوەری لێکبدەنەوە.

لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بە چەن پرسیاری سەرەکی بکرێ

- چۆن ڕوانینەکان بۆ پیاو بوون و ژن بوون کاریگەرییان لە سەر تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی بواری بیۆلۆژی داناوە؟ بوەتە هۆی ئەوەی کامە پرسیار بێنەگۆڕێ و چ بابەتهایەک لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ؟ چ شێوەکارێک گیراوەتە بەر و چ ئاکامێک لە لێکۆڵینەوەکان وەرگیراوە و چ لێکدانەوەهایەک بۆ باس کردن هەڵبژێردراون؟
- زمانێک کە لە ژێر کاریگەریی ئەو ڕوانینەدا بەکارهاتوو کامەیە و چ شێوە دەربڕینێک بۆ باسکردنی دیاردە بیۆلۆژیکەکان بەکار هاتووە؟
- دەکرێ شێوەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی کاری زانستی لە بواری بیۆلۆژیکدا لە ژێر کاریگەریی ڕوانینی کولتووریدا نەمێنێ؟ بۆ نموونە بە بەکارهێنانی شێوازێک دوور لە کاریگەریی ڕوانینی جنسییەتی بۆ مرۆڤ کە دەبێتە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لە سەر نێر و مێ لە بیۆلۆژیدا بە شێوەی بێلایەنە و دوور لە پێشفەرزەکان بکرێ؟

لە باس و دێبەیتە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرجار لێکۆڵینەوە بیۆلۆژیکەکان وەکوو بەڵگە بۆ بۆچوونە سوننەتییەکان لە سەر ڕۆڵ و دەوری بە ناو سروشتیی ژنان و پیاوان لە پەیوەندیی جینسی و خانەوادە و ئەخلاق دەهێنرێنەوە. لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر جیاوازیی جینسەکان (ژن و پیاو و …) لە ناو کۆمەڵگادا بەهەند وەردەگیرێ و کاریگەریی زۆری لە سەر تێگەیشتنی گشتیی کۆمەڵگا

لە سەر دەور و نەخشی ژنان و پیاوان هەیە.

لێکۆڵینەوە بیۆلۆژیکەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەوەی کە دیاری بکەن چ شتهایەک لە باری بیۆلۆژیکەوە سروشتین و سەرچاوەکەیان لە سروشتی ئینساندایە دەورێکی بەرچاویان لە سەر ڕوانین مرۆڤ بۆ خۆی و ئەوەی مرۆڤ ڕێگە بە خۆی دەدا چی بکات یان تا چ ڕادەیەک لە چالاکیی کۆمەڵایەتیدا بچێتە پێشەوە هەبێ و، زۆرجار لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە لە باسەکانی پەیوەندیدار بە پێکهێنانی خانەوادە و پێکەوە ژیان وەکوو بەڵگە بەکار دەبرێن و ئاسەواریان لە دانانی یاسا و خولقاندنی کولتووری کۆمەڵگادا دیارن.

بەپێی گۆڕانی ئیدئۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا و نوێ بوونەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگا لێکۆڵەرانی بواری بیۆلۆژی دەرفەتی ئەوەیان دەبێ کە شێواز و زمانی زاڵ بەسەر لێکۆڵینەوە و کاری زانستییاندا بگۆڕن بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕە هەمیشە ڕوو نادا.

لە بیۆلۆژی و لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارەدا دووو ڕوانین بۆ مەسئەلەی جنسییەت هەیە یەکەمیان پێداگری لەسەر ئەو تێگەیشتنە نەگۆڕە دەکا کە بوونەوەرەکان لە کامپیوتر دەچن و لە باری ژنتیکییەوە بەرنامەیەکی دیاریکراویان تێدایە و بە پێی ئەو بەرنامەیە کار دەکەن. دووهەمیان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە جیاوازییە جنسییەکان تەنها لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگادان و تەنها ڕەوت و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانە کە فۆرم و شکڵ دەداتە جنسییەت. بەڵام بەمدواییانە زۆرێک لە لێکۆڵەران بڕوایان وایە کە پێویست ناکا ژنتیک لە بەرانبەر کۆمەڵگادا دابنێین و بەو شێوەیە تەنها لایەنێک لە مەسئەلەکە دەبیندرێ و لە ڕاستیدا هەردوو ئەو فاکتۆرانەن کە کاردەکەن سەر بابەتەکە.

هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دەتوانی جیاوازیی جنسی لە بواری بیلۆژیکەوە بخولقێنێ یان خەسڵەتێکی بیۆلۆژیک بەهێز یان لاواز بکا، بۆ نموونە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لە ژنان و پیاوان کار دەکاتە سەر شێوەی بەشداری و هەڵبژاردنی وەرزش و ڕاهێنانە وەرزشییەکان لای کچان و کوڕان و ئەو کاریگەرییە دەبێتە هۆی ئەوەی لەش و توانای فیزیکیی کچان و کوڕان گۆڕانی بەسەردا بێت.

ڕەخنەی فیمینیستی لە بیۆلۆژی زۆربەی جار لەسەر ڕوانینی بەرتەسکی زانایانی ئەو بوارە لە باری جنسییەتییەوە بووە واتە بایەخدانی زیادی بە کاریگەریی فاکتۆرە بیۆلۆژیکەکانی وەکوو ژێنەکان و هۆرمۆنەکان و بینای مێشک لەسەر هەڵسووکەوتی مرۆڤ. بابەتێکی گرینگی دیکەی ئەو ڕەخنەیە ئەوە بووە کە زاناکانی ئەو بوارە تەنانەت ئەو کاتانەی کاریگەریی فاکتۆرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە سەر ئاکاری مرۆڤ بەرچاوتر و دیارتر بوون زاناکان هەر زیاتر هەوڵیان داوە فاکتۆرە بیۆلۆژیکەکان زەق کەنەوە و بایەخی زیاتریان پێداون.

ڕوانینی ڕەخنەگرانەی جنسییەتی لە بواری لێکۆڵینەوەی بیۆلۆژیکەوە وەکوو زۆربەی بوارە زانستییەکانی دیکە گرینگیی بەوە داوە کە جنسی مێ لە لێکۆڵینەوەکاندا زەق بکاتەوە و ئەو پرسیارانە بێنێتە گۆڕێ کە پێشتر باسیان لێوەنەکراوە.

ئەم شێوازە ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی بابەت و باسەکانی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بێلایەنانەتر و لەڕاستیدا زانستییانەتر بچنەپێشەوە.

پارادۆکسێکی دیار لە لێکۆڵینەوە بیۆلۆژیکەکاندا ئەوەیە کە هەموو زاناکانی ئەو بوارە دەزانن لە نێو بوونەوەرەکاندا هەمجنسگەرایی و پەیوەندیی جینسیی جیاواز لە نۆرمەکان دیار و بەرچاون بەڵام هێشتا خاڵی دەسپێکی کار و لێکۆڵینەوەکانیان ئەو حاڵەتانەن کە بە ئاسایی ناویان لێنراوە و پێداگری لەسەر ئەو نۆرمە دەکەن کە نێر و مێ لە نێو بوونەوەرەکاندا زیاتر پەیڕەوی لێ دەکەن.

مەبەستی ئەم نووسراوەیە ئەوەیە کە دەریخا دەرفەت و ئیمکانێکی باش بۆ دەخاڵەتی زیاتری ڕوانینی یەکسانیخوازانە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی بواری بیلۆژی و بوارەکانی دیکەدا هەیە. مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەگەر تیۆری و ئەزموونە تەجروبییەکانی بیۆلۆژی لە ژێر کاریگەریی کولتووری زاڵی کۆمەڵگادا نەمێنێ دەتوانێ تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ فراوانی و جۆربەجۆریی جینسیی ئینسانەکان بگۆڕێ. کلیشە جنسییە سوننەتییەکان و زاڵبوونی کولتووری هێترۆسێکسوالیتی بەسەر بیۆلۆژیدا زانایانی ئەو بوارە لەگەڵ چەلنج و پرسیارهایەک بەرەوڕوو دەکا کە پێویستە بۆ تێگەیشتنی فراوانی و جۆربەجۆریی جینسی و سێکس و خوازیارییە جنسییەکان کە لە سروشتدا هەیە، وەڵام بدرێنەوە.

ناتەباییەکی ئاشکرا کە لە کاری زانایانی بواری بیۆلۆژیدا هەیە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زاناکان ئاگاداری جۆربەجۆری جینسی و خوازیاریی جینسی لە سروشتدا بەڵام هێشتا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە سەر نێر و مێ پەیڕەوی لە کلیشە و بۆچوونە بەناو نۆرماڵەکان دەکەن.

ئاگاداربوونی زانایان لە فەرزییە و گۆشەنیگا نوێکان و ڕوانینی ڕەخنەگرانە بۆ بۆچوون و ئیدەکانی ئەمڕۆ دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئیدە و زانستی نوێ. گرینگیدان بە ئەم ڕەخنە لە خۆگرتنە دەبێتە هۆی بەرینبوونەوەی چوارچێوەی زانستیی مرۆڤ و دەرخستنی جیهەت و شێوەی جیاوازی لێکۆڵینەوە، وزەیەکی زیاتر بە گۆڕینی تیۆری و کردەوە لە لێکۆڵینەوەکاندا دەبەخشێ. هاوکات ئەم هەوڵانە دەتوانی کاریگەریی لە سەر گۆڕان لە تێگەیشتنی گشتی لە بیۆلۆژی هەبێ.

خاڵی کۆتایی کە زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئەو بۆچوون و تێگەیشتنەی لێکۆڵینەوە بیۆلۆژیکەکان دەیخولقێنن تەنها کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی ئاکاری مرۆڤ و حەیوانەکان نابێ بەڵکوو هاوکات لە سەر باسە سیاسییەکان کاریگەرن و لە دیاریکرانی سیاسەت و یاسادا دەور دەبینن.

# خۆکوشتنی کچان تاوانێکی دیکەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانە

گەلاوێژ عەبدیکانی

کچێکی یازە ساڵانی ئیلامی خۆی هەڵواسی، منداڵێکی ١١ ساڵانی کرماشانی بە خواردنی دەرمانی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، دوو کچی تازە لاو لە جوانڕۆ خۆیان کوشت. ئەم هەواڵە دڵتەزێنانە گوزارشت لە کارەساتێکی قووڵی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەکەن. تەنانەت ئامارە ڕەسمییەکانی حکوومەت ئاماری کارەساتباری خۆکوشتنی منداڵان و تازەلاوان پشتڕاست دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە تەمەنی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن بە شێوەیەکی بەرین کەمبووەتەوە و شێوازەی سەیر و دڵتەزێنی خۆکوشتن زیادیان کردووە. ئەو ئامارە لەو ناوچانە هەژار ڕاگیراون و ستەمی چەن قاتی حکوومەتی ئێران و دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئیسلامی بەرینترن لە ئاستێکی بەرزتردایە. شێوازەکانی خۆکوشتن وەکوو خۆهەڵواسین لە شوێنە گشتییەکان و خۆ خستنەخوارەوە لە پردەکان و بینا بەرزەکان کاریگەریی خراپی لە سەر سلامەتی کۆمەڵگا هەیە، کۆمەڵگایەک کە خۆی تووشی هەزاران گرفت و کێشە و دەرد و ئازاری ئاسەواری دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانە.

بە پێی ئامارەکان چەن دەیەی ڕابردوو خۆکوشتن زیاتر لە نێوان کەسانی ١٨ تا ٤٠ ساڵاندا باو بووە بەڵام ئەمڕۆکە خۆکوشتن لە نێوان لاوانی کەمتەمەندا بووتە شتێکی ڕۆژانە و ئاماری خۆکوشتنی لاوانی ١٤ و ١٥ ساڵان و هەروەها ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ئامارەکان دەریدەخەن خۆکوشتن لە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا لە چاو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زۆرترە.

ژمارەیەک لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە ئەمانەن:

گوشاری تایبەت بۆ سەر ژنان و سەرکوت و بێمافیی چەند قاتی کچان لە ژێر سێبەری حکوومەتی ئێراندا کە تەنانەت بەرگپۆشینێکی ئاسایی لە منداڵێکی کچی تەمەن ٩ ساڵان کردووەتە ئاواتێکی بەدینەهاتوو.

هەژار ڕاگرتنی سیستماتیکی بەشهایەکی بەرین لە ناوچەی ژێدەسەڵاتی حکوومەت ئیسلامیی ئێران لەوانە کوردستان و بەلووچستان و … کە تەنگی بە خانەوادەکان هەڵچنیوە و منداڵان و لاوان سەرەکیترین قوربانییەکانی ئەو بێبەشییەن.

نەبوونی پێشکەوتن و جووڵەی دڵخۆشکەری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری لە ئێران کە بووەتە هۆی خەمووکیی گشتی لە کۆمەڵگادا.

نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتووی لاوان. خۆکوشتن لە وڵاتێکدا کە میلیۆنها لاو هیوایان بە داهاتوویەکی گەش و زەمانەتێکیان بۆ دەسکەوتنی کاری شیاو و ئابوورییەکی باش و ژیانێکی ئاسوودە نییە، لەوانەی زۆر سەیر نەبێ.

نەبوونی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەستی زیندانی بوون کە دەبێتە هۆی دۆخی نالەباری دەروونی هەمووان بەتایبەت تازەلاوان و لاوان.

داڕمانی ئابووری و بەرینبوونەوەی هەژاری و قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی بەرینی هەژار کە ئیمکانی ژیانێکی ئاسایی لە زۆربەی خەڵک زەوت کردووە و زۆربەی لاوان و تازەلاوانی لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی تەمەنی خۆیان بێبەشکردووە.

ئاسایی بوونەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی سیاسەتە نامرۆڤانەکانی حکوومەت وەکوو ئیعدام لە پێشچاوی خەڵک و شەللاق و لێدانی خەڵک و پەڕاندنی دەست و لاقی کەسانێک کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی حکوومەتدا تووشی تاوانێک هاتوون.

بەرینبوونەوەی تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان کە یەکێک لە سیاسەتەکانی خودی حکوومەتە و سپای پاسداران و ئۆرگا و دەزگا ئەمنییەتییەکانی حکوومەت بۆ ڕووخاندنی ورە و هەستی ئازادیخوازی و حەقخوازیی لاوان دەوری بەرینیان تێدا هەیە.

بڵاکردنەوەی کولتووری خەمباری و تازیەباری شیعە و ڕێگرتن لە بوونی جەو و فەزای شاد لە کۆمەڵگادا کە کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر باری دەروونی لاوان و منداڵان هەیە.

ئەم فاکتۆرانە و زۆر شتی دیکە کە بەرهەمی دەسەڵاتی توتالیتر، دیکتاتۆری و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، وایان کردووە هیوا بە ژیان کز بێ و دڵخۆشی بەداهاتوو



کەمبێتەوە و تام و چێژێک لە ژیانی ئەمڕۆدا بۆ چینێکی زۆر بەرینی کۆمەڵگادا نەمێنێ و دیارە ئەم دیاردانە لەگەڵ خۆیان خەسار و گرفتی وەکوو خۆکوشتن بۆ کۆمەڵ بەدیاری دێنن.

تراژێدیای خۆکوشتنی زێنەب کە لە بەر دەستێک جلوبەرگی نوێ کە بۆیان دابین نەکرابوو، دەریدەخا سیاسەتی دووقات ناڕەوای دەسەڵاتدارانی ئێران بەرانبەر بە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان چ کارەساتهایەک دەخولقێنێ. پارێزگاکانی ئیلام، لوڕستان و کوردستان نموونەی ئەو ناوچانەن کە حکوومەت هیچ هەوڵێکی بۆ چارەسەری هەژاری و نەداری و

**قووڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتییەکان تێیاندا نەداوە و لە ئاکامی سیاستی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا هەژارییەکی بەرین ئەو ناوچانەی داگرتووە و بێهیوایی و بێئاسۆیی ژیانی منداڵان و لاوانی خستووەتە مەترسییەوە.**

**تەنها ڕێگەچارەی یەکجاریی دیاردەی دزێوی خۆکوژی و خەسارە** کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە لە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا بەرۆکی خەڵکی گرتووە لە پلەی یەکەمدا لادان و نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە و دواتر هەوڵ بۆ چارەسەری بنەڕەتیی ئەو خەسارانە لە ڕێگەی بنەبڕکردنی هەژاری، کار بۆ یەکسانیی جنسییەتی، دابینکردنی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردەی پێشکەوتووانەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو دامودەزگا و ئیدۆئۆلۆژی و شێوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیەوە ڕێگری بەختەوەریی ئەو خەڵکەن کە ئەمڕۆ لە جوگرافیایەکی سیاسی لە ژێر ناوی ئێران دەژین.

# مرۆڤ بوون، ژن بوون و کوردبوون لە ئێرانی ئیسلامی تاوانن

**پرشنگ محەممەدی**

یاسای بنەڕەتی لە ئێران بۆ یەکەمجار ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی داڕێژرا، واتا شۆڕشی مەشرووتە بووە هۆی ئەوەی یاسای بنەڕەتی لە ئێران لەدایک بێ. لەو یاسایەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی ژنان نەکرابوو، تەنیا لە مادەی ١٠ی یاسای بنەڕەتیدا باس لەوە دەکا کە کەسانی نابالغ، دواکەوتووانی زەینی و شێتەکان و ژنان نەک هەر بۆیان نییە خۆیان بۆ پارلمان بپاڵێون، بەڵکوو مافی دەنگدانیشیان نییە، دیارە یاسای بنەڕەتی مەشرووتەش بەدەر نەبوو لە کاریگەری و هەژموونیی ئایینی ئیسلام.

دە ساڵ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەو کاتەی کە ئاستی خوێندەواری لە نێو ژناندا بەرز بووەوە و تا ڕادەیەک ژنان هەستیان بەو هەمووە غەدر و هەڵاواردنە کرد، مادەی ١٠ی یاسای بنەڕەتی هەموار کرایەوە و ژنان لە هەندێک مافی وەک دادوەری، نوێنەرایەتی لە پارلمان و بەشداریی ئازادانە لە چالاکییە هونەرییەکاندا بەهرەمەند بوون.

ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئیتر ئێران پێی نایە قۆناغێکی دیکەی ژیانی سیاسییەوە، دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ یاسایەکی بنەڕەتی کە بنەماکانی ئایینی ئیسلام بە خەستی تێیدا ڕەنگی دابووەوە، خرایە بەردەم ڕای گشتی. لەو یاسایەدا ئەوەندەی پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە، بەیەکجاری مافەکانی ژنانی تێدا بەرتەسک کرایەوە، واتە ئەگەر بۆ شیکردنەوەی مافی ژنان پەنا بۆ هەر سەرچاوەیەکی ئیسلامی لە میانەڕەو ڕا بگرە تا دەگاتە توندڕەوەکان ببەین، بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ بابەتێکدا یەکسانیی مافی ژن و پیاوی تێدا بەدی ناکرێ.

ئەوە پێشەکییەکی کورت بوو بۆ ئەوەی بەکورتی ئاوڕێک لە یاسای بنەڕەتی ئێران بدەینەوە و بزانین لەوەتی لە ئێران یاسا هەیە، چەندە مافی ژنی تێدا ڕەچاو کراوە.

بەردی بناغەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە پەسەندکردنی یاساکانی هەڵاواردن دانراوە و زیاتر لە چوار دەیەیە کە ژنان بەردەوام قوربانیانیی سەرەکیی هەژاری، بێکاری، لەشفرۆشی، هەڵاوسانی ئابووری و گرانی، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و باقی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانن.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕژیمەوە ژنانی کوردستان لە یەکەمین قوربانیانی زیندان، ئێعدام، ئەشکەنجە و دەستدرێژی بوون و لە سەنگەرەکانی خۆڕاگریی گەلی کورد لە زیندانەکان و لە خەباتی چەکدارانە چەندین حەماسەیان خولقاند و قارەمانانە فیداکارییان کردووە. بەشداری ژنانی کورد لە بزوتنەوەی ژنانی ئێران بە ئەژمار و ناوەرۆک بەرچاو بووە و لە خەبات دژی دیکتاتۆریی ئەم ڕژێمە لە ڕیزی پێشەوە بوون.

ژنان لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەشدارییەکی بەرینیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی خەباتدا بووە و پێگەیەکی دیاریان دەستەبەر کردووە. بەشداری بەرینی ژنان لە بزوتنەوەی شورشگێڕانەی کوردستان لە زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، فیداکاری و لەخۆبردوویی و بەرخۆدانی ئەوان لە سەنگەری خەبات، یارمەتیدەریان بووە تا ئەزموونگەلێکی پڕ بایەخ بەدەستبێنن و بڕوا بەخۆیان و تواناکانیان لە خەباتدا زیاتر بێ.

لە کوردستان سەرەڕای هەموو ئەم ڕێگری و دەردانە، هۆشیاریی گشتیی ژنان و بەشدارییان لە بواری چالاکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئەدەبیدا زۆر بەرینتر لە جارانە. سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرەکان، ژنان ئەمڕۆ لە ئاستی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنیدا هێزێکی حاشا هەڵنەگرن. زانستی گشتی و هەست بە پێویستیی تێکۆشان بۆ ڕزگاربوون گەشەی کردووە. ژنی شاعیر، نووسەر، هونەرمەند و سیاسەتمەدارمان کەم نین. بزوتنەوەی ژنان بووەتە هێزیکی ڕەخنەگر و خوازیاری ئاڵووگۆڕ. ئەمە مژدەی ئاسۆیەکی ڕوونترمان بۆ ئازادیی زۆرتری ژنان و بۆ سەربەخۆیی زیاتری بزاڤەکەیان لە داهاتووی ئاڵوگۆڕەکاندا پێدەدا.

هاوکات بە هۆی کولتووری کۆنی پیاوەمزنانە بە پشتیوانیی دەسەڵات و یاسای دواکەوتووانە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەڕێوەی دەبا کارەساتی وەکوو خۆسووتاندنی ژنان و کوشتنی ژنان، دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و کچان لە تەمەنە جۆرواوجۆرەکاندا، بەردباران و ... هتد، بەردەوام ڕوودەدەن. ئێرانی ئیسلامی بۆ ژنان زیندانێکی گەورەیە کە دیوارەکانی بە ڕزیوترین یاسای کۆیلەتی قایمکراوە.

ئێستاش بەپەراوێزکەوتنی زیاتری کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی و گەمارۆی ئابووری و ناکارامەیی لە بواری کۆنترۆڵی پەتای کۆرۆنا، قەیرانی ئابووری زیاتر لە هەر کاتێک کاریگەریی لە سەر خەلک بە تایبەت ژنان داناوە و ئەوانی کردوەتە بێبەشترین توێژی کۆمەڵگا و هەروەها بووەتە هۆی چەند قات بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان و هر چی گوشاری ئابووری و ناڕەزایەتیەکان زیاتر دەبێ، دەزگای قەزایی ئێران لە گەڵ چالاکوانانی مەدەنی و بەتایبەت ژنان توندوتیژتر هەڵسوکەوت دەکات.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانەی کە باسمان کرد، شتێک کە زۆر لەبەرچاو و ڕوونە، خۆڕاگری و ڕاوەستانی ژنانی ئازا و دلێری کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێرانە کە ڕێژیمی تووشی داماوی و سەرشۆڕی کردووە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا دۆخی ئەمنییەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا توندتر بووەتەوە و دەستبەسەرکردن و بانگهێشتی چالاکانی مەدەنی، چالاکانی ژینگەپارێز و کرێکاری زیادی کردوە، ئەم جارە هێزە ئەمنییەتییەکان سەندیکا جەماوەرییەکانیان کردووەتە ئامانج، شەپۆلی گرتنی چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ڕەشەممەی ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێ کرد، چالاکانی کورد لە بواری جۆراوجۆری خەباتی مەدەنیدا یان دەستبەسەر کراون یان لە ژێر زەخت و چاودێریی توندی ئەمنییەتی و هەڕەشەی دەزگا سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان.

زارا محەممەدی ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی جۆزەردانی ٢٧١٩ (٢٣ی مەی ٢٠١٩)، دوای هێرشی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ سەر ماڵەکەی لە شاری سنە دەستبەسەر و ڕۆژی دووشەممە ١١ی سەرماوەزی هەمان ساڵ بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. زارا تەمەنی ٢٩ ساڵە و لەدایکبووی گوندی سەراوڵەی شاری دێولان سەر بە پارێزگای سنەیە و بڕوانامەی کارناسی باڵای ژئۆپۆلۆتیکی لە زانکۆی بیرجەند وەرگرتووە. زارا ١٠ ساڵە کە لە گوندەکانی دەوروبەری سنە و ناو شاری سنە وانەی کوردی دەڵێتەوە و ٦ ساڵ پێش یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نۆژین بووە و دواتر بە کۆی دەنگی ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوە وەکوو سەرۆکی ڕێکخراو هەڵبژێردراوە. ئەنجومەنی نۆژین یەکێک لە ئەنجومەنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی پارێزگای سنەیە کە لە چەند شاری ئەو پارێزگایە وەکوو سنە، کامیاران، دێولان، سەقز و بانە لقی هەیە و چالاکی دەکات.



زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی و بەرپرسی ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نۆژین، ٧ مانگ دوای ئازاد بوونی بە شێوەی کاتی، لەلایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە حوکمی ١٠ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا.

زارا، خەباتکارێکی ڕاستەقینەیە و شارومەندێکی ئەرک وەخۆگرە، ژن بوون، کورد بوون، ڕاستگۆبوون و لە هەمووی گرینگتر ئەرکی شارومەندی جێبەجێکردن تاوانی زارە محەممەدییە، فێر کردنی زمانی دایکی (کوردی) بە منداڵان، یارمەتی بە لێقەوماوانی بوومەلەرزە و لافاولێدراوەکان، پاراستنی مروڤایەتی، تاوانەکانی زارا محەممەدییە، بۆیە ڕژیمی ئیسلامی لێ دەترسێ و ١٠ ساڵ سزای بەندکردنی بەسەردا سەپاند.

زارا محەممەدی یەک دەیە لە تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەی و زمانی دایکی تەرخانکردووە، بۆیە دوای ڕاگەیاندنی هەواڵی سزادانەکەی، شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردووە و بە هەشتەگی «ئێستا کچێک نیشتمانمە» و حوکمی زارا دەبێ هەڵبوەشێتەوە و..... داوا دەکەن سزاکەی هەڵبوەشێندرێتەوە و پێش بە چالاکییەکانی نەگرن.

٦٥٠٠ زمان لە جیهاندا هەیە کە تێیاندا زمانی کوردی یەکێک لەو دەگمەن زمانانەیە کە لە ڕوانگەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە وەکوو مەترسییەکی چاوی لێدەکرێ و مامۆستاکانی ئەو زمانە سزای زیندانیان بەسەردا دەسەپێ.

«فێرکردنی زمانی دایکی مافی ڕەوای هەر نەتەوەیەکە» و حوکوومەتەکان دەبێت بۆ ئەو مەبەستە ئاسانکاری بکەن نەک ببنە بەربەست یان بە تاوان هەژماری بکەن.

با هەموومان یەکدەنگ، یەکگرتوو و خۆڕاگر پاڵپشتی زارا بین، پاڵپشتی لە زارا ئەرکی مروڤانەیە.

حوکمی زارا دەبێ هەڵبوەشێتەوە.

ExonerateZara#

# ژنان و کێشەی ئەمنییەتی دەروونی

**ژیلا ئەحمەدی**

یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی ژنان کە بە هۆی کولتوور و ڕوانینی نایەکسان و پیاوسالار پێشێل دەکرێ و دەسەڵاتە کۆنەپەرەست و ئاینییەکان پەرە بەو پێشێلکاری و بێمافییە دەدەن، نەبوونی ئەمنییەت و ئارامیی دەروونییە. ترس و دڵەڕاوکێ بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاردایە و ژنان بە شێوەیەکی گشتی یەکەم قوربانیی ئازاری دەروونی و جەستەیی لە کۆمەڵگادان. ڕوانینی پیاوسالار کە بە شێوەی مێژووی هەستی باڵادەست بوونی داوەتە پیاوان و هاوکات ئەو بیرەی لە زەینیاندا دروست کردووە کە ئەوان خاوەن دەسەڵات و خاوەن بڕیاری ژیانی ژنانن و یاسا و ڕێسا و دەسەڵاتی ئایینیش کە پەرەی بەو بۆچوونە داوە، بوونەتە هۆی ئەوەی پیاوانی هەڵگری ئەو بیرە ڕێگە بە خۆیان بدەن بڕیاردەر و دیاریکەر بن لە ژیانی ژنانی دەوروبەریان و لە حاڵەتی لە قسەدەرچوونیان هەڕەشەیان لێبکەن و توندوتیژییان بەرانبەر بنوێنن.

پێشێلکرانی مافەکانی ژنان بەدەستی ئەندامانی بنەماڵە و هەروەها لە کۆمەڵگادا و بە کەم دانانیان کاریگەریی ڕەوانیی خراپی لەسەریان داناوە و زۆرجار بڕوابەخۆیانی لاواز دەکا و ترس و دڵەڕاوکێ دەکاتە شتێکی دەروونی تێیاندا. ترس لە تاقیکردنەوەی شتی تازە، ترس لە بەزاندنی ئەو سنوورانەی لە منداڵییەوە بۆیان دیاریکراوە و ترس لەوەی دەسدرێژییان بکرێتە سەر و دەیان ترسی دیکە ژیانی ژنانی داپۆشتیوە. هەستی تاوانباربوون هەستێکە کە کۆمەڵگا پیاوسالار بە پەروەردە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە هەوڵ دەدا لە مێشکی ژناندا جێگیری بکا. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگا پیاوسالاردا ژنان هەموو کاتێک تەنانەت ئەو کاتانەی دەسدرێژییان دەکرێتە سەر و بێحورمەتییان پێدەکەرێ بە تاوانبار دادەنرێن و نە یاسا و نە کولتوور و نە بنەماڵەی ژنی قوربانیی پشتیوانیی لێ ناکەن، ژنان هەمیشە هەوڵی جۆرێک لە خۆپاراستن و خۆلادان لەو کارانە دەدەن کە لەوانەیە زیاتر بیانکاتە قوربانیی ئەو بۆچوونە دواکەوتووانەیە، بوون لە شوێنێک کە کەس ناناسن، بوون لە چۆڵەوانی و شوێنهایەک کە خەڵکی زۆری لێ نییە، سەفەر بۆ شار و ناوچەکانی دیکە و تەنانەت پیاسەیەکی ئێواران دەتوانێ ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە دڵی ژنان و کچانی کۆمەڵگای پیاوسالار بەتایبەت لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دواکەوتووی ئایینی.

سەرچاوەی ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە و بارهێنانی کۆمەڵگا و خانەوادەکان، لەو جێگایە ژن وەکوو نامووسی خانەوادە دەناسرێ و هەر لە منداڵییەوە نەکەی نەچی ئەتۆ کچی گوێیان پڕ دەکا و دەیانترسێنێ، لە خوێندنگەکان و لە خوێندنی سەرەتاییەوە پێیان دەڵێن ئێوە کچن و دەبێ خۆتان داپۆشن و دەبێ لە ماڵەوە بن و یاسا و داب و نەریتی ئایینی لەو کۆمەڵگایانەی دەسەلات و کولتووریان لە سەر بنەمای ئایین دانراوە دەبێتە هۆی ئەوەی بێمافیی ژنان و ئەو ترسەیان ببێتە ڕاستییەکی تاڵ چونکە ژنان دەزانن لە هەموو حاڵەتێکدا تەنانەت ئەگەر قوربانیش بن هەر لە چاو خانەوادە و کۆمەڵگا و یاساوە وەکوو تاوانبار چاویان لێدەکرێ و سزا دەدرێن.

لە کۆمەڵگایەکی ئاوەهادا ئاساییە کە ژنان هەست بە کۆیلەبوون و پلە دوو بوون بکەن و لەبەر ئەو زوڵم و ستەمەی لێیان دەکرێ دڵخۆشی بە ژیان تێیاندا لاواز بێ و لە ئاکامدا تووشی خەمووکی و باری خراپی دەروونی بن و زۆر جار دەست بدەنە خۆکوشتن.

یەکێک لە نامرۆڤانەترین یاسا و کولتوورەکانی ناو کۆمەڵگای ئایینیی پیاوسالار ناچارکردنی ژنێک کە دەسدرێژی کراوەتە سەری بە هاوژینبوون لەگەڵ ئەو تاوانبارەیە کە دەسدرێژیی کردووەتە سەری. هەم یاسا و هەم کولتووری کۆمەڵگا لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا ئەو کارە نائینسانییە بەرانبەر بە قوربانی دەکەن و ئەویش ناچارە یان هەموو ژیانی ئازاری دەروونی ژیان لەگەڵ ئەو تاوانبارە قەبووڵ بکا و یان پەنابەرێتە بەر خۆ سووتاندن و خۆکوشتن.

ئازاردان و بێحورمەتی لە ژنان لە زۆربەی شوێنەکان لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا شتێکی ڕۆژانەیە و لە خوێندنگەکان لە شوێنی کار و لە سەر شەقامەکان ئەو دیاردە دزێوە دەبینرێ. زۆر لە ژنان ناچار دەبن لەبەر ئەو ئازار و بێحورمەتییانە واز لە کارەکانیان بێنن و ئەوانەی ناچارن بەردەوام بن لە کار کردن زۆرجار تووشی گوشاری دەروونی ئازارێکی بەردەوام دەبن. دیارە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لای بۆچوونی پیاوسالار سەربەخۆیی ئابووریی ژنان شتێکی نەخوازراوە کە زەبر لە باڵادەستبوونی پیاوان دەدا و دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگادا دەخاتە مەترسییەوە بۆیە دەسەڵات و بۆچوونی پارێزەری ئەو سیستمە حەز بە سەربەخۆیی ئابووریی ژنان ناکا.

بۆ دەربازبوونی لەم دۆخە و دابینکرانی ئاسایش و ئەمنییەت بۆ ژنان پێویستە لەسەرتاوە پەروەردەیەکی ئینسانی و یەکسانیخوازانە لە بنەماڵە و خوێندنگەکان جێگیر بکرێ بۆ ئەوەی ڕوانینی ئینسانەکان هەر لە منداڵییەوە ڕوانینێکی مرۆڤانی و دوور لە جنسییەت بێ. تەنها لە کاتێکی وادایە کە پاراستنی حورمەتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا جیا لە جنسییەت و ڕەنگ و تەمەن و ... مومکین دەبێ. دیارە بۆ ئەوەی ئەم کولتوور و پەروەردەیە لە کۆمەڵگادا بڵاوبێتەوە و زاڵ بێ پێویست بە کاری بەردەوام و درێژخایەنە و لەو ماوەیە و دواتریش پێویستە یاسایەکی یەکسانی خوازانە پارێزگاری لە قربانیان بکا و ڕێگە نەدا ئەو کەسانەی خاوەنی بۆچوونی پیاوسالارانەن بە دڵی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و کۆمەڵگا و ماڵەکان بۆ ژنان نائەمن بکەن. ژنان دەبێ دڵنیابن کە ئەگەر کەسێک توندوتیژییان لەگەڵ بکا یان دەسدرێژییان بکاتە سەر بە توندی سزا دەدرێ و قوربانییەکان بە هەموو شێوەیەک لە باری دەروونی و مادییەوە یارمەتیی دەدرێن و کۆمەڵگا بە چاوی سووک چاویان لێناکا.

# ترامپ، کۆرۆنا و هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئشپیگل**
**ئاروین سەعیدپوور کردوویە بە کوردی**

لە پاییزی ساڵی ٢٠١٦ تەنیا جەماوەرێکی دەگمەن باوەڕیان وابوو کە دۆنالد ترامپ –کەسایەتی بەناوبانگی ئیمپراتۆری خانوو کە دژ بە ژنان خراپ قسە دەکا- بتوانێت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. تەنانەت ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕۆژی ئاخری هەڵبژاردن دا رەسمی هیلاری کلینتۆن وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئامادە کردبوو کە ناچار بە گۆڕینی بوو. دۆنالد ترامپ کە لە کاتی هەڵبژاردن دا باسی لەوە دەکرد کە سەردانی تەواوی شارەکانی ئەمریکا دەکات و ڕزگاریان بۆ بێنێت ئێستاکە بە وتەی ڕۆژنامەی ئشپیگل لە نێوان دووکەڵ و گەمارۆی هێزە چەکدارەکانی ئەرتەش دان و هەروەها دانیشتوانی ئەمریکای ئێستا لە ژێر مەترسی گرتنی نائاسایی دان. هەروەها ئشپیگل ڕوداوەکانی ئەم دواییە وەک یاری کۆمپیوتەری ( Call of duty) ناو دەبات بەڵام لە دنیایی ڕاستەقینە.

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی جیهانی ئابووری باس لەوە دەکات کە دۆنالد ترامپ لە شارگەلێک وا بزوتنەوەی دژی رەگەز پەرستی بەردەوامە و خوازیاری گرنگی دانی زیاتر بە گیانی رەش پێستەکانن هێزی چەکداری فێدراڵ وەک هێزی میلیشیا بەکار دەهێنێت. ئەم شێوازە لە بەکار هێنانی هێزی سەربازی هەتاوەکو ئێستا تەنیا دژ بە هێرشی تیرۆریستی و دژی مادە هۆشبەرەکان بوونی هەبوە. ڕۆژانە سەدان دایکی ئاشتی خواز لە بەرامبەر ئەم هێرشە سەربازیە دەوەستن. ئەم کەسایەتییانە کە خۆیان بە دیواری دایکان دەناسێنن داواکاری ڕاگرتنی جموجۆڵی سەربازی و تەقەمەنین. بەڵام بە داخەوە هێزی سەربازی هەتاوەکو ئێستا هیچ گرنگیەکی بەم بزوتنەوەی نەداوە. جاستین مریل کە خۆی کۆنە سەربازی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بوەو ئێستا یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی دایکان ی ئاشتی لە وتوویژی تەلەفونی لە گەل ڕۆژنامەی ئشپیگل باس لەوە دەکات کە ڕۆژانە دەیان دایکی ئاشتی دەکەونە بەر دەستریژی و توندوتیژی هێزە سەربازییەکان. مریل لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت ئەو خەڵکەی وا خۆبەخشانە لە نێوان خەڵکدا چاودێریان دەکەن و هەوڵی پاراستنی گیانی هاووڵاتییانیان هەیە لە گەمارۆی هێزە چەکدارەکان دەکەونە بەر دەستریژی و توندوتیژی هێزە سەربازییەکان. بۆیە لای مریل ئەم جۆرە ڕووداوانە بەراستی سەرسوڕهێنەر و هەموی توشی شۆک کردوە.

لە ئاخرین ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا جۆ بایدن سیاسەتوان حیزبی دیمۆکرات توانی پێشکەوتنی بەرچاوی لە بەرامبەر دۆنالد ترامپ بە دەس بێنێت و ئەمەش هۆکاری هەڵوێست ناشیاوەکانی دۆنالد ترامپە لە قەیرانی ئەم دواییە. دۆنالد ترامپ دەڵێت کە « ئێمە دەبێت کارێک بکەین» و هەروەها باس لەوە دەکات کە هەندێک لە شارەکانی ئەمریکا وەک نیویۆرک، شیکاگۆ، فیلادێلفیا و .... کەوتووەتە دەستی لیبرال دێمۆکرات یان چەپە ڕادیکاڵەکان و هەروەها ترامپ پێیوایە کە ئەگەر جۆ بایدن لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا سەرکەوتوو بێت ئەوە شارەکانی دیکەی ئەمریکایش ئەم کارەساتە بەسەریاندا دێت و لە ئاکامدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێگە نادات ئەو شتە روو بدات و هەموو هێزی خۆمان بەکار دەهێنن. پۆرتلەند ( شارێکی بچووک لە ڕۆژئاوای ئەمریکا) دەستپێکە. دۆنالد ترامپ ئێستا دەیهەوێت بە بیانووی هەبوونی تاوان و جەنایت لە شارگەلێک کە هەتا ئێستاش بزوتنەوەی دژی رەگەز پەرستی بەردەوامە، ڕێژەی هێزە نیزامییەکانی زیاد بکات. بەڵام بە پێی یاسای ئەمریکا بەرپرسی ئەم بەشە پۆلیس و هێزی ئاسایش نەک هێزی چەکداری فیدرالی.

هەندێک لە ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن کە ترامپ بە قەسدی دەیهەوێت ڕێژەی ئاژاوە و نا ئەمنی بباتە سەرەوە بۆ ئەوەیکە خۆی وەک ڕزگار دەر بناسێنێت و وادیارە سەرۆک کۆماری شکست خواروی ئەمریکا بەدوای سازکردنی ڕوداو گەلێکی جۆراوجۆر تا بتوانێت لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئەمریکا خۆی پێ نەجات بدات.

شکستی مێژووی

گۆڕەپانی هەڵبژاردنی دۆنالد ترامپ روبەروی شکستێکی مێژووی بوەتەوە. پیاوێک کە خۆی بە ڕزگارکەر ی ئەمریکا دەناسان و وەک پێشەوا ناوی لەخۆی دەبرد لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی جیهانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا (Covid-١٩) بە تەواوی تێکشکا و بێ ئەزموونی دەولەتەکەی بە روونی دەرخست. بەم هۆیەوە دۆنالد ترامپ ڕێژەیەکی زۆری لە جەماوەری کە پالپشتی ئەو بوون لە هەڵبژاردنی پێشوو.

ترامپ بۆ چارەسەرکردنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا داوای لە خەلک دەکرد دەرمانی دژی چڵک لە خۆ بدەن! و هەروەها داوای لە وەزارەتی تەندروستی کردبوو کە ڕێژەی پشکنینی ڤایرۆسی کۆڕۆنا دابەزینی. بە بروای ترامپ بەرز بوونەوەی ڕێژەی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا پەیوەندی بە بێ ئەزموونی دەولەتەکەی ئەوەوە نیە بەلکو بە هۆی زۆرینەی پشکنینەکانە! ڕێژەی مردن بە هۆی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە ئەمریکا گەیشتووەتە ١٥٠ هەزار کەس، هەروەها نزیک بە ٣٠ میلیۆن کەس بە هۆی ئەم قەیران وە بێ ئیش







بوون کە لەم ڕێژەیە ٥ میلیۆن کەس تەنانەت خاوەن هیچ پاڵپشتی کی حکومی نین.

بەرز بوونەوەی ڕێژەی بێکاری هۆکارێکی گرینگە لە دابەزاندنی سیستەمی ئابووری ئەمریکا و هەروەها هاتنە خوارەوەی ڕێژەی چینی ناوەندی و پەیوەست بوونی بە چینی خوارەوە کۆمەلگا. ئەمریکا هەموو کات خۆی بە یەکێک لە پێشکەوتوترین وڵاتانی جیهان داناوە و هەمو ئەمریکییەکەش لە سەر ئەم باوەڕەیە کە لەگەل هەموو دنیا دا جیاوازن. بەڵام هەتا وەکوو ئێستا هیچ کام لە وڵاتە پێشکەوتووە کانی جیهان بە رادەی ئەمریکا لە بەرانبەر قەیرانی کۆڕۆنا کاردانەوەی خراپیان نەبووە. ڕێژەی تووشبوان لە وڵاتی ئەمریکا بە ٣٣٠ میلیۆن دانیشتو ٦٦٠ هەزار کەسە بەڵام لە یەکیەتی ئەورووپا بە ٤٤٠ میلیۆن دانیشتوو ڕێژەی تووشبوان گەیشتووەتە ٥ هەزار کەس.

دۆنالد ترامپ وەکوو یەکەم کەس گاڵتەی بە لێدانی ماسک دەکرد و حازر نەبوو بە کاری بێنێت و زۆرێک لە کاربەدەستانی پایەبەرزی هەرێمەکانیش لە ترسی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەل جەماوەری ترامپ نەیانتوانی یاسای بەکار هێنانی ماسک دەربکەن. هەر بەم بۆنەوە ڕێژەی تووشبوان بە خێرایی بەرزبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

ڕێژەی ڕاپرسی وێرانکەری (خانمان سوز)

ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە دۆنالد ترامپ بۆ جارێکی کە وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرێتەوە؟ لە کاتێکدا کە پلەو پایەی دۆنالد ترامپ لە ڕاپرسییەکان لە خوارترین ئاستی خۆیدایە لەو کاتەوە کە هاتووەتە سەر کار. لە کاتی سەرۆک کۆماری جیمی کارتێر هەتا ئێستا هیچ سەرۆک کۆماری ئەمریکا بە قەدەر دۆنالد ترامپ ڕێژەی پالپشتی جەماوەری دانەبەزیوە. ئەمە لە کاتێکدا یە کە جۆ بایدن سیاسەتووانی حیزبی دیمۆکرات لە هەرێمەکانی وەک: پینسیلوانیا، ویسکانسین و ئۆهایۆ ٩ پلە سەر کەوتنی بەدەس هێنا و کەوتووەتە پێش دۆنالد ترامپەوە. ڕێژەی زۆرینەی جەماوەری پاڵپشتی دۆنالد ترامپ خاوەن پلەیەکی بەرزی خوێندن نین، بەڵام تەنانەت لە ئاخرین ڕاپرسی دۆنالد ترامپ نەیتوانیوە پالپشتی ئەوانیش ڕابگرێت و ڕێژەی زۆری لێ دابەزیوە. میکا کۆهن یەکێک لە سەروتار نووسەکانی وێب سایتی (Five Thirty Eight) باس لە نادروست بوونی هەندێک لە ڕاپرسییەکان دەکات و ڕەخنەگرانی سیاسی ئاگادار دەکاتەوە کە لەساڵی ٢٠١٦دا دۆنالد ترامپ لە ناو ڕاپرسییەکان دا شانسی زۆری نەبوو بەڵام دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەمووشتێک ی عەکسو کردەوە. واتا بە ڕای ئەو بۆشاییەکی زۆر لە نێوان سیاسەتوانان و دانیشتووانی ئەمریکا درووست بوە.

شانۆی ترامپ یان ترامپی ئەکتەر

ئێستاکە بەکارهێنانی ماسک لە ئەمریکا بە تەواوی بوەتە بابەتێکی سیاسی بە تایبەت لە حەفتەی پێشەوە کە دۆنالد ترامپ بە ماسکەوە لە کۆشکی سپی حازر بوو، بەڵام لەم کاتەدا دۆنالد ترامپ گاڵتەی بە ماسک نەدەکرد بەڵکوو زۆر بە ئارامی و تەنانەت بە هیلاکی شەوە ئاماژەی بەوە دەکرد کە هیچ کێشەیەکی لەگەل بەکارهێنانی ماسک نیە و بەڵکو ئەبێ بۆ تێپەڕاندنی قەیران کە بەکاری بێنین. ترامپ کاتێک ئەم قسانەی دەکرد لە تەنیشتی وە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن ڕێژەی ڕاستەوخۆی تووشبوان بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا پیشان دەدرا.

ئێستا پرسیاری گرنگ ئەمەیە کە تا چەن ئەگەری هەڵبژاردنی دووبارەی دۆنالد ترامپ بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەیە؟

دۆنالد ترامپ و هەروەها ڕاوێژکار کانی باش دەزانن کە بەبێ چاکسازی ئابووری ئەمریکا ناتوانێت بەسەر ئەم قەیران دا سەربکەوێت و هەروەها چاکسازی ئابووری ئەزموونێکی گرینگە بۆ هەڵبژاردنی دووبارەی دۆنالد ترامپ.

مایکڵ بوسکین مامۆستای ئابووریی زانکۆی ئێستەنفۆرد دەڵێت ئابووری ئەمریکا دابەزینێکی خێرای بە خۆیەوە بینیوە و ڕەوتی چاکسازیی کەی هێواش و لەسەر خۆیە، هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەدات و دەڵێت ئابووری کی باش و بەهێز کۆمەلگای سەلامەت و بە هێزی پێویستە. بوسکین بۆ چاکسازی ئابووری ئەمریکا پێشنیار دەکات کە دەولەت و پەرلەمانی ئەمریکا یارمەتی ئابووریەکان هەتا ئاخری ساڵی زایینی درێژ بکەنەوە و هەروەها ئەو ئیمکانەش درووس بکەن کە بازار بکرێتەوە. بەڵام بوسکین ئەم کارە بە ئەستەم دەزانێت و پێیوایە چاکسازی ئابووری ئەمریکا دەبێت بنەڕەتی بێت و ئەمەش کاتی زۆری پێویستە. دەولەتی ترامپ لە مانگی ٧زایینی تەنیا توانیویەتی ٤.٨ میلیۆن کەس بگەڕێنێتەوە سەر ئیش و کار و هەتا ئێستا زیاتر لە ١٥ میلیۆن کەس ماوە.

دەفتەری بوودجەی پارلەمانی ئەمریکا کە ڕێکخراوەیەکی دو حیزبییە رایگەیاندووە کە قەیرانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کارەساتێکی بەسەر سیستەمی ئابووری ئەمریکا هێناوە کە تا ساڵی ٢٠٢٨ زایینی چاوەڕێ چاکسازی تەواوی ئابووری ئەمریکا ناتوانین بکەین. هەروەها ئەم ڕێکخراوە یە ڕایگەیاندووە کا ڕێژەی بێکاری لە ئەمریکا هەتا ساڵی ٢٠٣٠ زایینی یازدە لە سەدا دەمێنێتەوە کە ڕێژەیەکی بەرچاوە بۆ وڵاتی ئەمریکا.

درێژەی لاپەری ٢

# ئەوەی با بچێنێت باهۆز درەو دەکات

بکەینە سەرمەشقی خۆمان کە وتی: »هەرچەند لەگەل قسەکانی تۆ نیم، بەڵام ئامادەم گیانم لەدەست بدەم بۆ ئەوەی تۆ بە ئازادیی قسەی خۆت بکەی».

ئەو وتەی ڤۆلتێر گەوهەری ئازادیی ڕادەربڕینە، هەر کات نەیاری من بە ئازادی توانی قسەی خۆی بکات و منیش هەمان مافم بێت، قۆناغێکی هەرە گرینگمان تێپەڕ

کردووە بەرەو شۆڕش. ئەوکاتەیە کە چیتر ئەو پێناسە نێگاتیوەی کە فانۆن باسی دەکات واتە شۆڕش مناڵەکانی خۆی دەخوات بێ مانا ئەبێت. ئەو هێزەی کە لەو پێوەرە سەرەکییە سەرپێچی بکات شۆڕشگێر نییەو تەنیا و تەنیا ئەلقەیەکە لە بازنەی داخراوی گەرانەوە بۆ ڕەوتی کۆنی پێشوو . بۆیە چاوەڕوان کردنی بەهار و ئاسایش لەوانەی

کە با دەکێڵن خەونێکی ناڕاستە، ئەوان بەرهەم هێنەری باهۆز و گردەلولن کە چاو کوێر ئەکات و بەرەو نادیار دەتبەن.

*فرانتس فانۆن (١٩٢٥-١٩٦١) فەرانسە، بیرمەند و دەروونناس و شۆڕشگێڕی خەڵکی فەرانسە کە یەکێک لە خەباتکارانی بەناوبانگی دژ بە کۆلۆنیالیسم بوو، ڕۆڵێکیی بەرچاوی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی وڵاتانی ئەفریقا گێڕا.

** دوک دۆلا رۆشفۆکۆ لیانکۆرد (١٧٤٧-١٨٢٧) سیاسەتوان، نوسەر و یەکێک لە ڕاوێژکارانی دەرباری فەرانسە و ئەندامی یەکێک لە بنەماڵە ئەشرافییەکانی فەرانسە کە هەواڵی ڕووخانی باستیلی بۆ پاشا هێنا و ئەو وڵامەی بە لویی شانزدەهەم

زۆر بەناوبانگەو لە مێژوودا تۆمار کراوە.

* کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) بیرمەند، مێژووناس، ڕۆژنامەنووس و ئابووری ناس، کەسایەتی سوسیالیست و شۆڕشگێڕی بە ناوبانگی ئاڵمانی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کار، سەرمایە و تئۆرییەکانی لەو بابەتانە کاریگەری هەرە مەزن و بنەڕەتییان لە سەر بیرو بۆچۆنی کۆمەڵگای مرۆفایەتی داناوە.

**فرانسوا ماری ئارۆیە (١٦٩٤-١٧٧٨) یەکێک لە ناسراوترین نووسەران و بیرمەندانی فەرانسە و ئوروپا لە دەورەی ڕۆشنگەرییە. کە بە تایبەت بە هۆی دژایەتی لەگەڵ کلیسای کاتۆلیک و هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئازادیی بیرو بۆچوون و ئازادی ڕادەربڕین بەناوبانگە.

# ئیتر بەستە

پێدرام زارێعی

لە رۆژێکی خۆشی زستانی فەرماندە مارکوس، بە پیپێک لە سەر لێوە ستوورەکانی و بە زمانی وەک هەمیشە لەسەرخۆی، بە دروشمی «یا باستا» دەسپێکی قۆناخ و ساتەوەختێکی مێژوویی لە مێکزیک راگەیاند. لە راستیدا شوعاری «یا باستا» کە وەرگێرانی کوردیەکەی، واتە «ئیتر بەستە»، جیاوازیکی هەرە گەورەی لەگەڵ هاوتا ئیسپانیایەکەیا نییە، هاواری لە سینگ هەڵقوڵتاوی ئەو شۆڕشگێڕانەیە کە ڕێکخەری شۆڕشکی مەزن بوون کە هەتا هەنووکە کاریگەریەکەی لە سەر سیاسەت و کۆمەڵگای مێکزیک بەرچاووە و شوێنی پێکانی لەسەرتاسەری دنیا دا هەتا ئێستا دیارە.

ئەوە فەریادی شۆرش و ئاژاوەیەکە کە بەرخۆدانی لە ئاستێکی نزمەوە گواستەوە بۆ قۆناخێکی نوێ و لانیکەم لە ئامریکای لاتیین ئاسۆگەیەک تازەی بەخشی بە خەبات و شۆڕشی چەوساوەکان و هێڵی تازەی لە نێوان ئەواندا و چەوسێنەرەکانیاندا کێشا. ئەم بەرخۆدانە وەک نموونەکانی دیکە نەبوو.

ئەم خۆڕاگریە لە کاتی ئەو جیهانی بوونەوە درندەیە روویدا کە لە ئەو ساتەوە تا ئێستاکەیش، ئاکار و ڕەوشتی مۆبارزاتی ئیمەی دیاری کردە و کردوومانیەتی بە ئۆبژەی سیاستە سودخوازانەکانی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی لە ئەمسەر تا ئەو سەری جیهان.

ئەم بەرخۆدانە لە کاتێکدا روویدا کە مرۆڤەکان وەک تیکە بچکۆلەکانی ماکینەیەکیان لێ هاتووە کە بەپێی یەک ڕێسا دەجووڵێنەوە و بەتێکڕا دواوی یەک شت دەکەون و یەکسان و بەیەک جۆر و پێشبینیکراو بیردەکەنەوە و ئەروانینە بابەتە سیاسیەکان.

دژ بە یەکپارچەسازی، یەکسان سازی، هاوشێوەسازیە و بەیەککردنەی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی وهەروەها دەس درێژی، چەوساندندنەوە و زوڵموو زۆرە کە تەنگی پێ هەڵچنی بوون، بوو کە مرۆڤەکان دەنگ هەڵدەبڕن.

ئەمە دەنگی ئەو کەسانە بوو کە بۆ یەکەم جار لە ئامریکای لاتین چیتر بەدی هاتنی ئامانجە سیاسییاکان و داخوازییەکانیان لە هەڵبژاردنی حێزبێکی ناوبەین یا چەپی ناوبەین نەدەدی و یا خۆد ئیتر پیان وانەبوو کە ڕێگەچارەکان دەبێت تەنیا لە دروس کردنی حێزبێکی کرێکاری و ڕاپەڕینی پرولێتری ببینرێت.

ئەم بانگەشەیە کە شان بە شان و سەنگەر بە سەنگەر دەڕۆیشت، بانگەشە بوو نەک تەنیا بۆ خەبات و شۆرش، بەڵکوو بۆ ژیانەوەیە دوایی کارەسات، بۆ ژیانەوە دوایی مردن و خۆدی ژیان.

بەڵێ رەنگە تێگەیشتبێتن کە دەمانەوێت بە کورتی ئاوڕێک بدەینەوە بەسەر بزوتنەوەیەک. بزوتنەوەیەک لە ئەو سەری دنیا، واتە زاپاتیستەکانی مێکزیک و چاوێک بخشێنیە سەر تایبەتمەندییکانی ئەم بزوتنەوە و بزانین چ دەرس گەلێک ئیمە چ وەک تاکێک و چ وەک کۆمەڵێک لە ئەم سیلەی دنیا، کە خۆلیا و هیواگەلێکی تا رادەیەکی زۆر هاوشێوە مان لە گەڵ ئەوان دا هەیە دەتوانین لە ئەم خۆڕاگریە فێربین و چ سۆماگەلێکی هەیە بۆ داهاتوو و پاشەرۆژی ئیمە لە رۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و ئێران بەتایبەتی .

بۆ ئەوەی باشتر لە گەورەیی کاری ئەوان تێبگەیین، پێویستە ئەو بارودۆخە بەرچاو خۆمان بهێنینەوە و چاو ببڕینە بێشەڵان و جەنگەڵستانەکانی چیاپاسی مێکزیک. ئەو شۆینەی کە فەرماندە مارکوس و هاوڕیکانی، ئەو شەونەخوونانەی ڕێگەی ئازادی ساڵییانێک خۆیان تێدا حەشار دابوو و ئۆقرە یان گرتبوو.

...............................

ساڵی ١٩٩٤ زاینییە. دڵساردی و ناهومێدی، دوو ژێمایی بەجێماو لە سەدەی بیستم، سێبەریی خۆیان بە سەر زۆربەی ئەو تێکۆشەر و بزووتنەگەلەی کە هیوای ژیانێکی دیکەیان بوو، هەل کێشاووە. تەمژیەکان سریاونەتەوە، جەماوەر وریا بوونەتەوە و ئێستا بە باشی دەزانن کە سەرماییەداری تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی حێزبێک و پاشان کۆنترۆڵی دەولەت لەناوناچێت. وشیاربوونەوە و بەخۆ هاتنەوە و چێشاندنی تاڵی و ناخۆشیەکان وایان کردووە کە چیتر گەش بینەکان خەونی رزگاری نابیینن.

دوایی هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، پاش روخانی دیواری بێرلین، و لە کاتێکدا کە کوبا پشتی لە ژێر گەمارووە ئابوریەکان چەماتەوە و بووە بە وڵاتێکی هەژار و گۆشەگیر و بۆروکراتیک، بیرکردنەوە لە گۆرینی دونیا تەنیا وەک سەراوێک دەنوێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانە لە دنیای واقێعدا، میدیاکانی بۆرژوازی بە هەمووی ئامرازەکانیان هەولی ئەوە دەدەن ستالین، پۆلی پۆت و مائو بە سەمبول و هێمای راستەقینە کمۆنیسم بدەن لە قەڵەم. هەمووی ئاواتەکانیان بۆ دۆنیایەکی نوێ لە بەرچاو ئاواتەخوازاکانیان دا وەک پەری گوڵ هەڵ دەوەرێن و هەڵ دەپرووکێن.

ئەو سالانە، هەر چۆن پێشتر ئاماژەمان پێدا، ساڵانی تووش بوونی بزووتنەوەی چەپە بە ئازار و نەخۆشی، بە جۆرێک بە شیزۆفێرنی. دۆخەکە یەکجار تاڵ و تراژیکە. زۆربەی هەرە زۆری شۆرشەکان لە سەرانسەری ئامریکای باشور خەڵتانی خوێن بوون و گەندەڵی و هەژاری و نایەکسانی باڵیان کێشاوە بە سەر وڵاتەکانی ئەو دەڤەرە. خەباتەکان و تێکۆشانەکان دژی تایبەتکردنەوە ئامرازەکانی بەرهەمهێنەر شکەستی هێناوە و هەموو شتێک سپێندراتە کەرتی تایبەت.

لەم حاڵەدا خاڵی هاووبەشی هەموو تێکۆشانەکان لە جیهان دا بووە بە دارمان و دابروزقان. بەشێک لە شەرڤان و تێکوشەرە پێشووەکان گۆزەی ژار سەرهەڵدەکێشن و دیان بە دۆڕانی سۆسیالیزم و سەرکەوتنی سەرمایەداری دا دەنێن و بە تەواوی جیادەبنەوە و دوردەکەونەوە لە هیوا یەکسانیخوازەکانیان. بەشیکی دیکە دەبن بە سۆسیال دێمۆکرات و بە شوێن قۆرسیەک دا لە پارلمەنەکاندا دەگەڕن.

هەموو کەس، لە خەلکی ئاساییەوە بگرن تا تێکۆشەرەکان، لە مێکزیکەوە بگرن تا کوردستان، ئەم پرسیارانە لە خۆ دەکەن: «ئەو هەموو تامەزرۆیی و ڤیانانەی خەباتە شۆڕشگێرانەکانی هەفتاکان و هەشتاکان بە چ کۆتایی و ئاکامێک گەیشتن؟»، «لە بەرچی ئەو هەموو قۆربانیەمان دا؟»، «راستە کە ئێمە هێشتا لێرەین، بەڵام ئەی چی بە سەر ئەو هاوڕێانەمان هاتووە کە ئیمە بە تانایان دا دەچووین و ستایشمان دەکردن؟

هەلومەرجەکە لە نێوان گۆڕەپانی زانستە کۆمەڵایەتیکانیش دا هیچ باشتر نییە؛ بۆ نموونە، تێودۆر ئادۆرنۆ، بیردارێژ ئاڵمانی و سەر بە قۆتابخانەی تێئوری رخنەگرانە، پاش کوتایی هاتنی شەری جیهانی دووهەم لە تاراوگە دەگەرێتەوە و پرسیار دەکات: << ئایا دوایی ئاوشویتز ژیان دەکرێت و ئایا ژیانێک بوونی هەیە ؟>>

لە دواترەکان دا، پۆست مۆدێرنیسم خۆی وەک سارێژێک پێناسە دەکات کە ئەو ئیمکانە بە مرۆڤی بی هیوا و هیلاک و ماندوو دەدات کە تاڵیەکانی مێژوو قەبوول بکات و فێربێت کە لەگەڵیانا بژیت و چاوەروانی هیچ گۆرانکاریێک نەبیت.

بە کورتی کە بڵێن، شەپۆلی ناهومێدی لە لایەکەوە و کۆمەڵگایەکی لە بەر یەک هەڵوەشاو لە لایەکی ترەوە، وەک تارماییک بەر ئاسۆی ئازادیان گرتووە. بەڵام کۆڵنەدەرەکانی جەنگەڵەکانی چیاپاس، سەرەڕای هەموو ئەمانە، بروایان وایە کە هەمووکاتێک دەکرێت رادەیەک لە بەرخۆدان سەر بگرێت. ئەوان دەیان ئەوێت، هەر ئەوجۆرەی کە دەمێک ساڵ پێش زاپاتا وتی خەوی دەسەلات داران و حاکمان بزڕێنن و ئاڵووگۆڕێک بێرنە ئاراوە.



هەر بۆ ئەوەی ئیمکان بەدی هاتنی ئەو ئامانج گەلە تاقی بکەنەوە، و یا باشتر بڵێین بۆ ئەوەی بزانن کە ئاخۆ دەتوانن دیسان هەنگاو بنینە سەر ڕێگای ڕاستەقینەی ڕزاگاریدەر، لە یەکی ژانویە١٩٩١، زاپاتایستەکان، یا باشتر بێژین نێۆزاپاتیستەکان، وەک مرووڤە سەرەتاییەکان، لە ئەشکەوتەکان وەدەردێن و هەنگاو دەنێنە نێو ئەم دنیا بەدیلگیراوە لە لایەن کاپیتالیزمەوە و دەڵێن کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان لەلایە و دەیان ئەوێت دەسپێکێکی نوێان هەبیت.

ئەزانن چ شتێک هەرە سەرنج راکێشە؟ ئەوان نەک تەنیا وەردەگرنەوە، بەلکوو باس لە هەژیان و هێژابوونی مرۆف دەکەن. باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ تەنانەت لە ناو ئەو کۆمەڵگا و لە ژێر دەسەلات و کۆنترۆلی ئەو سیستەمەی کە دەستی خۆی تەنانەت تا ناوجەرگی ژیانی تاکەکەسی درێژکردەتەووە ،دەتوانێت هەژیان و کەرامەتی خۆی رابگرێت.

ئایا خۆد ئەوان لە تالییەکانی مێژوو هیچ فێر نەبوون؟ نەیاندەزانی کە سەردەمی شۆرش و راپەرەین بەسەرچووە و باس لە سەرهەڵدان هەر بۆ ناو چیرۆک و حەکایەتەکان خۆشە؟ ئە چۆن ناترسن دوایی ئەو هەمووە کۆشت و کۆشتارە گاڵتەیان پێبکرێت و بە پێداگر و رووهەڵمالاو ناویان لی ببرێت؟

زاپاتیستەکان چ شتێکیان کردووە بە تۆ شەی ئەم ڕێگا پڕهەورازوونشیوە کردووە کە ئاوا بێ باکیان دەکات؟

ئێرنێست بلووخ، کمۆنیستی ئاڵمانی، لە وەلامی تێودۆر ئادۆرنۆ دا، ئاماژە بە خاڵێکی سەرنج راکێش دەکات و بەم شێویە دەدوێت: << ژیان و ژیانەوە دوایی ئاوشویتز بەستراو و هەڵواوسراو بەوەیە کە ئایا ئیمە فێر دەبین کە ئۆمیدمان بێت؟ >>

زاپاتیستەکان، وەک ئەوە بڵێیت گوێیان لە پێژەنی دەنگی بلووخ بوێت، هەل دەستن و رادەوستن و دەڵێن: <<کاتی ئەوە هاتووە کە سەر هەڵدەین، کاتی ئەوە هاتووە بۆ مرۆڤاییەتی شەڕ و تێکۆشان بکەن. کاتی ئەوە هاتووە دووبارە ئۆمیدمان بێت، کاتی ئەوە هاتووە کە چیتر لە ناو چوارچێوە دیاری کراوەکان بیرنەکەینەوە و بازبەین بە سەر بوچوونە دۆگماتیسم و سەهۆل بەستوەکان و بیر و رای خۆمان لە ژێر هێژمۆنی پارادایمەکاندا و دەر بێنین.

هەر بۆ ئەوەیشە کە ئەمڕۆکە بەرخۆدان و دەنگ هەڵبڕین دژی ژێروژووربوونی نیۆلیبرالی کۆمەلگا و هەروەها گەران بە شوێن ئەلترناتیڤەکان و فۆرمە نوێکانەی خەبات و سەرهەڵدان، بە تەسەری لەگەڵ زاپاتایستەکانی مێکزیک گرێ دراووە. ئەوان بوون کە بوون بە مەشخەل و ڕێگای نوێان پێ نیشان داین. بەلام نابێت لە بیریش بکەیەن کە تەنیا ئۆمید نییە کە زاپاتیستەکان دەخاتەوە جووڵە و وایان لێ دەکات کە بە سەر ترسەکانیان دا زاڵ بن و دەست لە داوەکاریەکانیان نە شۆرنۆ. ئەوان ساڵیانێک دەچنە خەڵوەتەوە و دەس دەکەن بە پیداچوونەەوە بە تەواوی ئیدەگەلێک کە تا ئەو کاتە رەوتی شۆڕشەکانیانی دابین دەکرت. بە لام لە هەمان کاتدا، لە خەڵک دایانابرێن ۆ خووی کۆڵنەدەرانەری و ئاشتیی ناخوازانەی خۆیان لە کیس نادەن.

لە وتووێژیەک دا لەگەل ئانتۆنیۆ نێگری، ژیل دلۆز لە وەلامی پرسیاریەک دەڵێت :<< راپەڕین نەک تەنیا پێویستی بە شێوازێکی نوێی وتمانی و پێووەندی هەیە، بەلکوو بە فۆڕمێکی نوێش: فۆڕمی بێدەنگ بوون و دەم قووچاندن.>> زاپاتیستەکان پاش هەر دۆراندن و شکەستێک، بۆ نموونە دوایی تێکشکانیان لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٢، بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون و وردبوونە ئەو ڕێگا کە پیا هاتوون. ژیل دلۆز هەروها ئیژێت:<< بێدەنگ بوون ، زاڵە و دەنگی ئەوکەسانەیە کە خەریکی بیرکردنەووە و دوزینەوەی ئاراستەی شوێنی خۆیانن و هەر بەم بۆنەیش ماوەیەک پاشەکشە دەکەن. >>.

هەر ئەمەیش جیاوازیە گەورەکەی ئەوانە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری بزوتنەوە چەپ و رزگاری خوازەکان لە جیهان دا. زاپاتیستەکان بە ئێمە نیشان دەدەن کە بێدەنگ بوون نەک مانای سەرداخستن و ناچالاکی نادات کە بەڵکوو دەرفەتێکی باشیشە بۆ ئەوەی گەل لە ناو کۆمەڵگە بچووکەکان سیاسی بێتەوە.

...............................

ئەگەرچی گرینگایەتی بزوتنەوەی زاپاتیستەکەن فرەتر بە هۆی ئەو ئامرازگەلە نوێە بوو کە ئەوان بۆ کۆکردنەوە و تەیارکردنی جەماوەری خەڵک بەکاریان هێنا، بەڵام یەکێکی دیکە لە دەسکەوتە گرینگەکانی زاپاتیستەکان، کە زۆرجار ڕەچاو ناکرێت و لێرەدا شایانی ئەویە ئاماژەی پێ بدرێت، پچراندنی پەیووەندیی نێوان گۆرانکاری لە ناو کۆمەڵگا و گرتنەدەسی دەسەڵاتی دەولەتییە.

لەگەڵ خۆوەدەرخستنی زاپاتیستەکان، بە دەوڵەت و دەسەڵات، کە بابەتێکی هەمیشەیی هەر گەپوگۆڕێک بوون، بەهاییێکی ئەوتۆ نادرێت. وتارەکان و پەیفەکان چیتر تێزەکانی خۆیان تەنیا بە دەولەتەوە نەدەبەستنەوە و لە روخانی دەولەت دەست پێ ناکەن. هەر وەک چۆن جان هالووی لە وتارێکدا دەڵێت: << تێکۆشان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لە ڕێگەی دەولەتەوە _ چە لە ڕێگای رێفۆرم ۆ چ لە ڕێگای راپەڕینەوە _ هیچ کات بە ئەو شتەی کە بە شۆێنوو بووە، نەگەیشتە. >>. بەم بۆنەیشەوە باس کردن لە ژیانی پێش راپەرین ئەبیت بە پرسێکی سەرەکی لە نێو هەر گفتوگۆ و گۆتوبێژ دا.

لە کۆتایدا دەتوانین بە دڵنیایەوە بڵێین رەنگە بەرهەمی سەرتایی روداوەکانی سەدەی بیستم بو بزوتنەوە چەپ و رزگاریخوازیەکانی لە تێروانینی یەکەم دا پر بێت لە دۆراندن، بەڵام لێڕوانینی و شیکردنەوەیەکی دروست و بێکەموزۆر ئەتوانیت زۆر شت فێربین.

# تاران پایتەختی سێدارە
## (بە شی یەکەم)

**عــزیز ئاجیکەند**

٤٢ ساڵ لەوەپێش، لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێران، بێدادگا ئیسلامیەکان یەکەم جەلەسەکانی خۆیان لە تاران دەستپێکرد. تیغی تۆڵە سەندنەوەی جەلادە بە دەسەلات گەیشتووەکان بە ئامانجی داسپاندنی کەش و هەوای ترس و دەسەلاتی وەحشەت لە سەرجەم کۆمەڵگادا و پتەوکردنی بناغەکانی رژیمێکی توقێنەر کە خەریکی بنیاتنانی بوون، کەوتە کار. یەکەم ئێعدامەکان لە ٢٦ی مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ دەستیان پێکرد. خومەینی راستەخۆ فەرمانی کوشتاری دەرکرد و سادق خەڵخاڵی وەک یەکەم قازی شەرعی رژیمی ئیسلامی، بۆ بەرێوەبردنی ئەم فەرمانە دیاری کرا. بەزویی و بەتایبەتی کاتێکی کە خەڵخاڵی جەلاد لە درێژەی مەئموریەتەکەیدا هاتە کوردستان، دەرکەوت کە ئامانجی بەهیچ شێوەیەک بەرێوەبردنی دادپەروەری دەرحەق بە نەیارانی شۆرش و کەسانی سەربە رژیمی پێشوو نەبوو. بەڵکوو خومەینی دەیهەویست خەڵکێک کە پێشبینی دەکرد گوێ بەفەرمانەکانی نادەن و دەبنە کۆسپی سەر رێگای سەقامگیریی رژیمە ئیسلامیەکەی، چاوترسێن بکات.

بەم جۆرەو بە بریاری خودی خومەینی دادگا ئیسلامیەکان، لە سەرتاسەری وڵاتدا پێکهاتن. محاکمە کراوەکان وەکیلیان نەبوو، مافی دیفاع لەخۆیان نەبوو و چەند کاتژمێرێک دوای دەرچوونی حوکمەکان، تیرباران یان لە سێدارە دەدران. دە ساڵ دواتر و لەدرێژە ئەم شێوەکارەدا بە هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسی لە ماوەی مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانان لە حاڵێکدا کە زۆربەیان تەنانەت ماوەی مەحکومیەتی خۆیان تەواو کردبوو لە زیندانەکانی رژیمدا ئێعدام کران. خومەینی لە کۆبونەوەی کۆمەڵێک لە ئاخوندە گوێ لەمستەکاندا بە راشکاویەکی کەم وێنە باسی لە سیاسەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەند لەگەڵ نەیارانیدا کرد و وتی:

"من ئینقلابی نیم. ئەگەر ئێمە ئینقلابی بوینایە ئیجازەمان نەدەدا ئەوانە خۆ دەرخەن. هەموو حیزبەکانمان قەدەغە دەکرد، هەموو بەرەکانمان قەدەغە دەکرد و یەک حیزبمان دەبوو، ئەویش حیزب الله، حیزبی مەستەزعەفانمان پێکدەهێنا. من تۆبە دەکەم لەو هەڵەیەی کە کردم. ئەوانە دبێ بۆ خاوێن کردنەوەی کۆمەڵگا لەنێو ببرێن. ئەم غودە سەرەتانیانە دەبێ لە کۆمەڵگەدا دروێنە بکرێن و دروێنە کردنیشیان بەوەیە کە ئێعدام بکرێن. ئێمە ئازادیمان دا و هەڵەمان کرد، لەگەڵ ئەم جانەوەرە درەندانەدا بە نەرمی هەڵسوکەت بکەین. ئیتر ناهێلین هیچ نووسراوێک لەمانە لە هیچ شوێنێکی وڵاتدا بڵاو بکرێتەوە. هەموو نوسراوەکانیان لەنێودەبەین. دەبێ لەگەڵ ئەمانەدا بەتوندی هەڵسوکەوت بکرێت و بەتوندیش هەڵسوکەت دەکەین. ئەم جەنایەتکارانەی کە گیراون تاوانیان نەخراوەتە پاڵ، بەڵکوو تاوانەکانیان ئاشکرایە. دەبێ تەنیا بەباشی ناسنامەیان بسەلمێندرێت و دواتر بکوژرێن. ئەسلەن پێویست نییە محاکمە بکرێن. هیچ جۆرە رەحم پێکردنێکیان لەجێی خۆیدا نییە. ئەگەر ئێمە ئەوان نەکوژین، هەرکامێکیان کە لە زیندان بێتەدەرێ دەچێت ئینسان دەکوژێت. بە چەند ساڵ زیندانی کردن کارەکە جۆر نایەت. ئەم عاتفە منداڵانەیە وەلابنێن."

لە درێژی ئەمجۆرە قسانەدایە کە حەمامی خوێنی رۆژەکانی دوای ڕاپەرین و و چەند مانگ دۆاتر لە کوردستان و هەروەها دەیەی شەست لە ئێراندا دەکەوێتە رێ و بەهەزاران ئینسانی شەریف و خەباتکار بە هۆی بیر و باوەڕیان، بەهۆی خەبات بۆ ئامانجی عادڵانە و رەوایان، لە مافی ژیان بێبەش دەکرێن. لە ساڵەکانی دواتردا ژمارەی قازی شەرعەکان گەلێک زیادی کرد و ژمارەیان لە سەرتاسەری وڵاتدا گەیشتە هەزاران کەس. هەموو ئەمانە تا ئێستاش، لە دڵرەقی، لە هەلپەرەستی، لە گەندەڵی و بەرتیل خۆری، پێشاوبڕی یەکتری ئەدەنەوە. بۆ ئەوان ئیسلام و شەرع شتێک نییە بێجگە لە ئامرازی پاراستنی پێگەیان و ڕیاکاری لەلای کاربەدەستانی سەرەوە. ئەوان داعشەکانی ئەو وڵاتەن، کە لە هەمانحاڵدا نوقمی گەندەڵی ماڵی و ئیخلاقیشن. ئەمرۆش هێشتا بنەما سەرەتاییەکانی دادگاکانی رژیم هەر بەرێوەدەچن. قەزاوەت کردن لەم بێدادگایانەدا، هەروا لەسەر فەتوا و نەزەراتی مەراجعی مەزهەبی وەستاوە.

ژمارەی دەقیقی زیندانیانی سیاسی کە لە ئاوا بێدادگاگەلێکدا بەناو محاکەمە و بە مەرگ مەحکوم کراون، دیار نییە. ئەوەی کە مەعلومە باس لە دەیان هەزار کەسە. باس لە کارەساتێکە کە یەکجێ لە ساڵی ١٣٦٧دا سەری لە دەیان هەزار ئینسان ئەدا. زۆر کەس ون بوون و لە گۆڕی بێ ناو و نیشاندا شاردرانەوە. تەنیا ئەو رۆژەی کە پەروەندەکانی ئەم جەنایەتە بکرێنەوە، ئاستی راستەقینە و مەترسیداری کارەساتێک کە رژیمی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئازادیخوازی ئەم وڵاتەیدا هێناوە، ئاشکرا دەبێت. حەسەنی رۆحانی سەرۆک کۆماری ئێستەی ئێران یەکێک لە یاران و راوێژکارانی نزیکی رەفسەنجانی و شەخسی خومەینی بووە. حزوری ئەم جەنایەتکارە حیرفەییە و سەرجەم جەنایەتکارانی بەشدار لە کابینەکەی کە سەرجەمیان دەستیان سورە بە رشتنی خوێنی شۆرشگێرانی ناو زیندانەکان، نیشانی ئەدات کە ئەگەر خەڵک مەجاڵیان پێبدات هەر بەو رێگایەدا دەرۆن کە خومەینی بە کوشتارەکانی دەیەی ٦٠ و بە لووتکە گەیاندنی لە ساڵی ٦٧ دا نیشانی داون. بەڵام مێژوو دەری خستووە کە ئەمجۆرە جەنایەتانە بێ وڵام نامێننەوە.

ئێمە تیدەکۆشین لەم ژمارەیە بەوڵاوە لە سەر ئێعدام کردنی زیندانیانی سیاسی هەر لە یەکەم رۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیەوە بابەت و لیکۆڵینەوەمان بیت . بەم کارەش دەمان هەوی هەم ڕیز بگرین لەیادی هەموو زیندانیانی سیاسی لەسێدارەدراو لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی و هەمیش
لایەنەگرنگەکان و هۆکارەکانی ئەم جەنایەتە بۆ خۆینەرانمان روون کەینەوە .

### کۆمەڵ کوژی زیندانیانی سیاسی لە یەکەمین رۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە پاڵ بەساتی زیندان، ئەشکەنجە و باقی شکڵ و شێوازەکانی سەرکوت، سزای ئێعدامی بە شێوەی سیتماتیک و ڕێکخراو بۆ لەنێو بردنی نەیارانی سیاسی، ناڕازیانی کۆمەڵایەتیی و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک بەکاری هێناوە. رژیم هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی خۆیەوە بە ئامانجی دروست کردنی ترس و تۆقاندن لە کۆمەلگادا و بەرگرتن لە ئەگەری هەر ئاخێزێکی جەماوەری دەستی دایە جەنایەتێکی جەنگی وەحشەتناک لە زیندانەکاندا کە هەر ئێستاش ئاسەوار و بەڵگەکانی شاهیدێکی زیندون لە بەرانبەر دڵ ڕەقی و وەحشیگەریەکانی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامیدا. رژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لەیەکەمین بەهاری تەمەنی نگریسی خۆیدا دەزگای کوشتار و جەنایەتی خۆی خستەگەرو بە دامەزراندنی هەیئەتەکانی مەرگ و ناردنیان بۆ زیندانەکان ، بە هەزاران زیندانیان بە گەرایشی جۆراوجۆری سیاسیەوە بە جوخەکانی مەرگ سپاردو لە گۆرە بە کۆمەڵە بێ ناو و نیشانەکاندا شاردیانەوە .

### * سەرەتای ئێعدامەکان

سەرەتای ئێعدامەکان لە ڕێبەندانی سالی ١٣٥٧ دەسپێدەکات و تا مانگی ڕەشەمەی سالی ١٣٥٨، ٤٣٨ کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە دەستوری خەلخالی بە جوخەی ئێعدام دەسپێردرێن



. لە رۆژی ٢٧ی مانگی ڕێبەندانی سالی ١٣٥٧ یەکەمین دەستەی بەرپرسانی پلەبەرزی رژیمی لە ناو چوی شاه کە ژومارەیان ٤ کەس بوو لە دادگایەکی چەند دەقیقەای دا و بە حوکمی جەلادە بەناو بانگەکەی رژیمی ئیسلامی « سادق خەلخالی» لە سێدارە دەدرێن .

لە ناسراوترین و بەناو بانگترین ئێعدامەکان کە بەدەستی قەسابکەی کوردوستان جەلادی ناوزڕاو خەڵخالی بەرێوە چوون دەتوانین ئاماژە بە ٩ تێکۆشەرەکەی مەریوان بکەین کە لە پەیوەند لە گەڵ کۆچی مێژووی شاری مەریوان، لە سێدارە دران .

ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی لە گەلاوێژی سالی ١٣٥٩ لە دەروازەی شاری، ٩ تێکۆشەری ناسراوی شاری مەریۆان دەسبەسەر دەکات و دواتر بە دەستوری خەلخالی هەر لە پادگانی شار و هاوکات لە گەڵ ئێعدامەکانی پادگانی سەقز و فرودگای سنە ئێعدام دەکرێن .

### * تورکەمەن سەحـــرا

دوایین ڕۆژەکانی زستانی سالی (١٣٥٧) و کاتی هاتنی وەرزی بەهار و سالی نوێ (١٣٥٨) ی هەتاوی، ئەوکاتانەی کە خەلکی وەگیان هاتوی ئێران و کوردوستان، داموودەزگای رژیمی شایان تێکەوە پێچاو کۆتاییان بە دەسەلاتی سەرەرۆیانەی ڕژیمی شا هێنا و لە کاتێکدا کە هێشتا دوو مانگ بەسەر هاتنە سەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێپەر نەبوو بوو وە ئاوات و خۆزگەکانی کۆمەڵانی خەڵک بە سەرەنجام نەگیشتبوو، خەلکی زۆرلێکراو و مافخوازی ( تورکەمەن سەحرا) بەدامەزراندنی بنکەو شووراکانی خەڵکی لە بەرانبەر دەسەڵاتدارێیەتی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون و دەستیان دابۆوە خەبات و تێکۆشانێکی هەمە لایەنە پێک هاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بە دژی ئەو ڕژیمە.

لە لایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵ و تەقالا دابوو تا بە ئەستاندنەوەی دەسکەوتە شۆرشگێرەکانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران ، بەر بە هەموو شۆرش وئاخێزو جولەیەک بگرێ و هەردەنگێک لەگەرووردا کپ کات ونەیارانی خۆی سەرکووت بکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەویست و دەیخواست کە دەسبەسەر ئیرادەی شۆرشگێرانەی خەلک، چ لەکوردوستان و چ لە تورکەمەن سەحراو چ لە هەر گۆشەو کەنارێکی ئێراندا بگرێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە دارشتنی پیلانێکی جنایتکارانەو خۆیناوی و قیزەونەوە، خۆینی چوار کەس لە ڕێبەران و کەسەناسراوەکانی خەباتی رەوای خەلکی (توورکەمەن سەحرا )ی بە ناوەکانی (شیر محمد درخشندە ناسراو بە تۆماج، عبدوولکریم مختووم، حسین جرجانی و محمد واحیدی) بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ڕشتو و لەئاکامدا زۆر بێبەزیانە هێرشی کردە سەر خەباتی ڕەوای خەلکی ئەو ناوچەیە.

خەلکی وەگیان هاتووی (توورکەمەن سەحرا ) شێلگیرانەو یکگرتووانە لە بەرانبەر سەرەرۆیەکانی ڕژیمی تازەبەدەسلات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە و دەستیان دایە خەباتێکی شێلگیرانە.

### * کـــوردستان

ئەستێرە خامۆش ، ئاسمان لە رەنگی خۆڵەمێش پاییزێک بێ رەنگ و زەوێک هیلاکی زامو ئێش..

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی فتوای جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان کرا و تەنات بە هێزی دەریاییش فەرمان درا بەرەو کوردستان بێن. لە دۆای لەشکەرەوە و بە داگیرکردنی شارەکان خەڵخالی کە خومەینی دەسەلاتی ڕەهای پێدابو دەستیکرد بە مەحاکمەی سەحرایی و پادگانی. لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ڕۆژ لە زیندانی دیزلئاۆای کرماشان، لە پاوە و پادگانەکانی سەقز و مەریۆان و فرودگای سنە دەیان تێکۆشەر و خەڵکی سیوەیل تیرباران کران.

* لە نیوان سالەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٤ « ١٤٧٩٤ « کەس لەسێدارە دراون کە زۆربەیان لە سالی ١٣٦٠ رویان داوە.

کۆماری ئیسلامی کە ئێستا و لە ئاکامی روخانی رژیمی شاه دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو نەک هەر لە بیری بینا کردنەوە هەموو داموەدزگای ئیداری و سەرکوتی ڕژیمی ڕووخاوەوە بوو، بەڵکوو لە هەوڵ دا بوو هەرچی خێراتر تەکلیفی خۆی لەگەڵ شورش و خەڵکیش یەک لا بکاتەوە. بەهۆی ئەوەیکە شورش هێشتا بەتەواو لە پێ نەکەوتبوو و لەگەلێک لە شوێنەکان هەروا مەقاومەتی دەکرد، شورا کرێکارییەکان لە هەولی پەرەسەندن و گەیشتن بە داخوازییەکانیان بوون، لەحاڵێکدا کە دانشگا مەیدانی حوزووری بەهێزی کۆمۆنیستەکان بوو، ژنان ڕێکخراو گەلی دیفاع لە مافی خۆیان پێکهێنابوو، تورکەمەن سەحرا و بە تایبەت کوردستان ببوون بە هێمای خۆراگری شورش، دژە شۆرشیش لە قامەتی ئیسلامییدا ماشینی سەرکوتی خۆی بۆ کوشتار ئامادە دەکرد. ئەو ماشینە سەرئەنجام لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠دا بۆ جارێکی تر کەوتەوە حەرەکەت. ڕۆژانە بە سەدان کەس لە سەر شەقامەکان و لە زیندانەکاندا لە سێدارە دەدران.

بەمجۆرە جۆزەردانی ١٣٦٠ نیشانەی کۆتایی سەردەمێک و دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێ بوو. ئەگەر ڕژیمی شا نەیتوانی بوو شورشی ئێران سەرکوت بکات، ئەم ئەرکە کەوتە سەر شانی خۆمەینی جەلادو لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠دا لەگەڵ جەلادەکانی هاوبیری بەئەنجامیان گەیاند. بگیرو ببەندەکان وەکوو سێلاوێک دەستیان پێ کرد. ناوی تیرەباران کراوەکان هەموو ڕۆژێک دەهاتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تیلوێزیۆنەکان. ئەم وەحشیگەرییە وەها بوو کە توانایی بەرگری لە کۆمەڵگا ستاندبووەوە. بەرێوەبەرانی ئەم حەرەکەتە دەیان ووت و هاواریان دەکرد کە بۆ پارێزگاری لە دەسەلات و سەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران ، لە هیچ شتێک سڵ ناکەینەوەو هیچ بەربەستێکی تەمەن و ڕەگەز بە لای ئێمەوە وجوودی نیە و هەر کەسێک دژمان بوەستێتەوە دەبێ تاوانی خۆی بدات و لەناو بچێ . بەم جۆرە بوو کە ڕژیمی ئیسلامیی خۆی بە سەر هەموو ئێراندا داسەپاند.

...بۆ ل ١٥

درێژەی لاپەری ١٤

هاوكات لەگەڵ ئەو كوشتارە خوێناوییە جگە لە لێدانی تەپڵی شەڕ لە گەل دەوڵەتی عێراق ، دەیان هەزار كەسیش كەوتنە زیندان كە بەشێكی زۆریان لە جەریان قەتل و عامی زیندانیان لە ساڵی ٦٧دا لەسێدارە دران. هەر بۆیە دەتوانین بڵێن كە دەیەی ٦٠ یەكێك لە تاریكترین و خوێناوی ترین سەردەمەكانی مێژووی ئەم كۆمەڵگایەیە. ئاستی وەحشەتناكی ئەم جەنایەتە پێویست دەكات كە كۆمەڵگا دوای زیاتر لە چل و دوو ساڵیش جارێكی دیكە پێدا بچێتەوە و ئەوەیكە لە قووڵای ئەو كۆمەڵگایەدا شكڵی گرتبوو بێنێتەوە بەرچاوی خۆی و هەموو كۆمەڵگا.

*** سنە**

هەر دۆابەدۆای داگیركردنی شاری سنە پاش شەڕی مەقاومەتی ٢٤ ڕۆژەیە قارەمانانەی ئەم شارە، جەلادانی رژیم بۆ تەڵەسەندنەوەی خێرایی دوو كادری پزیشكی و دەرمانی ئەم مەقاومەتەیان تیرباران كرد. خانم باوەفا كە لە شەڕی خۆڕاگری رئیسی نەخۆشخانەی سنە بو و مەستورە ئەردەڵان كە خۆبەخشانە لە دەستەی ئیمداد و دەرمانی خەڵكی كاری كردبو، چەن ڕۆژ دۆای داگیركردنی شار تیرباران كران.
سێ مانگ دۆاتر هەر لە زیندانی سنە شەهلا و نەسرینی كەعبی كە ئەونیش كادری پزیشكی و دەرمانی لە نەخۆشخانەی سەقز بون، پێكەوە لە مانگی خەرمانانی ١٣٥٩ تیرباران كران.

*** مـــــریوان**

بەرە بەیانی ڕۆژی ٨ی مانگی گەلاوێژی سالی ١٣٦٠ هەواڵێكی دلتەزێنی تر بە كوچەو كۆڵانی كوردوستاندا گەرا. هەواڵەكە یەكجار كوورت بوو بەلام بەراستی دڵتەزین بوو. خەڵخاڵی كە لەناو كۆمەلانی خەلكی كوردوستان بە قەسابەكەی كوردوستان دەناسرا ئەمجارەیان بریاری لەسێدارەدانی چەندین رۆڵەی تری كوردی دەركردبوو. زیندانی تەورێز كە ماوەیەك بوو میوانداری ئەورۆلانەی كوردی دەكرد، بەرەبەیانی ئەورۆژە بوو بە ئاخرین رۆژی ژیانی ئوپۆلە قارەمانە. لە ٨ی مانگی گەلاوێژ هاورِیان ماجیدو ئەمجەد موستەفا سولتانی هاورێ لەگەڵ هوشەنگ تەوحیدی و ئیسماعیل یەگانەدوست تیرەباران كران. ئەو رووداوە سەرەتای دەسپێكردنی هێرشی جەلادانی پایەتەختی سێدارە بۆ سەر كوردوستان بوو.

*** مــــەهاباد**

١٢ی مانگی جۆزەردانی سالی ١٣٦٢ یەكێكی تر لەو ڕۆژانەیە كەوەك ڕۆژانی خوێناوی لە مێـــژوی ڕەشی كۆماری ئیسلامی لە كوردوستان، یادی لێدەكرێ. لە وەها ڕۆژێكدا بوو كە كوشتاری بە كۆمەڵی ٥٩ كەس لە خەباتكارانی شاری مـــهاباد بە دەس بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی ڕەقەمی خواردو لاپەرەیەكی ڕەشی تری بەجەنایەتەكانی كۆماری ئیسلامی لە كوردوستان زیاد كرد. لەم ڕۆژەدا ڕژیمی كۆماری ئیسلامی دەستی دایە جەنایەتێك كە ئاسەوار و بەڵگەكانی تا ئیستاش ڕادەیەكی زۆر لە خۆی وەحشەگەری كاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی نیشان ئەدات.
كۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵكی كوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵكی شاری مهاباد، ٥٩ كەسی بە شێوەی بەكۆمەڵ لەسێدارە دا. زۆربەی ئێعدام كراوەكان لە مانگەكانی خاكەلێوە و گوڵان، بە شێوەی رەشبگیر لە شەقامەكانی شار رفێندران و بە بارمتە گیرابوون. ژمارەیەك لەوان، تازەلاوانی كەمتر لە ١٨ ساڵ تەمەن بوون و چەند كەسیان لە دەبیرستانەكانی شاری مهاباد دەرسیان دەخوێند. رژیم كە لە بەرەكانی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا گەلێكی زیانی بەركەوتبوو، وەكوو مارێكی زاماری لێهاتبوو، بۆ تۆڵە سەندنەوە بڕیاری دا كە بە رژاندنی خوێنی لاوان و تازەلاوانێك كە بە بێ هیچ بەڵگەیەك رفاندبوویانی و زیندانی كردبوون، ژەهری خۆی برژێنێتە جەستەی خەڵكی كوردستان و بە تایبەت خەڵكی خۆڕاگری شاری مــەهاباد.
پاش تێپەربوونی نزیك بە چوار مانگ لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی قارەمانی بازێری مەهاباد لە رێكەوتی ١٢ی جۆزەردانی سالی ١٣٦٢ی هەتاوی ، رژیم كە نەیتوانی بە لە سێدارەدانی ئەم پۆلە لاوە قارەمانە ئامانجەكانی بپێكێ جارێكی تریش دەستی دایە تاوان و ٣٣ كیژو لاوی بێتاوانی تری بە جێگۆركەی پیكردن بۆشاری تەورێز و پاش ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆر لەسێدارە دا.
پێویستە بوترێ كە لە ساڵی ١٣٦٢ زیاتر لە ٢٥٠ كەس لە ماوەی ٤ مانگان دا لە سێدارە دران. رۆژی ١٢ی جۆزەردان كە ڕۆژی لەسێدرەدانی ٥٩ گیانبەختكردۆكەیە لە ڕاستیدا بووەتە ڕۆژی یادكردنەوەی هەموو ئەو ئازیزانەی كە لەو ماوەیە دا لە لایەن كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامیەوە لە سێدارە دراون.

*** سەقز**

ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٦٢ ١٧ لاوی شاری سەقز ١١كوڕ و شش كچ تیرباران كران. كە ناوی ١٣لەو نەمرانە بوم شێوەیە:
شوعلە ئیبراهیمی ئایچی، سەعادەت كەریمیان، وەحیدە وەحیدی، فاتیمە جەمشیدی، مەهین عەبدوولازادە، كولسوم حوسینی، مەنسور محەمەدی، بارزان فەتحولانەژاد، محەمەد حاجی محەمەد، محەمەد كەریمی، خالید حەلیمە، عەتا مینایی، لالە ئیبراهیم و جەماڵ

*** ژنان و مــنالان**

ڕێژەی لە سێدارەدراوانی منالان و ژنان لە میانەی ساڵەكانی ١٣٦٠ هەتا ١٣٦٧ « ٣٢٠٠ « كەسە.
لە نیوان تەواوی ئێعدامەكانی كۆماری ئیسلامیدا لە میانەی سالەكانی ١٣٦٠ هەتا دوایی ناوێك بەرچاودەكەوی كە بە تەنیا ڕادەی درەندەیی كۆماری ئیسلامی و دەسەلاتدارانی نیشان دەدات. لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە كەم تەمەن ترین لە سێدارەدراوی ئەو دەورانە یانی «نەفیسە ئەشرەف جیهانی» تەمەن دەساڵە بكەین كە ناوی لە نێو ژنانی لە سێدارەدرودا بە رچاو دەكەوێ . تاوانی ئەم منالە دژایەتی لەگەڵ خوداو ئایینی ئیسلامدا بووە.
لە تەنیشت ناوەكەی « نەفیسە» منالانێكی تریش بەرچاودەكەون كە جەلادانی كۆماری ئیسلامی بە تاوانی ئینسان بوون تیرەبارانی كردون . ناوەكان بریتین لە :
مەریەمی ئەسەدی ١١ ساڵە ، ئەفسانە فارابی ١٢ ساڵە ، فاتمەجەبارزادەی ئەنساری ، شەهلا قوربانی و فاتمە ساجیدی ١٣ تا ١٥ سالان .

* بەهاییەكان

یـــان بـــوون بە مـــوسلمان یـــان خـــۆ مـــــــــردن ...!

٢٨ی مانگی جۆزەردانی سالی ١٣٦٢ وەبیر هێنەرەوەی یەكێك لەو جەنایەتە سامناكانەیە كە لە دەورانی حاكمیەتی كۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوەچووە. لەم ڕۆژەدا ڕژیمی كۆماری ئیسلامی دەستی دایە جەنایەتێك كە ئاسەوار و بەڵگەكانی تا ئیستاش ڕادەیەكی زۆر لە خۆی وەحشەگەری كاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی نیشان ئەدات. لەم رۆژەدا ١٠ ژن و منالی بێتاوانی بەهایی بە هۆی جیایی ئاییتیان لە مەیدانی « چۆگان»ی شاری شیراز بێ بەزەیانە لە سێدارە دران . ئەم ژن و مندالانە تەنیا تاوانایان ئەوەبوو كە نەیان دەویست بێنە سەر ئایینی ئیسلام و دەس لە ئایین و بیروباوری خۆیان هەڵگرن.
لەوەها ڕۆژێك دا و لەناو دڵی شارێكدا ١٠ ژن و منال لە هەناسە لێدان كەوتن. لەسێدارەدراوەكان بریتیبون لە:
١- مـــۆنا مەحموود نیژاد تەمەن ١٧ ساڵە
٢- رۆیا ئەشرافـــی ٢٣ ساڵە . خۆیندكاری دەركراوی ریشتەی پزیشكی ٣- ئەخـــتەر سابێت ٢٥ ساله لیسانسی پرەستاری ٤- سیمین سابیری ٢٥ ساڵە ٥- شـــیرین دالـــــوەند ٢٦ساڵە رشتەی كۆمەلناسی ٦- مەشهەد نیرومەند ٢٨ساله و لیسانسی میتافیزیك ٧- زەرین موقیمی ٣٩ساڵە لیسانسی



زمانی ئینگلیسی ٨- تاهیـــرە ئەرجەمەند ٣٠ ساڵە لیسانسی پەرەستاری ٩- نـــوسرەت غــەفـــرانی ٤٦ ساڵە . پیویستە بوترێ كە بەداخەوە (كورەكەی بە ناوی بەهـــرام یەلدایی)یش دوو رۆژ پێش خۆی لە سێدارە درابوو.
١٠- عیـــزەت جـــانمی ٥٨ ساڵە. مۆنا مـــەحموود نیژادی تەمەن ١٧ ساڵە ، لاوترینی ناوئەو پـــۆلە مرۆڤە بێتاوانەیە كە ئەویش سی مانگ پێش لە سێدارەدرانی، باوكیشی هەرسەر ئایینی بەهایی لە سێدارە درا.

* بە گشتی ئامارەكان ئاماژە بە لە سێدارە دانی « ١٤٧٩٤ « كەس لە میانەی ساڵەكانی ١٣٦٠ هەتا سالی ١٣٦٤ دا دەكەن .
لە پاش ئەو سالانەش ماشێنی كوشتاری كوماری ئیسلامی نەوەستاو دوای سالی ١٣٦٤یش جوغەكانی ءئێعدام بەردوام بوون. بە پێی ڕاپۆرتەكان لە ساڵەكانی ٦٥و٦٦ « ١٤٥٦» كەس لەسێدارە دراون كە زۆربەی هەرەزۆریان لە زیندانیانی سیاسی و سەر بە نەیارانی كۆماری ئیسلامی بوون .

* كوشتاری ٦٧ لاپەڕەیەكی كەم وێنە لە تاوانەكانی كۆماری ئیسلامیدا

٣٢ ساڵ لەوەپێش لە مانگەكانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ دا ڕژیمی كۆماری ئیسلامی جارێكی تر دەستی دایە جەنایەتێك كە تا بە ئەمرۆش ئاسەوارەكانی لە سەرجەستەی هەموو كۆمەلگا قورسایی دەكات. خومەینی و ڕاوێژكارە سەرەكیەكانی ڕەفسەنجانی، خامنەیی كە نیگەرانی پەرەگرتنی ناڕەزایەتی خەڵكی ئێران دوای شكستی زەلیلانەی لە شەڕی كۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق بوون بە ئامانجی ترساندنی خەڵكی وەگیان هاتو لە شەڕ و فەلاكەتی ئابووری، بۆ كوشتاری زیندانیان بەرنامەیان دانا.
پرۆژەی كوشتنی بەكۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەكانی ئێران لە ڕۆژی هەینی ٢٨ ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٧ تەنیا رۆژێك دوای بە سەرەوە نانی جامی ژەهری قەبوڵ كردنی ئاتەش بەس لە شەڕی كۆنەپەرستانەی ئێران و عێڕاقدا، لەسەر بنەمای فەرمانی خومەینی دەستی پێكرد. لەم ڕۆژەدا پێوەندی زیندانە سەرەكیەكانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تەواوەتی پچڕا و لە ماوەی نزیكەی دوو مانگدا جەنایەتێك قەوما كە لە جۆری خۆیدا بێ وێنە بوو وە كۆمەڵگای ئێرانی تا ساڵانێك نوقمی پەژارەیەكی مەرگبار كرد.
ئەوان بەرنامەدارێژراو بوون و ئاگاهانە بریاریاندا شایی و شور و شەوقی خەڵك بۆ كۆتایی هاتنی شەر بكەنە ماتەمین، بەلام بیانویەكیان بۆ پاساوی كوشتاری خەڵك لە كولان و شەقامەكان نەبوو. سەرانی كۆماری ئیسلامی كە بە وتەی خۆیان، حكومەتەكەیان بەرهەمی سەركەوتنی خوێن بە سەر شمشێر دا بوو، بریاریان دا تا تولەی شكست لە شەر لە خەڵكی ئێران بكەنەوە. ئەوان بۆ درێژەی دەسەلاتی خۆیان پێویستیان بەوە بوو هەرچی زیاتر خوێن برێژن و ئەمجاریش وەكوو ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ شمشێری ژاراوی خۆیان لە زیندانەكان و لەدژی زیندانیانی سیاسی خستە كار. لە روانگەی دەسەلاتدارانی ئێرانەوە گونجاوترین و بێ دەنگ ترین شوێن تەنیا زیندانەكان بوون كە بە هەزاران ئینسانی خەباتكار و لە هەمان حاڵ دا بێ دیفاع لە پشت میلەكانی ئاسنینی ئەم زیندانانە بەند كرابوون.
خومەینی بە پێك هێنانی كومیتەیەك بریتی لە "نەیێری" قازی شەرع، "ئەشراقی" دادستانی تاران و "موسەوی ئەردەبیلی" دادستانی گشتی تاران و بە دەركردنی فتوای مەزهەبی فەرمانی كوشتاری بە هەزاران زیندانی سیاسی دەركرد. دوای دەركردنی ئەم فتوایە جینایتكارانی پیشەیی وەك "لاجەوەردی" و "داوودی" و دەیان جینایەتكاری دیكە زیندانەكانی بۆ رێبەری كۆماری ئیسلامی كردە مەیدانی شەرێكی یەك لایەنە و شكست لە بەرەی شەریان لە زیندانەكان و بە دوور لە چاوی خەڵك كرد بە سەركەوتن بۆ ئیسلام. سێدارەكان بەرپا كران و خەباتكارانی ئازادیخواز بە وتنی "نا" بە جەلادانی رژیم لەسێدارەدران و سەرشوڕی مێژوویان بۆ جەلادانی كۆماری ئیسلامی بەجێهێشت. بە هەزاران زیندانی خەباتكار و خۆراگر ئێعدام كران، بەلام لە بەرانبەر جینایەتكارانی ئیسلامی دا سەریان دانەنواند. هەواڵی ئەم جینایەتە لە رادیو و تەلەویزیون و راگەیەنەرەكان دا بلاو نەكرایەوە و خومەینی و هاوكارەكانی لەسەر ئەو باوەڕە بوون كە دەتوانن قفلی دیكتاتوری بۆ هەتاهەتایی لە سەر دەمی كۆمەڵگا بدەن. تەرمی قوربانیانی ئەم جینایەتە بە نەهێنی لە خاوەرانی تاران، دارالرەحمەی شیراز، باغی رێزوانی ئیسفەهان، حەوشەی بەناو دادگای ئینقلابی سنە و دەیان شوێنی دیكە بە خاك سپێردران. ناوی گۆڕستانی ئەم ئازیزانەیان كرد بە "لەعنەت ئاوا" تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان خەڵك دووری لێبگرن. بەلام ئەم گۆڕستانانە دەستبەجێ بوونە شوێنی ئازیزانی لەبیرنەكراو و بە دڵنیایەوە لە داهاتوودا دەبێتە شوێنی بە یەك گەیشتنەوەی ئەویندارانی رێگای رزگاری مروڤ.
لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ دا كوشتاری زیندانیانی سیاسی لە زیندانەكانی كۆماری ئیسلامی گەیشتە ئەوپەری خۆی. كوشتارێك كە لە ئەوەڵی مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵەوە بە فەرمانی خومەینی لە زیندانەكانی رژیم دەستی پێی كردوبوو لە مانگی خەرمانان توند تر و خێراتر بووە. ئەگەر لە مانگی گەلاوێژ دا كومیتەی بەرێوەبەری فەرمانی خومەینی ئەولەویتی خۆی كوشتاری زیندانیانی موجاهێد دانابوو ئەم جار ئینسان كوژان كوشتاری زیندانیانی كومونیستیان خستە ئەولەویتی خۆیانەوە. زورێك لە قوربانیانی ئەم كوشتارە دەورەی زیندانی خۆیان تێپەر كردبوو و چاوەڕوانی ئازادی بوون. هۆكاری دەست بە سەر كرانی زورێك لەم قوربانیانە روون نەبوو و چاوەڕوانی بە ناو زانینی تاوانەكانیان بوون. لە دەرەوەی زیندانەكان رووداوێكی گرینگ رووی دا بوو و شەری مالوێرانكەری ئێران و عێراق بە لایەنی بەربلاوی خەسارەتی ئینسانی و زەرەر و زیانی گەورەی ئابووری و مالی كە ببوە هۆی وێران بوونی شارەكان و شوێنەكانی ژیانی خەڵك لە هەر دوو ولات بە شكستی كۆماری ئیسلامی كوتایی پێ هاتبوو.

ژمارەیەكی زۆر كەم لە هاوسەنگەرانی قوربانیانی جینایەتی هاوینی ساڵی ٦٧ كە لەو كوشتارە بەكۆمەڵە رزگاریان بووە لە بیرەوەریەكانی خۆیان دا بەشێك لە كردەوەی دڕندانەی جینایەتكاران و زیندانیانی بێ دیفاعیان بۆ بیروڕای گشتی گێڕایەوە. بەلام هێشتا ئەمەش گشت واقعیەتەكە نییە. هێشتا بەشێكی گەورە لە واقعیەتەكانی ئەم جینایەتە لە خەڵك شاردرایەوە .زۆرێك لە بڕیاردەران و بەرێوەبەرانی ئەم جینایەتە، لە دادستانی گشتیەوە تا سەرۆكی دادگاكان و باقی جینایەتكارانێك كە لە كارەساتی كوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ ئامرازی بەهێزی خومەینی لە شەر لەدژی زیندانیانی بێ دیفاع بوون، چەند ساڵ دواتر جل و بەرگی ئیسلاح خوازانی حكومەتیان لەبەر كرد و بۆ رزگار كردنی كەشتی قەیران لێدراوی حكومەتی ئیسلامی وەخۆ كەوتن و ئەمجارە كەشتی ئەوانیش لە ناو هەرگدا گیرسا.

**كۆتایی بەشی یەكەم**

DwaRoj
ژماره (٩٣) ساڵی هەشتەم، ٢٠٢٠/٠٨/٠١
Dwaroj@komala.com
سەرنووسەر:
ڕەزا کەعبی
بەڕێوەبەری نووسین و دیزاین:
مێمن بایەزیدپوور
ئێدیت و پێداچوونەوە:
محەممەد فەرهادزادە
Dwaroj@komala.com
بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj@komala.com

# کۆماری ئیسلامیی سێدارە،
## لانیکەم هەشت هەزار لە سێدارەدان لە ماوەی بیست ساڵدا

**محەممەد ئەمینییان**

سوود وەرگرتن لە سێدارە بۆ ((زۆرترین سەرکووتکرن)) پێشینەیێکی دوورودرێژی لە مێژووی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. دادگای پارێزگای ورمێ سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕ، چەند کاتژمێرێک پاش لە سێدارەدانی دوو بەندکراوی کورد (سابیر شێخ عبدالله و دیاکۆ ڕەسوڵزادە)، لە ڕاگەیەندراوێکدا نوسیویەتی کە ((سیاسەتی ڕەسمی سیستەمی دادوەری بە گشتی لە ماوەی گۆڕانکارییەکانی، بەرخوردێکی نەگۆڕە و ئامۆژگاریکەرە)). ماوەی گۆڕانکاری ئاماژە بەپێی ئەو بەرنامەی گۆڕانکاری دادوەرییەیە کە لە ڕەشەمەی ساڵی ٩٧ لە دوای دامەزراندی «ابراهیم رئیسی» وەکوو سەرۆکی دەزگای دادوەری ئێران باسی لێکرا. لە ماوەی یەک ساڵ و نیوەی کە لە سەرۆکایەتی ابراهیم رئیسی تێدەپەڕێت، ئەگەرچی سەرنجی لایەنگرەکانی لەسەر ((دژایەتی گەندەڵی)) وەکوو تایبەتمەندی گۆڕانکاری لە دادوەریدا بووە، بەڵام دەرکردنی حوکمی بەربڵاوی سێدارە ئاماژە بەوە دەکات کە تایبەتمەندی گۆڕانکاری دادوەری لە ماوەی ابراهیم رئیسی، سەرکووتکردنە. کەڵک وەرگرتن لە سێدارە بۆ ((زۆرترین سەرکووتکرن)) پێشینەیێکی دوورودرێژی لە مێژووی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە.
بەپێی ڕاپۆرتەکانی بڵاوکراوە لە لایەن دوو ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران دەریدەخات کە لە ماوەی بیست ساڵ، لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٩، هەشت هەزار و حەفتاو یەک کەس لە گرتووخانەکانی ئێران وە یان بە ئاشکرا لە بەرچاوی خەڵک لە سێدارە دراون. هەروەها ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران باس لە جیبەجێکردنی ٦٠٠ حوکمی سێدارە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٣ دەکات. ئامارە تۆمار کراوەکان لەماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٩ بە پێی ڕاپۆرتی ڕیکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران ئەم ئامار و ژمارانە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئێران هەروەها لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدا بێت کە زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدانیان هەبووە، بە شێوەیەک لە لە ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ((کۆماری سێدارە)) ناوبانگی پەیدا کردووە. لە ئێستادا تەنها ٢٠ وڵات لە جیهاندا، بۆ سزای تاوانباران و بەدکاران، حوکمی سێدارە دەردەکەن و جێبەجێی دەکەن. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە لە مانگی گوڵانی ساڵی ٩٩ بڵاوکراوەتەوە، ئێران بەرپرسیاری زیاتر لە یەک لەسەر سێی ئەو سێدارانەیە کە لە جیهاندا تۆمار کراوە و لە دوای چین لە پلەی دووەمدایە. هاوبەشی کۆنی ئێران لەگەڵ چین لەم پلەیەدا لە کاتێکدایە کە ڕێکخراوی مافی مرۆز چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە ئاماری لە سێدارە دان لە ئێران زۆر زیاتر لەم ژمارانەیە کە تۆمار کراون. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێکخراوەکای مافی مرۆڤ لە ئێران، نووسینگە و هێزی بۆ بەدواداچوونی



هەواڵەکان نییە، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٠ هەروەها لەبەر نەبوونی ڕێکخراوگەلێکی وەکوو تۆڕی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنەکان، زۆرینەی هەوالەکانی پەیوەندیدار بە سێدارە و بەندکردن کاردانەوەییێکی ئەوتۆی لە دەرەوەی ولات نەبوو، ئەگەرچی بەشێکی گرینگ لە سێدارەدانەکان لە دوو دەیەی ڕابردوو کە لە ئێران ئەنجام دراوە، پەیوەندی بە قاچاخی مادده هۆشبەرەکانەوە بووە، بەڵام سەرنجدان لە ڕابردووی بەشێک لە حوکمەکان ئاماژە بەوە دەکات کە کەڵک وەرگرتن لە سێدارە بۆ سەرکوتکردن، فەرمانێکی ڕەسمی و ئەمنییەتی دەزگای دادوەری ئێران بووە. لە دیارترین دەورانەکانی سێدارە لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ٦٧ کە لە یادەوەرییەکای حسینعلی منت×ری لە ماوەیێکی کورتدا زیاتر لە ٣٨٠٠ نەفەر بە دەنگی دەستەی دادوەری کە ابراهیم رئیسیش لەوێدا ئەندام بووە، لە سێدارە دراون. یەکێکیتر لەو دەورانی سەرکووتکردنانە دەتوانین ئاماژە بە هاوینی ساڵی ٨٨ وە لە ڕەوتی سەرکوتکردنکانی دوای هەڵبژاردنەکان بکەین کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ماوەیً ٥٠ ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان، لانیکەم ١١٥ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون. لەم ڕوانگەیەوە ئەو کاتانەی کە هەواڵەکانی سێدارە لە ئێران بۆ زۆرترین ئاستی خۆی دەگات، زۆر کەس چاودێرای هەواڵەکانی چوار دەیەی ڕابردوویان کردووە، نیشاندەری پەیامی سیاسی ئامانجداری دەزگای دادوەری و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییە. زیاتر لەم بارەیەوە: فەرمانی خامنەیی سەبارەت بە ناڕەزاییەکانی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، ڕەئفەتی ئیسلامی یان سێدارە؟ بۆ نموونە تەئیدی سزای سێدارە سێ هاوڵاتی کە لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ بەشدار بوون، پلانی ئاژاوەچێتی دژی هەشت کەس لە ناڕازاییەکان لە ئیسفەهان، پلانی تۆمەتی محاربە دژی چەند ناڕازییەکیتر لە ئیسلامشەهر کە لەوانەیە سزای سێدارە بۆ ئەو کەسانە دەربکرێت، بە ڕوونی دەریدەخات کە دەزگای دادوەری و ئەمنییەتی بۆ گەیاندنی پەیامی سەرکوتگەری بۆ کۆمەڵگا و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە سێدارە کەڵک وەردەگرن.

ئەم شێوازی کارە لە ئاستی پارێزگاکانیشدا کاری پێکراوە کە دوایین نموونەی لە پارێزگای کوردستاندا ڕوویداوە. بە پێی ڕاپۆرتێک کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لەم ساڵدا ١٣ هاوڵاتی کورد لە گرتووخانەکانی پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران لە سێدارە دراون، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە درێژایی مانگەکانی ژانویە، فوریە و مارسی ئەمساڵ ١٢ کەس لە هاوڵاتییانی کورد لە گرتووخانەکاندا لەسێدارە دراون. زیاد بوونی ڕێژەی لە سێدارەدانەکان لە ماوەی یەک مانگدا لەگەڵ ڕاپەڕینی گرتووخانەی سەقز هاوکات بوو، کە بووە هۆی دەرباز بووی ٧٤ بەندکراو. دوای ئەم ڕووداوە، بەرپرسانی دادوەری، دوای دەستگیرکردنەوەی ئەو بەندکراوانەی کە ڕایانکردبوو وە یەکێک لەوانە ((مستەفا سەلیمی)) بوو کە لە سێدارە درا، بەڵام لە ڕوانگەی بەرپرسانی دادوەری و ئەمنییەتی پەیامی پێویست بۆ ئاشکراکردنی ئیرادەی سەرکوتکردن نەبوو و لە هەمان مانگدا ڕێژەی لەسێدارە دانی بەندکراوای کورد لە گرتووخانەکانیتریشدا زۆرترین ئاستی بووە. شەپۆلی هەواڵەکانی سێدارە کە لەم ڕۆژانەی دواییدا کەشێکی سیاسی و مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێراندا پێکهێناوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە زیاتر بەرچاوە. دەزگای دادوەری دەیهەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە وەڵامی یەکەم و کۆتایی بە ناڕەزایەتی و نافەرمانی لەسێدارەدانە، چ ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە خەزەلوەری ساڵی ٩٨ یان لە بەفرانباری ساڵی ٩٦ یان هاوینی ساڵی ٨٨ ڕوویداوە و چ ئەو ناڕەزایەتییانەی کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا ڕووبدات. لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا سێدارە هەم وەکوو شێوازی چارەسەر بووە و هەم وەکوو ڕێگەیەکی بەرگریکردن. لە ڕوانگەی بەرپرسانی ڕژێمەوە چ بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و چ بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، یەک ڕێگەچارە بۆ هەموو کێشەکان هەیە: سێدارە

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

# شێعر

**مامۆستا شێرکۆ بێکەس**

ئەی شیعری جوان!

ماڵەکەمان گەر ئەتەوێ پێبزانی
ناونیشانم داوەتە دەست (با) یەکی وێڵ
کە تەنیایی ژن شەقامی و
کە زریکەی ژن گەڕەکی و
کە تەمتومانیش ماڵێتی!
تۆ ئەم (با) یە چۆن ئەبینی؟ و
چۆن ئەیروێنی و یان لە کوێ ئەیدۆزیتەوە؟
من نازانم ئەی شیعری جوان!
ماڵەکەمان هەموو لە غەدری مەڕمەڕە
لە کۆنکرێتی نێرینە و لە شێلمانی ئەمری
ئەوان!
شووشەبەندی ماڵەکەمان، ئاوێنەکان و
گوڵدان و
فەغفوریەکان هەمووی ژنە!
ئەی شیعری جوان!
ماڵەکەمان ژووری میوان هەر لە تەختەی
جەستەی پیاوە و
پێپلیکەکان، کلیلەکان و قفڵەکان هەمووی
هەر پیاو
ژوورەکەی منیش شیعری جوان!
لە ئەرزەوە هەتا بنمیچ
لە غەزەبی ڕیشی باوکم دروست بووە و
لەتووڕەبوونی سمێڵی براکانم و
لە چەوولمی تەشەری خاڵ و مام و
لە بلۆکی سەرزەنشتی هەموو خزمان!
ئەی شیعری جوان!
لەبەر ئەوەی من شیعری مێم
ماڵەکەمان هەمووی چاوە
لە دیوارەوە بۆ دەرگا و بۆ پەنجەرە و
بۆ حەمام و بۆ توالێت
زەق زەق. زەق زەق
هەمووی چاوە
لەم ماڵەدا چەند بگەڕێی لەهەر جێیە
لە حەوشەوە بۆ داڵان و تا هەورەبان
ئەوەی نییە خۆرەتاوی بیر و مێشکە و
ئەوەی لەم ماڵەدا نییە گوێیە!
ئەی شیعری جوان!
نە با بیینە و نە کەس و هەرگیز و قەت
مەیە بۆ لام
من حەزناکەم لەم ماڵەدا
تۆ بیینم بەشکاوی وەکوو شووشەبەندی دڵم
تۆ بیینم بە ژاکاوی وەکوو ڕۆحم و
تۆ بیینم بە تۆراوی وەکوو لەشم
ئەی شیعری جوان!